# گۆڤاری گیرفان


وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە

کۆمەڵێک روناکبیر لەگەرمیاندا دەریدەکەن

ژمارە (١٠) ساڵی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٠٨



خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر

مەلا تەحسین گەرمیانی

ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)

E-mail: malatahsen@yahoo.com

بەڕێوەبەری نوسین

ئومێد بەرزان برزۆ

ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢)

دەستەی نوسەران

پەخشان محمد    سامان کەریم

کەریم ئەحمەد تایشەیی

ستافی وەرگێڕان

رەحمان عەلی

عومەر عەبدولکەریم قادر

ماڵپەڕی ئینتەرنێت:

www.dengekan.com

E-mail:

govarigirfan@yahoo.com

ناونیشان:

کەلار - کتێبخانەی بێدار



دیزاین و چاپ:

چاپخانەی رەهەند

سلێمانی-شەقامی مەولەوی

بازاڕی بەرهەم (٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣)


## گۆڤاری گیرفان

### لەم کتێبخانانە دەست دەکەوێ:

**سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی-کتێبخانەی شەعب-خانەی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی)

**کەلار** (کتێبخانەی بێدار-کتێبخانەی خاک-کتێبخانەی بەمۆ-کتێبخانەی نالی)

**کفری** (کتێبخانەو پەڕاوگەی ئاری)

**دەربەندیخان** (کتێبخانەی رەسەن)

**هەڵەبجەی شەهید** (خانەی کتێبی هەڵەبجە)

**هەولێر** (کتێبخانەی خەیام)

**سۆران** (کتێبخانەی سۆران)

**سەیدسادق** (کتێبخانەی رێبین)

*　*　*　*

## پۆزش

**داوای لێبوردن لە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە لە ژمارەی (٩)ی پێشودا نوسرابو (ساڵی دووەم)، بەڵام ڕاستییەکەی (ساڵی سێهەمە).**

## پێڕست


- چیرۆکی رۆحێکی کڵۆڵ.. گۆران: ٤٥ ساڵ دوای مردنی

نووسینی: فەرهاد شاکەلی ..... ٥

- رۆڵی گروپی روانگە لەنوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا

نووسینی: د.عادل گەرمیانی ..... ٢٤

- (فیمینیزم) بونگەرایی ئافرەتی کوردو ئاستی شۆڕشگێڕی بیر

نووسینی: د.فاروق نەقشبەندی ..... ٢٧

- ژن لەبیری مەلایەکی کورد پەروەردا

نووسینی: مەلا ئیدریس ژاڵەیی ..... ٣٧

- کام شەوقی؟

ئامادەکردنی: ساڵح هەلاج ..... ٤٣

- دامودەزگاکانی بیرورا لەئەمریکا

نووسینی: ئاسۆ وەهاب ..... ٥٣

- نیهلیسیزم

نووسینی: ئارام مەلا نوری ..... ٦١

- ماکس وێبەر

وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە: هۆشیار عومەر ..... ٦٨

- لێکدانەوەیەک بۆ چەمکی رۆشنبیری

نووسینی: کەریم ئەحمەد تایشەیی ..... ٧٤

- تەنیایی وەک غەریزەو عەشقیش دوا چارەسەر

نووسینی: ئاری عوسمان خەیات ..... ٨٤

- ڕەوشتەکانی پیشەو مافەکانی کەسایەتی بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان

وەرگێرانی لەعەرەبییەوە: رەحمان علی ..... ٨٩

- چۆن لەدڵی مرۆڤەکاندا جێگای خۆمان بکەینەوە؟

نووسینی: عومەر عەبدولکەریم قادر ..... ١٠٤

- باخاتوو شانازی ئەردەڵان بناسین

نووسینی: ئامینە رەشید ..... ١٠٩

- من رقم لەجەژنە!

ئامادەکردنی: باوکی پەیڤین ..... ١١٢

- گەردون لەنێوان دایك و رۆڵەدا..

نووسینی: زانای خەیام ..... ١١٥

- دڵەڕاوکێ

وەرگێڕانی: عادل عەبدوڵڵا عەلی ..... ١٢٣

- چۆن لەگەڵ دەزگیرانەکەماندا دەربارەی هاوسەرگیری قسە بکەین؟

وەرگێڕانی: عومەر عەبدولکەریم قادر ..... ١٢٩

- تابلۆ دەبێتە تابلۆی گۆڤاری گیرفان

ئامادەکردنی: دەشتی ئەنوەر ..... ١٣٨

- بۆ زانیاری

ئامادەکردنی: باوکی سۆز ..... ١٤٣

- خوێندنەوەیەك بۆ چەند کتێبێك

خوێندنەوەی: گۆڤاری گیرفان ..... ١٤٦

- فائق و ویژدان..

نووسینی: سەرنوسەر ..... ١٥٢

# چیرۆکی ڕۆحێکی کڵۆڵ،

## گۆران: ٤٥ ساڵ دوای مردنی

**فەرهاد شاکەلی**


فەرهاد شاکەلی

ڕەنگە ئاسانترین و سادەترین پێشکەشکردنی مامۆستا گۆران ئەوە بێت بڵێین شاعیرێکی کوردە، بە ڕێبەری تازەکردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت، ساڵی ١٩٠٤ یا ١٩٠٥ لە دایک بووە و لە ١٨-١١-١٩٦٢دا بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە. ئەمە ئەو زانیارییە گشتییەیە کە ڕەنگە بەکورتی لە ئینسیکلۆپێدیایەکدا بنووسرێت. دیارە لەنێوان ئەو




گۆران

دوو مێژووەدا نزیکەی ٥٧ یا ٥٨ ساڵ تەمەن و دنیایەکی پانوپۆڕ و ڕەنگین و قووڵ و فراوانی بیر و شیعر و داهێنان و خەیاڵ و تاسە و نیگەرانی هەیە.

بەڕاستی من ئەو پێشکەشکردنە سادە و ساکارە بە بناخەیەک دانانێم ژیان و تێگەیشتنی شاعیرێکی گەورەی وەک گۆرانی لەسەر هەڵچنرێت. دەبێ ژیانی گۆران بە شێوەیەکی دیکە لێک بدرێتەوە. لێکدانەوە و باسکردنی ژیانی گۆران بێ بەستنەوەی ئەو زانیارییانە بە ژیانی هونەرمەندانە و داهێنەرانەی گۆرانەوە دەیکاتە تێکستێکی بیۆگرافیی بێگیان. لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو لەیەکدابڕینەی ژیان و هونەری گۆران شیعرەکانیشی دەکاتە کۆمەڵە تێکستێکی بێبنج و بێڕەگوڕیشە.



زۆر کەس لەبارەی ژیانی گۆرانەوە وتار و کتێبیان نووسیوە، بەڵام کەس نەهاتووە ئەو دوو لایەنە گرنگەی کەسایەتیی ئەو پێکەوە گرێ بدات و کارکردیان لە یەکدی بدۆزێتەوە و ڕوون بکاتەوە. ڕەنگە بکرێ لە ژیانی گۆراندا کۆمەڵە ڕووداوێکی گرنگ و چەند قۆناغێک دەستنیشان بکرێن وەک نیشانەی سەرەڕێگای گەشتێکی دوورودرێژ. هەڵبژاردنی ڕووداو و قۆناغ دەبێ بەو مەبەستە بێت نوختە گەوهەرییەکانی ژیان و هونەری گۆران دەربکەون و ببنە پەڕەی کەتەلۆگێک بۆ ناسینی ڕاستەقینەی گۆران وەک تاکەکەسێکی داهێنەر و هۆشیار، بۆ تێگەیشتن لە پلە جیاوازەکانی ئەو پرۆسێسی گەشەکردنەی کە لە ئەنجامدا هونەرمەندێک و مرۆڤێک و خەباتکارێکی لێ دەرچوو، ئەمڕۆ پێی دەڵێین گۆران. ئەوەی لەو هونەرمەند و مرۆڤ و خەباتکارە بە جێ ماوە گەنجینەیەکی بەنرخە و بەشێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و شارستانەتیی نەتەوەی کوردە.

من نامەوێ لەم دەرفەتە کورت و سنووردارەدا سەرلەبەری ئەو سامانە گەورە و پرشنگدارە بخوێنمەوە و پێدا بچمەوە، چونکە، تەنانەت ئەگەریش بمەوێت، هەر ناکرێت. بەڵام هەوڵ دەدەم دوو سێ لایەنی لێ هەڵبژێرم و وەک خولقێنەر و بناخەی گیانی هونەرمەندانەی گۆران لێیان ورد ببمەوە.

گۆران لە ماڵێکی خوێندەوار و شیعرناس و فەرهەنگدۆستدا لە دایک بووە. لە ناوچەی هەڵەبجەی کوردستانی خوارووداگەورە بووە. بێجگە لە زمانە کوردییەکەی خۆی، یەکەم زمانی خوێندن و فێربوونی، زمانی فارسی بووە. دواتر، چەند ساڵێک لەوەوپاش، فێری تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی بووە. ئەمە نیشانەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی لە هەستی زمانەوانی و



زمانپاراویی گۆران تێبگەین. تورکیزانینی گۆران هۆیەکی گرنگ بوو کە ئەدەبییاتی تازەی ئەو سەردەمەی تورک بناسێت، بەتایبەت شاعیرێکی وەک تەوفیق فیکرەت (١٨٦٧-١٩١٥). ئێستا کارکردی شیعر و شێوازی فیکرەت لەسەر گۆران بە بەڵگە و ئاشکراتر دەرکەوتووە. هەر لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە گۆران ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەدەبییاتی تازەی ئەورووپایشدا پەیدا کردووە، ئەگەرچی پێم وایە ئاشنایەتییەکی تەنک و سەراوی بووە.

هەر لەم بوارەدا دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە گۆران وەک وەرگێڕێکیش زۆر بە وریایی سوودی لەم پاشخانە زمانەوانییەی خۆی وەرگرتووە. ئێمە کاتێ چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانی گۆران دەخوێنینەوە، بۆ نموونە *شازادەی بەختیاری* ئۆسکار وایڵد (١٨٥٤-١٩٠٠)، هەست دەکەین بێ زۆرلەخۆکردن کۆمەڵێ ناو و زاراوەی داهێناون و تێکەڵی تێکستەکانی کردوون. لەو شیعرانەیشدا کە کردوونی بە کوردی، بەڕاستی کارەکەی گۆران تەنیا وەرگێڕان نییە، تەنیا تەرجەمە نییە، بەڵکە کورداندنی تێکستەکانە. شیعرێکی وەک (*قەیسی شەهید*)، کە ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کردووە، تۆ کە دەیخوێنیتەوە هەست ناکەیت ئەمە لە زمانێکی ترەوە کراوەتە کوردی. تەنانەت ئەو شیعرانەیش کە بەسەر دوو زمان یا ڕەنگە سێ زماندا گەیشتبێتنە گۆران، ئەوەندە جوان کورداندوونی کە هەر وا دەزانیت شیعری گۆرانن، ئەگەر بیر لە ناوەڕۆکەکانیان نەکەیتەوە.

ئەم بەهرەیەی گۆران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زیاتر دەدرەوشێتەوە، کە دەزانین زمانی کوردی تووشی چ قەیرانێک بووە لە هەموو بوارەکاندا. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا

ژمارەی نووسەران و کوردینووسان بە ڕادەیەکی سەرسووڕهێن هەڵکشاوە و دەتوانین وای دابنێین ٤٠٠% تووشی ئاوسان بووە. بەڵام بەرانبەر بەوەیش ژمارەی کوردیزانان، ئەوانەی کە کوردییەکی ڕاست و جوان دەنووسن، بە جۆرێکی ترسناک دابەزیوە و دەکرێ بێ دوودڵی بڵێین بەپێی ژمارەی نووسەرانی ئەمڕۆ بە ڕێژەی ٩٠% و بگرە زۆرتریش داویەتی لە کەمی.

نیشانەیەکی گرنگی دیکە ڕەنگە پێوەندیی بە شێوەی فیزیکی و بەژن و باڵای گۆران خۆیەوە هەبێت. ئێمە ئەوە دەزانین گۆران پیاوێکی تا ڕادەیەک کورتەباڵا و لەڕ و لاواز بووە. وەک پاڵپێوەنەرێکی سایکۆلۆجی، ئەم لاوازی و کورتییە وای لە گۆران کردووە کە هەستی جوانناسی و جوانپەرستییەکەی شێوەیەکی تایبەت وەربگرێت. گۆران کە بیر لە ژنی نموونە دەکاتەوە، ژنێک کە سەرچاوەی عەشق و ئەوین و جوانی و شیعر، بەڵام هاوکات، لەوەیش گرنگتر، سەرچاوەی لەزەت و خۆشیی ڕۆحی و بەدەنی بێت، وێنەیەکی گشتلایەنە لە مێشکی خۆیدا دروست دەکات و هەوڵ دەدات هەمیشە هەموو فانتازی و خولیا و تاسەی خۆی لەو وێنە ئیدیالە نزیک بکاتەوە. ئەو وێنەیە ژنێکە کە بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێ وێنەی شیعری مرۆڤ دەتوانێت شێوەی بکات و بیناسێتەوە. [کام بەرزی ئەگا بە بەرزیی باڵای؟/ باڵابەرز و بچکۆلەپێ و ئیسکارپین/ بە باڵای بەرز، بە ئەندامی نەرم و شل و جوان/ لەرانەوەی لەشی زیوینی شۆڕەبیی کەڵەگەت]. ئەگەر بۆ وێنەی لەم بابەتە بگەڕێین، لە دیوانی گۆراندا دەیانی وامان بەرچاو دەکەوێت.

ئەزموونی دابڕانی شاعیرێکی وەک مام هێمن لە ژن، لە خۆشەویست، لە جوانیی لەشولار، ئەزموونێکی سەخت و



تاریکە و لە ئەزموونی گۆران زۆر جیاوازە، بەڵام کاتێ هێمن ئەو دابڕان و ئەو تاسەیە دەردەبڕێت، من وەک خوێنەرێک وێنەیەکی تایبەتی ژنم لە مێشکدا دروست نابێت. دەزانم تینووی لەشولاری ژنە، دەزانم تاسەی جوانییە ڕۆحی و ماددییەکانی ژن دەکات، بەڵام ژن لای هێمن، لە شیعرەکانیدا، نەک لە خەیاڵی خۆیدا، ئافەریدەیەکی بێقەوارە و بێڕەنگ و بێبۆنە. لێرەدا دەبێ ڕێگرێک، کۆسپێک، هەبێت کە دەستاوێژە هونەرییەکانی هێمن ناچار دەکات ئەو وێنەیەی لە فانتازی و خەیاڵی ویدا هەیە، بە جۆرێکی دیکە پێشکەش بکات، بە شێوەیەک پێشکەشی بکات لەگەڵ پێوەرە سیاسی و ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت. گۆرانیش، کە دواتر دەکەوێتە داوی ئیدیۆلۆگییەوە، ئەو بەربەستە بۆ خۆی دروست دەکات و فیلتەرێکی سووری ئاسنین بۆ هەستەکانی و تەنانەت بۆ کەرەستە هونەرییەکانی خۆیشی دادەنێت.

تەبیعەت (یا سرشت) ڕۆڵێکی یەکجار ناوەندیی لە شیعر و خەیاڵ و وێناندنی گۆراندا هەیە. لە هەموو ئەدەبی کوردیدا هیچ کەسێک هێندەی مەولەویی تاوەگۆزی و گۆران لەگەڵ تەبیعەتدا هاوئاهەنگ و تێکەڵاو و ئالوودە و شەیدا و مەست نەبووە. تەنانەت دوای گۆرانیش هیچ شاعیرێکی کورد نەیتوانیوە بەو شێوەیە هونەر و تەبیعەت تێکەڵاو بکات و تەبیعەت بکاتە سەرچاوەیەکی زیندوو و لەبننەهاتووی ئیلهام و بەهرە. بەڵام لەگەڵ ئەو هۆگرییەی تەبیعەتیشدا، گۆران تەبیعەتی لەبەر مرۆڤ، لەبەر ئینسان، خۆش ویستووە. ڕەنگە ڕاستتر ئەوە بێت بڵێین تەبیعەتی لەگەڵ ئینساندا خۆش ویستووە، سرشتی بۆ ئەوە ویستووە کە مرۆڤ، بەتایبەت مرۆڤی جوان، کە لای گۆران دەبێتە ژن، لەناویدا بژی و هونەرە ڕۆحی و



ماددییەکانی خۆی تێدا بنوێنێت.

کاتێ گۆران لە تەبیعەت نزیک دەبێتەوە، ئەم نزیکبوونەوەیە هەم هونەرییە و هەمیش ڕۆحی. مەولەوییش هەر وایە، ئەگەرچی مەولەوی لە گۆران زیاتر و هۆشیارانەتر ئەزموونی ڕۆحیی خۆی لەگەڵ کەرەستە هونەرییەکانیدا ئاوێتە دەکات. مەولەوی ئەزموونی ڕۆحیی خۆی دەخاتە قاڵبێکی فەلسەفییەوە. هۆیەکەیشی ڕوونە؛ مەولەوی سۆفی بووە و گۆران، هەر نەبێ سەردەمێکی ژیانی، کۆمونیست. بەڵام لە هیچ تێکستێکی گۆراندا من هەستم بەوە نەکردووە هەوڵی نزیکبوونەوەیەکی لێکسیکاڵ (فەرهەنگییانە)ی دابێت، بەو مەعنایەی هونەر و توانستە زمانەوانییەکانی خۆی پێشان بدات یا هەوڵی ئەوە بدات گەنجینەی زانیاریی زمانەوانیی خۆی تۆمار بکات، وەک ئەرکێکی هۆشیارانە و ڕووناکبیرانەی شاعیرێک. ئەرکێکی وەها، چەندە گرنگ و پێویست و پیرۆزیش بێت، هەرگیز لەگەڵ ناوەڕۆکی ئێستێتیکیی نەخشی مێژوویی شاعیردا ناگونجێت. ڕەنگە تۆمارکردنی گەنجینەی زانیاریی زمانەوانی دەرئەنجامێکی ناڕاستەوخۆی بەرهەمی شاعیر بێت، بەڵام کە بوو بە کردارێکی هۆشیارانەی نەخشەبۆکێشراو، شاعیر لە بازنەی هونەری و ئێستێتیکیی خۆی دوور دەکەوێتەوە و بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە کەسێکی زمانەوان و ئەکادێمی.

لەم ڕووەیشەوە دەکرێ بەراوردێک لەنێوان گۆران و هێمندا بکەین. هێمنیش وەک گۆران و وەک مەولەوی یەکجار هۆگری تەبیعەتە. ئەویش شەیدا و شیفتەی تەبیعەتی جوان و ڕەنگاوڕەنگی کوردستانە. بەڵام ئەو تەبیعەتەی هێمن لە بەشیکی زۆری شیعرەکانیدا وێنەی دەکێشێت، تەبیعەتێکی فەرهەنگی (قامووسی)یە و جوانیی تەبیعەت لای هێمن جوانیی



تابلۆیەکە. ئەو دێت لە شیعرێکدا ناوی دەیان گوڵ و گیا (مێلاقە، وەنەوشە، مەندۆک، خاو، کەما، سوێسن، بەیبوون، شلێر، هەڵز، بیزا، هەڵاڵە) و ناوی دەیان دیاردە و ڕوواڵەتی سەرما و با و بۆران (مژ، تەم، سۆڵ، سیخوار، سەهۆڵ، زریان، شەماڵ، کڕێوە، ڕنوو، بەفر، پڕووشە، کەرەسیسە، لەنگێزە...هتد) لە دووی یەکتر ڕیز دەکات. ئەمە ڕەنگە تۆمارکردنی وشەی جوان و ڕەسەنی کوردیی سەردەم و ناوچەی مامۆستا هێمن بێت. لەوانەیشە بوارێکی باش بێت بۆ خوێندکارێکی بێبەهرەی ئەکادێمی، بچێت لێی بکۆڵێتەوە و تێزی لەسەر بنووسێت، بەڵام شیعر نییە، یا هەر نەبێ، ئەگەر شیعریش بێت، شیعرێکی بێگیانە.

لایەنێکی، بە لای منەوە، یەکجار هونەرمەندانە و داهێنەرانەی گۆران ئەو خەم و ڕەشبینییە قووڵەیە کە لە چەند شیعرێکی کەمدا دەریبڕیوە. نە خەم و نیگەرانیی گۆران و نە ڕەشبینییەکەی، زادەی بیرێکی ساکاری ڕۆژانە نین. ئەو لە بازنەی بیرێکی فەلسەفی و وجوودیدا لە دەروبەری خۆی و لە لایەنە تەماوی و بێڕەنگەکانی ژیان ورد دەبێتەوە و بە دوای وەرامدا وێڵە. هەندێ جار هەر لە شێوەی پرسیارکردنەکەیدا تۆ دەزانیت ئەو دەیەوێت وەرامیشت پێ ڕابگەیێنێت، وەرامێک کە دیارە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ئەنجامی دەردکێشانێکی ڕۆحسووتێنە. من وای تێدەگەم بەشی زۆری ئەم شیعرانە، ڕەنگە هەموویشیان، ئەو ساڵانە نووسرابن کە گۆران هێشتا لەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزم و پارتی کۆمونیستدا ئاشنایەتیی پەیدا نەکردووە. بەم پێیە دەبێ لە تەمەنێکدا ئەم شیعرانەی نووسیبێت کە هێشتا گەنج بووە، هێشتا نەچۆتە ناو ساڵەوە و ئەزموونەکانی ژیانی زۆر نین، بەڵام هیچ فیلتەرێکی

فکری و فەلسەفی و ئایینیی دانەناوە تا بیرەکانی بپاڵێوێت. شیعرەکانی (*ڕەنگی پەستی، بەسەرهاتی ئەستێرەیەک و بۆ هیوای کوڕم*) و شیوەنەکانی بۆ هیوای کوڕی و گوڵاڵەی کچی ئەو دورجە سفت و نەخشینانەن کە گەوهەرە فکرییەکانی خۆی تێدا هەڵگرتوون. خوێنەر، بۆ ئەوەی بتوانێت تەماشایان بکات و چێژ لە بریسکە و درەوشانەوەیان وەربگرێت، دەبێت کۆدەکانی بیری ئەو کاتەی گۆرانی لە بەر بێت.

لەو شیعرانەدا گۆران وەک مرۆڤێکی هۆشیار، مرۆڤێک کە ئەزموونە تیژ و گەرمەکانی ژیان گڕیان لە ڕۆحی بەر داوە و کەناری دڵیان بریندار کردووە، باسی ناوەوەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، یا هەوڵ دەدات بیگێڕێتەوە، چونکە ئەوە چیرۆکێکە هەرچۆنێکی بگێڕیتەوە هەر ناتەواوە. ئەم دەردکێشانەی گۆران هیچ پێوەندییەکی بە باری چینایەتی و پێبەستی نەتەوایەتییەوە نییە. گۆران هەژاریش نەبووایە و کوردیش نەبووایە ئەم بیرانەی هەر لە مێشکدا دەگووران، چونکە بیر دەکاتەوە و هۆشی خۆی بە جۆرێک بە کار دەهێنێت کە بووەتە هێزێک، ڕێی بۆ دادەنێت و زۆر جار بەرانبەری لێ دەگرێت و دەیەوێت بەشیک بێت لە دەستەڵاتی مرۆڤانەی گۆران. ئەمە کێشەیەکی ئەزەلییە و هەر لە زووەوە گەلێ بیریار و هونەرمەند بە دەستییەوە ناڵاندوویانە و هەندێکیان، یا ڕەنگە کەمیان، بە جۆرێک دەریانبڕیوە. گۆرانیش دەزانێت ماکی خەفەت و نیگەرانییەکانی هۆش و ئاوەزە:

– ...زیاتر سەبەبی عەقڵ و شوعوورە خەفەتی من؛ شیعری *تاوێ نەگەڕا*.

– ...ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختیی ئیدراکیش،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەک شەو، ڕۆژی ڕووناکیش؛



شیعری *بۆ هیوای کوڕم*.

بابەتێکی هەر لەم بوارەوە نزیک، بەڵام لاوەکیتر، هەست و ئەزموونی کەسێکی هونەرمەند و هۆشیار و داهێنەرە کاتێ پێچکەی قورس و ناقۆڵای ژیان هەموو شتە جوانەکانی دەپلیشێنێتەوە و بەرەو ئەوە دێت کە کەنارەکانی دڵ و مێشکیشی بئەنجنێت. ئەحمەد هەردی (١٩٢٢-٢٠٠٦) بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکییانە، بەڵام سادە، ئەو ئێشەی تۆمار کردووە (ژیان و ئەرکی ناخۆشی، پەپوولەی ئارەزووی کوشتم). گۆران خەون بەوەوە دەبینێت بتوانێت وەک هونەرمەندێک بژی و هەموو کات و ساتەکانی ژیانی خۆی بۆ داهێنان تەرخان بکات و 'چاو بە دنیای جوانییا بگێڕێ، هەرچیی بینی بیخاتە پێنج شەش دێڕێ'. گوتم 'خەون دەبینێت'، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە هەموو نموونەکاندا تۆ هەست دەکەیت، وازی لە خەونبینینیش هێناوە؛ خۆی داوەتە دەستەوە و کۆڵی داوە. ئەمەیش هەر ئەنجامی هۆشیارییەکی قووڵە، چونکە دەزانێت لەو کۆمەڵگایەدا و لەو کاتەدا، بەدیهێنانی خەونێکی وەها مەحاڵە و کاری کردن نییە. گۆران ئێشێکی وەها قووڵ و ناکۆکییەکی وەها تیژ زۆر ئاسان و بە چەند وشەیەکی کەم دادەڕێژێت و خوێنەر (یا وەرگر) لە کرۆکی باسەکە حاڵی دەکات (هەوڵی نانە بە ڕۆژ و شیعرە بە شەو؛ مەئموورێکی بچووک وەک من ژیانی، گەردنکەچی نانە...؛ مێشکێ ئاوا دەردی سک ئەندێشەی بێ، ئەزانم بۆ مەعیشەت وێڵ و ئاوارەی).

لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)یشدا گۆران دیسان هەر ئەو بابەتە، بەڵام ئەمجارە لە ڕوویەکی دیکەوە، بە سەر دەکاتەوە؛ جێگەی هونەرمەند لەناو کۆمەڵێکدا کە نرخی هونەرەکەی



نازانێت. ڕاستییەکەی گۆران دەروێش عەبدوڵڵای کردووەتە بیانوویەک بۆ وێناندنی هونەری بێنازی خۆی. تۆ کە شیعرەکە دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت ئەم تێکستە مۆنۆلۆگێکە، تێیدا گۆران خۆی خۆی دەدوێنێت. شیعری دەروێش عەبدوڵڵا پڕە لە دەربڕینی نازک، لە وەسفکردنی شێوە و ژیان و هونەری هونەرمەندێکی هەژار و گەڕۆک و داهێنەر. من پێم وایە لەم شیعرەدا گۆران هەموو فەلسەفە و هەموو دەردکێشان و هەموو سووتانی خۆی لە سێ ڕستەدا کۆ کردووەتەوە، دوو لەو ڕستانەی بە جۆرێ نووسیون کە ڕەنگە خوێنەر وا بزانێت باسی دەروێش عەبدوڵڵای هونەرمەند دەکەن. بەڵام کە باش لێیان ورد دەبیتەوە دەبینی گۆران باسی خۆی دەکات. سێ ڕستە نایاب و بەرزەکەی شیعری دەروێش عەبدوڵڵا ئەمانەن:

١. ...لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار، وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا؛

٢. ...بەعزێ زەکای گەورە، وەکوو تۆوی گوڵی دەم – با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن؛

٣. ...سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە!...

لە ڕستەی یەکەم و دووەمدا گۆران لەپێشدا تیۆرییەک، یا بیرێکی مەنتیقی، پێشکەش دەکات و هێندەی باریکیی تاڵەموویەکیش گومانی لەم بیرەی خۆی نییە. بۆ بەهێزکردنی تیۆرییەکەی دەیەوێ نموونە پێشکەش بکات، نموونەیەک کە لۆگیکی دووبارەبوونەوە دەیسەلمێنێت. هەم ناوەڕۆکی تیۆرییەکەی گۆران و هەمیش نموونەکەی، بەرهەمی ئەزموونی ژیانی هونەرمەندانەی خۆیەتی. ئەو لەجێی ئەوەی بڵێ ئەزموونەکانی ژیان ئەمەیان فێر کردووم، دێت دەروێش عەبدوڵڵا دەکاتە نموونەیەک بۆ ڕاستی و بتەویی تیۆرییەکەی.



پرسیارێکی بەجێ لێرەدا ئەوەیە گۆران ئەم ئەنجامەی کەی هەڵهێنجاوە؟ ئەو کاتەی کە دەروێش عەبدوڵڵای دیوە، یا ئەو کاتەی کە شیعرەکەی نووسیوە؟ من بەپێی لێکدانەوەی خۆم و دوای وردبوونەوە لە ژیانی گۆران پێم وایە دەبێ گۆران شیعرەکەی لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٩دا نووسیبێت. گۆران لە دوو سەردەمی جیاوازدا لە ناوچەی هەورامان، یا لە هەڵەبجەی نزیکی هەورامان، ژیاوە؛ جاری یەکەمیان لە بەهاری ساڵی ١٩١٩وە هەتا پاییزی ئەو ساڵە و جاری دووەمیش ١٩٢٥-١٩٣٧. وەک تێبینییەک، گۆران لەژێر شیعرەکەدا دەنووسێت کە دەروێش عەبدوڵڵای چارەکە چەرخێک لەوەوبەر دیوە. ئەم بەراوردە کورتە دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە گۆران لە ماوەی بیستوپێنج ساڵدا بیری لە ژیان و هونەری (دەروێش عەبدوڵڵایەک) کردووەتەوە، تا توانیویەتی چوارچێوەیەکی هونەری و مەنتیقیی بۆ بدۆزێتەوە. ئەم چاوەڕوانییە دوورودرێژە هیچ پێوەندییەکی بە دەروێش عەبدوڵڵاوە نییە و باوەڕیش ناکەم گۆران ئەو جارەی، یا ئەو جارانەی، دەروێشی بینیوە بیری لەو هاوکێشە ئاڵۆزکاوەی ژیان و هونەر کردبێتەوە. ئەگەر گۆران وای بیر بکردایەتەوە، دەبوو هەر ئەو کاتە، واتە بیستوپێنج ساڵ لەوەوپێش، شیعرەکەی دابنایە. گۆران وای نەکردووە. لە ماوەی ئەو بیستوپێنج ساڵەی دوای بینینی دەروێش عەبدوڵڵادا، 'ژیان و ئەرکی ناخۆشی' کۆمەڵێ ئەزموونی بەنرخ، بەڵام ڕەنگە تفت و تاڵی فێر کردووە و ئەوسا هاتووە چیرۆکی گۆرانی هونەرمەندی داڕێشتووە، بەڵام لە جێی خۆی، دەروێش عەبدوڵڵای کردووە بە پاڵەوانی چیرۆکەکە. ئەو ماوە دوورودرێژە بۆ گۆران پێویست بوو تا میوەی ئەزموونەکەی

ببێتە میوەیەکی گەیشتوو. ڕاستییەکەی ئەمە هاوشێوەیەکی ئەو دۆخە سیکۆلۆگییەیە کە پێی دەگوترێت (إسقاط= Projection) و نازانم بە کوردی دەبێ ناوی چیی لێ بنێین.

ئەوەی ڕازی ئەم چیرۆکە ئاشکرا دەکات ڕستەی سێیەمە، کە دوایین ڕستەی شیعرەکەیە؛ **دە ئەی دەروێش سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کە**. گۆران نەک هەر تەنیا خۆی دەلاوێنێتەوە، بەڵکە دەردەکەی خۆیشی ئاشکرا دەکات؛ دەردی هونەرمەندێک کە تاڵاوی ژیانی چێشتووە و بە دەست ڕۆحێکی کڵۆڵەوە داماوە.

لەو شیعرانەدا گۆران جیۆگرافیای ناوەوەی خۆی وێنا دەکات. ئێمە دەزانین ئەو پیاوە چەندان جار گیراوە و بەند کراوە و تووشی ئازاردان و ئەشکەنجەیەکی زۆر هاتووە. نازانم لەو ساڵانەی ژیانیدا تەندروستیی چۆن بووە؟ بەڵام ئەوە دەزانین کە یەک دوو ساڵی پێش مردنی تووشی شێرپەنجە بووە و ئەگەرچی نێردراوە بۆ مۆسکۆ بۆ تیمارکردن، بەڵام بەو نەخۆشییە دوا کۆچی کردووە. هێندەی من بزانم گۆران تەنیا یەک جار لە شیعرێکدا باسی لەشبەباریی خۆی، باسی داڕمانی تەندروستیی خۆی دەکات، ئەوەیشی بە جۆرێک داڕێشتووە کە تۆ وا دەزانیت هەر بەردەوامییەکی باسکردنی باری دەروونی و بەدبەختیی خۆیەتی. لەبەر ئەوەی کەش و هەوای شیعرەکە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر کلاسیکییە، دەکرێ سەرلەبەری داد و بێدادکردنەکەی لە پێوەستێکی سیمبۆڵیکدا بخوێنینەوە. ئەو تاکە بەیتە، کە زۆریش جوان و پڕڕەنگە، ئاوەهایە:

ئێستە خەلەلی عافییەتیش باری بەدەنمە
هەر دەردە ئەدا پاچی لە بونیانی خەرابم.

دەربڕینی خەم و ڕەشبینی هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە



هونەرمەند چەند بەهێز یا بێهێزە. گرنگ ئەوەیە چەند ڕاستگۆیانە و چەند هونەرمەندانە دەتوانێت نیگاری دەروونێکی بریندار و ڕۆحێکی کڵۆڵ بکێشێت. گۆران لە سەرەتاکانی شیعرگوتنیدا و تا ساڵانێکی زۆریش زۆر جوان وێنەی ناوەوەی خۆی دەکێشێت و داهێنەرانە باسی هەرێمێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەر خۆی شارەزایەتی. بەداخەوە مارکسیزمی سیاسی ئەم لایەنە جوان و ئیلهامبەخشە گەورەیەی لە گۆران ستاندەوە و ئەوەی فێر کرد کە هەستە ڕاستەقینەکانی خۆی بشارێتەوە و لەجێی ئەوانە کۆمەڵێ هیوای دەستکردی گەشبینانە بنەخشێنێت.

لە سەرەتا و لە هەڕەتی شیعرنووسینیدا، گۆران زیاتر بەرەو ناوەوەی خۆی ڕۆیشتووە، یا هەر نەبێت زۆر جار سەرنجی قووڵایی و ناوەوەی خۆی داوە و ئەزموونە ڕۆحی و هونەرییەکانی خۆی بە سەر کردوونەتەوە. کەچی هەر ئەو گۆرانە هەستناسک و زمانپاراوە کاتێ تووشی سەختترین نەخۆشی دەبێت و کاتێ ڕووبەڕووی دێوی مردن دەبێتەوە، بە تاکە شیعرێکیش باسی ئازار و ترس و بیرەکانی خۆی ناکات. ڕەنگە شیعری (وەڵامی پرس) دوا شیعری، یا یەکێک لە دوا شیعرەکانی، گۆران بێت و باسی نەخۆشییەکەی خۆی و دۆکتۆرەکەی دەکات، کەچی بە تاکە وشەیەکیش ناوی ئەو مردنەی کە دڵنیام هەموو ڕۆح و بیر و مێشکی داگیر کردووە، ناهێنێت. ئەم کارەساتە ئیدیۆلۆگی بە سەری هێنابوو، چونکە ساڵانێک بوو بەوە ڕاهاتبوو کە دەنووسێت بیر لە جەماوەر و بیر لەوە بکاتەوە ئەوەی دەینووسێت بە گەزوگرێی سیاسی و ئیدیۆلۆگی ڕاست بێت. ئیحسان عەبباسی ڕەخنەگری گەورەی عەرەب باسی شاعیری گەورەی عیراق بەدر شاکر سەییاب



دەکات، دەڵێت مارکسیزم تەنیا ئەوەی فێری بەدر کرد کە شیعرەکانی بە پەیامێکی گەشبینانە کۆتایی پێ بهێنێت. بەشی زۆری شیعرە هەرە جوانەکانی بەدر شاکر سەییاب، بە لای منەوە، ئەوانەن کە دوای ڕزگاربوونی لە مارکسیزم، لە نەخۆشخانەکانی لەندەن و بەیرووت و کووەیت، نووسیونی. جوانترین شیعرەکانی گۆرانیش، دیسان بە لای منەوە، ئەوانەن کە پێش ئەوەی تووشی مارکسیزم ببێت نووسیونی.

گۆران نەک تەنیا ناوەڕۆکی شیعری کوردیی گۆڕی، بەڵکە زۆر بوێرانەیش دەستی بۆ یەکێک لە کۆڵەکە هەرە پتەو و سەخت و دێرینەکانی شیعری کوردی برد، کێش، و گۆڕانێکی بنەڕەتانەی بەسەردا هێنا. وازهێنان لە کێشی عەرووز و سیستەمی 'تەفعیلە' ئەزموونێکی گرنگ بوو، پێم وا نییە هەروا لە خۆوە دروست بووبێت. تەنانەت ئەگەر بیری گۆڕینێکی وەها بە هۆی ئاشنایەتیی شیعری بێگانەیشەوە لای گۆران پەیدا بووبێت، بەڵام بێ وردبوونەوە و بێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ ناکرێ هەر وا بە ئاسانی دەستبەرداری سیستەمێکی کۆن بووبێت، کە سێسەد ساڵ زیاتر بوو شاعیرانی کلاسیکی کورد پێی ڕاهاتبوون، و یەکێکی تازەی لە جێگاکەی دانابێت. ئەوەی لەم ڕووەوە بۆ من و ڕەنگە بۆ زۆر خوێنەری دیکەی کوردیش ناڕوونە، بۆچی گۆران نەهات ئەم بیرکردنەوەیە و ئەم پرۆژەیە بخاتە ناو چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە و بۆ هاوتەمەنەکانی خۆی و بۆ نەوەکانی دوای خۆی بە جێی بهێڵێت؟ گۆران پیاوێکی خوێنەوار بوو، دەیتوانی ئەم گۆڕینە، لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی و ئێستێتیکییەوە بخوێنێتەوە و بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی یا نیوچەزانستی تۆمار بکات. لە یەک دوو نووسینی کورتدا لەسەر ئەم باسەی نووسیوە، بەڵام تەنیا نموونەی سێ



جۆرە کێشی هێناوەتەوە؛ دە بڕگەیی، هەشت بڕگەیی و حەوت بڕگەیی. من دەزانم کێشی دە بڕگەیی لای شاعیرانی دیالێکتی گۆران هەبووە و دووەکەی دیکەیشی لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگرتوون. بەڵام نازانم، هەر وەک نموونە دەیڵێم، سەرچاوەی کێشی سیانزدە بڕگەیی (٤+٤+٥) و یانزدە بڕگەیی (٤+٤+٣) چین؟

لە بوارەکانی دیکەیشدا گۆران هەر ئەم ناهەقییەی بەرانبەر خۆی و مێژووی ئەدەبی کوردیش کردووە. من کە بە وردی شیعرەکان دەخوێنمەوە دەزانم گۆران لە زماندا زۆر هەستەوەر بووە، زۆر هونەرمەندانە بیری لە وشە، وشەی کوردی، کردووەتەوە. دیسانیش ئەو نەهاتووە بەڵگەنامەیەکی هونەری و شیعریمان بۆ بە جێ بهێڵێت و پێمان بڵێ بیروباوەڕەکانی لەم ڕووەوە چی بوون و چۆن بوون.

هاوینی ساڵی ١٩٨٥ شەوێکیان میوانی ماڵی مامۆستا هێمن بووم لە ورمێ. ئەو شەوە باسی دەیان بابەتی گرنگی ئەدەب و زمانمان کرد. ئەو پێی وا بوو مامۆستا گۆران بڕیارێکی زۆر خراپی لە ژیانی خۆیدا داوە کە ئیتر شیعر لەسەر شێوەی عەرووز نەنووسێت. من پێم وایە گۆران لە چوارچێوەی عەرووزیشدا کۆمەڵێ شیعری جوان و بەرزی داناون، بەڵام هەرچییەکی دیکەیشی بنووسیایە، هەرگیز نەیدەتوانی لە نالی و مەلای جەزیری جوانتر بنووسێت و لەوان گەورەتر بێت. لەبەر ئەوە بڕیارێکی زۆر بوێرانەی داوە کە وازی لە کێشی عەرووز هێناوە.

گەورەیی و ڕۆڵی ڕێبەرانەی گۆران ئەوەیە کە بوو بە ڕێچکەیەک، بوو بە خوێندنگەیەک کە نزیکەی چل ساڵ

شیعری کوردیی ڕەنگڕێژ کرد. ئەگەرچی لە سەردەمی ژیانی گۆراندا شاعیری دیکەیش هەبوون، بەڵام سێبەری گۆران تا ڕادەیەکی زۆر ناو و بەرهەمی زۆربەیانی داپۆشیبوو. ئێستایش، چلوپێنج ساڵ دوای کۆچی گۆران، شاعیری کورد هەن کە نەیانتوانیوە لە جغزی شیعر و زمانی گۆران دەربچن. ئێستایش زۆر نووسەر و شاعیر هەن نەیانتوانیوە پێشانی بدەن کە دەتوانن زمان، زمانی کوردی، بە شێوەیەک بە کار بهێنن ئەوە بسەلمێنێت کە ئەوان لە تێگەیشتنی زماندا لە گۆران پێشکەوتووترن.

شاعیرانی نەوەی دوای گۆران، زۆربەیان لە سەرەتادا کەوتبوونە ژێر کارکردی شیعر و زمان و مێتافۆری گۆرانەوە. لە یەک دوو دیداردا من ئەوەم بە ڕوونی باس کردووە کە لە تەمەنی دوانزدە ساڵاندا سەرلەبەری دیوانی *فرمێسک و هونەر*'ی گۆرانم لە بەر کردبوو. هەر لەو ساڵانەدا چەند شیعرێکم نووسیبوون کە ڕێک لەسەر شێوازی گۆران بوون. هاوڕێیانی شاعیرم لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێویش هەر وا بوون. هەڵمەت پێش ئەوەی دیوانی '*خوا و شارە بچکۆلەکەمان*' چاپ بکات هەوڵی دەدا ڕێک وەک گۆران بنووسێت، بەڵام لەو شیعرانە هەر چەند دانەیەکی کەمی لەو دیوانەدا بڵاو کردەوە. کاک شێرکۆ لە هەردوو دیوانی *تریفەی هەڵبەست*' و *کەژاوەی گریان*'دا لە ڕێچکە شیعرییەکەی گۆران لای نەداوە. ئەمە سەرەتا بوو، دەنا دواتر زۆربەمان خۆمان لەو دەستەڵاتە شیعرییە ڕزگار کرد. هەوڵدان بۆ بەجێهێشتنی نەوەی پێشتر و بەگژداچوونی نیشانە و ڕەمزەکانی، دیاردەیەکە لە مێژووی فەرهەنگی و ئەدەبیی زۆربەی گەلاندا دووبارە دەبێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو ئێمە،



چ من و چ شاعیرانی دیکەی هاوڕێم، بۆ ئەوە دەگەڕاین دەنگی ڕاستەقینەی خۆمان بدۆزینەوە، دەمانویست خۆمان بین و خاوەنی دەنگی خۆمان بین. هەر وایشمان کرد.

تا ئێستا دوو سێ جارێک بۆم هەڵکەوتووە بە نیازی لێکۆڵینەوە شیعرەکانی گۆران بە قووڵی بخوێنمەوە. لە ساڵانی هەشتاکاندا گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی کە دوو ناکۆکی، دوو نیگەرانیی زۆر تیژ لە ژیانی گۆراندا هەبوون: ناکۆکیی نێوان گۆرانی کۆمونیست و گۆرانی کوردپەروەر، ناکۆکیی نێوان گۆرانی سیاسی و گۆرانی هونەرمەند. ئێستایش کە جارێکی دیکە دیوانەکەی گۆران دەخوێنمەوە، پێم وایە باشی بۆ چووم و نیشانم ڕێک پێکاوە. نوختەی دەرچوونی من تەنیا شیعرەکانی گۆرانە. بەڵام ئەوەیش گرنگە کە تۆ ئەو شیعرانە چۆن دەخوێنیتەوە؟

دەنگوباسێکی وا هەیە کە گۆران پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات لەوە پەشیمان بووە کە بەشێکی ژیانی وەک کۆمونیست بردووەتە سەر. من خۆم ئەم قسەیەم لە هەردوو شاعیری کورد مامۆستا هەژار (١٩٢٠-١٩٩١) و سەیدا جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤) بیستووە. کە ئەمەیش دەگێڕمەوە هیچ مەبەستم ئەوە نییە کە کۆمونیستبوونی گۆران لە پلەی بەرزی ئەدەبی و مرۆڤانەی ئەو دادەشکێنێت، یا پەشیمانبوونەوەی بەرزتری دەکاتەوە. ئەو پیاوە شاعیرێکی داهێنەر و مرۆڤێکی خەباتکار و کۆڵنەدەر بووە و لە پێناوی بیروباوەڕەکانیدا و لە پێناوی قەناعەتە فکری و سیاسی و مرۆڤانەکانی خۆیدا ئازار و ئەشکەنجە و دەردێکی زۆری کێشاوە. بەڵام لەوە دڵنیام کە مارکسیزم، بەو شێوەیەی ئەو سەردەمە دەخوێنرایەوە، زیانێکی زۆری بە گۆرانی شاعیری داهێنەر گەیاند. تەماشایەکی ڕەخنەگرانەی دیوانەکەی



ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەکات.

نووسین بە شێوەی گۆران و لەسەر شێوازی گۆران تازە ئیتر بۆ ئەمڕۆی کوردەواری هیچ مەعنایەکی نییە و هیچ کەلێنێکیش پڕ ناکاتەوە. ئەوەی کە جوان بوو و دەکرا بەو شێوازە بگوترێت، گۆران و دوای ئەویش هەردی و کامەران موکری و دیلان و شاعیری دیکە نووسییان.

گۆران شاعیرێکی گەورەی کوردە، کۆمەڵێ شیعری بەرز و جوانی پێشکەش بە نەتەوەکەی و بە گەنجینەی داهێنانی مرۆڤایەتی کرد، کە هەندێکیان شاکارن. زۆر بە هۆشیارییەوە کاری بۆ نوێکردنەوە و گەشەپێدان و پێشخستنی شیعری کوردی و زمانی کوردی کرد. شاعیرێکی گەورە کە خاوەنی چەند شاکارێکی هونەری بێت، مەعنای ئەوە نییە بەرهەمی لاوازی نەبووە و نییە. گۆرانیش، وەک جەزیری و وەک نالی و وەک دەیان داهێنەری گەورەی ئەم جیهانە، بەرهەمی وای هەن، لە دڵەوە حەزم دەکرد هیی ئەو هونەرمەندە گەورەیە نەبوونایە. بەڵام کاتێ ئەو شاکارانەی دەخوێنمەوە کە باسی (ڕۆحی پڕ گلاراوی خۆی، ڕۆحی کلۆڵی خۆی و ئەو ڕۆحەی کە خوڕ خوڕ ئەگری) دەکات، دەزانم ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە چیرۆکی ڕۆحی من و سەدان و هەزارانی وەک منە.



# ڕۆڵی گروپی ڕوانگە لەنوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا

**د. عادل گەرمیانی**



**ئەم گروپە ئەدەبییە بە تەکانی دووەمی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دادەنرێت، ئەم گروپە بریتی بو لەپێنج کەس، کە دوانیان هۆنیار بون وەکو (شێرکۆ بێکەس و جەلالی میرزاکەریم) و دووانیان چیرۆکنوس بون وەکو (حسێن عارف و کەماڵ بۆتانی) لەگەڵ (کەمال محەمەد ئەمین) وەکو نوسەرێك، هەروەها ئەم گروپە بۆنی بیری مارکسی لە لێکدانەوە و دارشتنی دەقی ئەدەبی پێیانەوە دیاربو.**

**ئەم گروپە خاوەن ڕۆڵێکی کاریگەر بو و جیاواز لە گروپەکانی پێش و پاش خۆیان، چونکە نوسەرانی ئەم گروپە توانیان لە شاری بەغداد کودەتایەك هەڵبگیرسێنن بەسەر بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیی ئەدەبی کوردی ساڵانی شەستەکاندا، هەروەها توانیان چەند دەقێکی ئەدەبی وەك شیعر و چیرۆك پێشکەش بکەن، وەك بەڵگەیەك بۆ ڕۆڵی خۆیان لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا.**

ئەم گروپە ئەدەبییە لە سالانی حەفتاکاندا خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیان بون و توانیان پاش بلاوکردنەوەی بەیاننامەی خۆیان لە ژمارە (١٦)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری) لەساڵی (١٩٧٠) دا بەردەوامییەك بە ڕۆڵی نوێخوازیی خۆیان بدەن، هەروەها توانیان هەرسێ ژمارەی گۆڤاری (ڕوانگە) بکەنە سەکۆی ئەدەبی نوێی کوردی لەو ڕۆژگارەدا، ئەگەر گیروگرفتی ڕامیاری و ڕاونانی نوسەران و ئەدیبانی کورد لە شاری بەغدا پاش کوشتنی بەرێوبەری دەزگای ڕۆشنبیری کوردی لەلایەن گروپی "هەڵۆی سور"ەوە نەبوایە، ئەوا ئەم گروپە دەیتوانی بەشێوەیەکی بەهێزتر پاڵ بنات بە کاروانی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردییەوە، بەلام دەرنەچونی ژمارە چواری (٤)ی گۆڤارەکەیان پاش شۆڕشی (١٩٧٤) و هەروەها هەڵاهاتنی ئەندامانی ئەم گروپە بۆ خەباتی چەکداری چیا لە کۆتایی حەفتاکاندا وەهای کرد، کە ئەندامانی ئەم گروپە تەفر و تونابن و کاریگەریی گروپەکەش بچێتە پەراوێزەوە، بەلام بەگشتی دەتوانین خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم گروپە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری بکەین:-

1. بەردەوامبونێکی دیکە بو بۆ گروپی کفری.
2. توانیان بەیاننامەی خۆیان بلاو بکەنەوە.
3. کاریگەریی گروپی (٦٩)ی شیعری عەرەبی گروپی "فازڵ عەزاوی" بەسەریاندا هەبو.
4. ئەندامانی ئەم گروپە نوسەری هەمەچەشن بون، وەکو (هۆنیار، نوسەر...).
5. دژایەتیان کرا لەلایەن گروپی ئیسلامی و مارکسییەکانەوە.



6. بۆچونیان بەرانبەر کەلەپور باش نەبو، بۆیە ناچاربون پۆزش بهێننەوە.
7. گۆڤارێکیان بە ناونیشانی (ڕوانگە)ەوە دەرکرد و سێ ژمارەیان لەسالانی (١٩٧١-١٩٧٣) بلاوکردەوە.
8. سودێکی باشیان لە ئازادی نوسینی پاش بەیاننامەی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) وەرگرت.
9. ڕۆڵێکی چاکیان هەبو لە شڵەقاندنی گۆمی ئەدەبی کوردەواری ڕۆژگاری خۆیان.
10. لەڕوی شێوە و ناوەرۆکەوە ڕۆڵێکی باشیان هەبو لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا.
11. ڕوانگە کاردانەوەیەکی کاریگەر بو بۆ بەستەڵەکی ئایدۆلۆژیی ئەدەبی کوردی لە سالانی شەستەکاندا.
12. چاولێکەری و لاسایکردنەوەی گروپی شیعری "فازڵ عەزاوی" و گروپی "ساختە گەری ئەدەبی فارسی " لە سەرهەڵدانی ئەم گروپە لە نێو بەرهەمەکانیان هەبونی هەیە.
13. گروپی (ڕوانگە) وەك گروپی (کفری) دوا لێزمەی سۆفیگەری و یاخیبونی نەکردە چوارچێوەیەك بۆ خۆی، بەڵکو داهێنان و نوێکردنەوەی کردە دروشمی سەرەکی خۆیەتی لە بواری نوسینی دەقی ئەدەبی کوردیدا.



# (فیمینیزم)
# بونگەرایی ئافرەتی کورد و ئاستی شۆڕشگێڕی بیر



د.فاروق نەقشبەندی

کاتێ خوێنەر دەبێتە میوانی هۆنراوەکانی شاعیرێ، دەبێت زمانی چەشەی ئەدەبی پڕ لە هەست بێ، بەلایەنی کەمەوە بزانێ خوێندنەوە لە ئاستی بەرزی و تێگەیشتندا چەند تیورێکی زانستییانە دەگرێتە ئەستۆ، لێرە ژمارەیەك (ئەگەر)دەکەونە سەر نەخشەی ئەم چاك خوێندنەوەیە، نوسەری ئەم (لێکۆڵینەوەیە)دو کۆرسی(ماستەر) و کۆرسێکی (دکتۆرا) دکتۆرە نەسرین مامۆستای



ئەدەبی بووە و بە سەرنجە وردەکانی فێری باش گوێگرتن و چاك خوێندنەوەی بە چەشەوە شیکردنەوەی فەرهەنگی بیریدا دەمەزەرد کردووە!

لەڕاستیدا هەر وتەو وتار و گوفتارەکانی ئەو مامۆستا سەروەرەمان خالی نییە لە تیر و توانج بە توێژێ لە فەلسەفەی (دواندن) لەلایەن (خوێنەرەوە) یەکەم وتەی ڕۆژی سالی یەکەمی (ماستەرەکەم) بیر ناچێتەوە وتی:

(کوڕە و کچەکانم) ژیان بەگشتی ژمارەیەك (بۆ)ی گەورەیە، ئەگەر زیرەکانە تاوتوێی ئەم (بۆ) زلهێزانە نەکرێن، مرۆڤ لەژێر باریا ئەتاسێ و ئاواتەکانی خود و گەل و نەتەوەش بەرەو هەڵدێری مێژو ملی وەردەچەرخێ.

کردەی بونگەرایی بەرەوەی سەرلێشێواوی دەبێت، ئەم پێشەکییەکورتە لەبەرئەوەیە نەوەی نوێ و زۆرینەی ئەوانەی ئەم (نوسینە) دەکەوێتە بەر چاویان بزانن، کە مێژوی ئەدەبی کوردی زۆر ماندونەناسی تیایە، کە چەندەها جار لە مەرگی ناکاوی دەستی مرۆڤدا تەنها تاڵەمویەك نێوانیان بووە، کەچی خۆیان نەدۆڕاندووە و بەڕەندی کۆتایی ژیانی سەربەرزی و سەروەریان وەرگرتووە، وایش بەتەمابوم زنجیرەیەك وتار بنوسم بەناونیشانێکی تر ژیان و ڕۆژە سەختەکانی ئەستێرە ئەکادیمیە گەشەکان لەژێر ناوی (پێش ئەوەی ئەستێرەیەك ئاوا ببێت .. با لە سێبەری ڕوناکیدا دڵشادبین)، دەبوایە لەم خەیاڵپلاوەدا ئەم بەرێزانە ئەو ئەستێرانە بونایە (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، د.ئیحسان فوئاد، د.ئەوڕەحمان حاجی

مارف، دکتۆره نەسرین محەمەد فەخری) کەسانی تریش جارێ تەمەنیان بە دیمەن چەپۆڵەی زەمەن  دای نەپلۆسیون إ ئەگەر تەمەن وەفای کرد، ئەوا پشت بە خوای مەزن بەوەفا دەبم لەگەڵ ناوبراوان،ئەوانەش کە ناوم نەهێناون إ

لەڕاستیدا بەرهەمی تایبەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی دایکی ئەدەبی حەفتا و هەشتاکانە لەگەڵ بەردەوامی دەمی ئێستاشدا  کە لە بەغداد زەمین واکوردێکی بە ئەمەکی زمانە پیرۆزەکەی بەخشراوی (ئاهورمزدا) بو بە وشە کۆمەڵێ تابلۆی جوانی دروستکرد بۆ ژیان، هەرچەندە گێڕانەوەی لە ئەستۆی گشت هۆنراوەکاندا کە دڵی مێژوی  یادەوەریشی داوە بەسەر شانیاندا، بەلاّم ئەو دیاردەیە گۆشەیەکی جیاوازی دوری ڕوناکیی ئەو لوتکەیەیە إ

((من خوێناوی برینی تۆم))، هەرچەندە ناونیشانەکە تاوتوێی ڕەهەندی دەرونێکی هیلاکی بەرجەستە دەکات، بەلاّم لەو شیعرستانەدا گەڵێ تەلاری قەشەنگی جیاواز و بەرز نهۆمەکانیان هەڵچون و واتای چڕ و شێوازی دەربڕینی پڕ لە موچڕکەی هەناسە و ترپەی هەواڵەشیعری بەرەنگاری و چرۆی تازەی  بیری (سۆشیالست دیموکرات)ی حەفتاکانە و بۆنی  میسکی ئەم (سەردەمەی سۆشیال دیموکرات) دەدرێت بە لوتی ناسکی چاك خوێنەرەوە،لەپڕە ساتێکدا جولاّنی بیر شەماڵێکی مرۆڤایەتی لە داوێنیەوە هەڵ دەکات لە کوردستانی ستەملێکراوی حەفتاکانەوە بیری مرۆڤایەتیی دەوربەر خوێندنەوە وەکو (جەفەنگ) لەژێر ناوی



جیاوازدا ڕو دەکاتە دەڤەری (شورەوی) کۆن و یافای  (کەنفانی مەکر و دەروێش)، بۆیە دەتوانین بڵێن جوگرافیای شیعری زۆر ورد هەستی پێدەکرێت، لایەنێکی تری باری سەرنجمان چرۆ شیعریەکانن لە تابلۆی دەستەخوشکی (بوکی تازەی مۆسکۆدا) لە یەك کەژاوەدا کەوتونەتە سەما و ئاهەنگ، بەلاّم بە دەفی سۆزی ئافرەتێکی نەتەوەیی کوردستانییە و بە ئاوازی دڵێکی پەروەردەی دەڤەری هەڵەبجەی  پڕ لە شانازییەوە بە گەردانە و گەردنلغی وەنەوشە و شەوبۆی پۆیلانەی ئەکادیمی دەستگری سەرچۆپیەکی زەمزەمەی کوردایەتی هەستی بەرەنگاری دوژمنی دڵ ڕەقی خوێنرێژی بێ پایانە و نەبەزیوە و نەدۆڕاوە بە (سیمبول)، وشەکانی شیعری تیژتیژن چەقیونەتە دڵی ئاسنینی دوژمنە چاوتێبڕەکانی کوردستانەوەإ

لەدێر زەمانەوە کێشەکان هەمویان لە (ئەنترۆپۆلۆژیا)وە لەدایکدەبن، بوێرانی زمان و ئەدەب و هونەر لە پێناویدا خەبات دەکەنە ڕەچەڵەك و بە سەربەرزی پێنوسەکانیان دەرەتێنن، نازانن هیلاکی چییە و مانگرتن دەبێتە چڕی لێکۆڵینەوەکانمان چرۆ (سرود) بێت، (یاسینەکەی) خانەوادەی پەروەردەی کوردی (لای لایە):

**لایەلایەت بۆ ئەکەم بەجەرگ و بەدڵ**

**بەخێوت ئەکەم هەر وەك خونچەی گوڵ**

**ڕەنجت ئەکێشم بەشان و بەمل**

**ئومێدم وایە دڵەی پڕ ئیمان**



**کە بۆی پێ بگەی نەوەی نیشتمان**[١]

بەشێ لە تەسەلای دڵی ئافرەتی دایك سۆزی (لای لایە)کەیە لەو دەڤەرەدا خەمی تایبەتی خۆی بە سرودی ناسکی (لای لایە) بە با دەدات، بەلاّم ئەم هۆنراوەیە مۆزیکی پەروەردەی ئاستانەی سۆسۆلۆجیایی زەنگ بیرەکەی پڕ لە سەدایە:

**من خوێناوی برینی تۆم،**

**پە پولە سپیەی بەهەشتی یەزدان**

**ئەی گوڵ خونچەکەی باخی هیوامان**

**ئەی کۆرپەی شیرین نەوەی نیشتمان**

**زوو بۆم  پێبگە بۆم وەرە مەیدان**

**هاوار کە بژی کورد و کوردستان**[٢]

دایکی کورد چەند پەروەردەکارە لە خانەوادەکەیدا، هێندەش بیری پێشمەرگایەتی و جەنگاوەری لە سیمای بیر و گفتوگۆیدا سەنگینە، بۆیە کاروانی خەباتی کوردایەتی خوێنی هەڵچونیان و لافاوی گەورەی لێ دروست بووە، ئەنجام داری بەرداری ئازادی و ڕزگاریی ئەم سەردەمەی لەکێڵگەدا تیا بە بەرهاتووە!

جوان ڕیزکردنی وشەکان و ڕەنگاڵی ڕەنگەکان چاو تیایاندا هیلاك نابێ، فەرهەنگی زمان هیلاك ناکات و بە شوێن گوزارەدا بچەسپێ بۆ؟ چونکە (د.نسرین) خۆی بێجگە لە شارەزایی لە ئەدەبدا تایبەتە بە زمانەوە بەپلەی (دکتۆرا و فەلسەفەی زمانی) وەرگرتوە، هێڵکاری وشەکان: **پە پولە  گوڵ  کۆرپە  ئەنجام پێشمەرگایەتی و جەنگاوەر.**



ئافرەتی سەر بە قوتابخانەی ئایدیایی شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا نەتۆقیوە لە شەقەی شوڵکی خوێناوی بیری چەقبەستوی نێرینەی زۆردار توانیویەتی بە ڕاژەی کەمیش بێت لە (دوندی فیمینزم)ەوە زەنگ هەڵبڕێ بە قامچی ڕۆشنفکری دوژمنی بتەزێنێ، واقی و ڕمێنێ بڕوای بە بونگەرایی خودی مێینە پێك بهێنێ بۆ؟ چونکە ئەم مرۆڤە، کە دەیانەوێت چەواشەی ڕێگەی ئاینی بە لافاوی لاساییکردنەوە سەری لێ بشێوێنن و نەهێڵن هەناسە بدات بەرەو مەودای پان و فراوانی مرۆڤایەتی هەنگاو بنێ إ

شاعیر لەگەڵ تیوری (فیمینیزم) بەرزی خوددا بەر ئاوێنەی نێرگیەتی نەگرتووە، حێل و مێخەکی خۆویستی هەڵواسێ بە سنگ و بەرۆکی ستەمکاراندا، بەڵکو نامەیەکی مرۆڤانەی نێو جیهانی (ئەنترۆپۆلۆژیا)ی هەیە بە ڕێگای بیری هۆنراوەی لە خەفاندنی نێو دڵی پڕ لە تاسەی ڕزگاری دەکات و خۆشی دەناسێنێ:

**گەر ئە پرسن ئەمن کێم**

**ئەوەم کە ناگۆڕم ڕێم**

**ئە پرسن شوێن و ناوم**

**من ئەوەم لەبەرچاوم**

**کچەکوردم نەك بەناو**

**بەدڵ وریام و بەچاو**

**بەهێز و تینی گیانم**[٣]

گەیشتن بە پلەی باوەڕ بەخۆبون، هەنگاوی ئازادیی بیر و دامەزراندنی هەڵوێستی دەرونی مرۆڤ باجی خەم و نامۆی و

پەژارەی زۆر دێتەسەر لە دیدی تاکی ناتەبا و کۆمەڵی چەق بەستو، تا بە وشەی جوان دەکەوێتە سەر نزای لەدایکبون خەڵکانێ بەو سەوداسەریە شارەزادەبن، خۆ ئەگەر ئەم مرۆڤە لە ڕەگەزی مێینە بێت، ئەوە دەبێت وەکو کوردان دەفەرمون (ئاگای لە داوێنی خۆی بێت) لەپێناو دانەخزانیدا بۆ ؟ چونکە کێشە ئافرەتی بونگەرایی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەت (کورد) (فیمینیزم)ەکە (جام بشکێ نەك برزێ).

واتای بابەتە هۆنراوەییەکە گفتوگۆ ئامێزە، بانگهێشتی خوێنەر دەکات بۆ کرانەوە لە گرێی باوکسالاری و پیاوسالاری و سەنگی بەرچاوی کۆپلەکەش گوزارەی (کچە کوردم) هۆنراوەکەی سەنگین کردووە.

بیرکردنەوەی شاعیرەکەمان مەودای قۆناغ بە قۆناغە و ماندونەناسانە لە خەباتکردنەکەیدا باوەڕی بە پشتی یەزدانی هەیە لە کارەکانیدا:

**ئەوەی کە لە دڵمایە**
**نامرێ و ئەگاتە پایە**
**شەرتە ئەگەر بمێنم**
**ماف لەزۆردار بسێنم**
**ڕێی ڕاست بگرم هەتا سەر**
**نەکەم ئەم بەرە و بەر**(٤)

سەد ئافەرین ئافرەتی ئەکادیمی هەڵگری بیری شۆڕشگێڕی یەك دید و یەك بەرنامە، دەیەوێت ئەو (نێرانە) ڕسوا بکات، کە هەر



ڕۆژە و لەسەر پەتێکی ڕامیاری قەڵم باز دەدەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بازنەیەکی جوانی سۆشیال دیموکراتییە و سەردەمەی چرۆکردنەی لەسەر زمانی (پرۆفیسۆرێ) کە (زمان) ئەرکی مێژوی بێت، هەمو دوژمنانی کوردستانی لە وشەی (زۆردار)دا کۆکردۆتەوە.

ئەنجام ئەم تیوری بیرکردنەوەیە لەگەڵ پەراوێزی ڕاستگۆیی خودی خەمناك یەکیان گرتووە و چرای باوەڕی بەرزیان دروستکردووە:

**مێشکم هاوڕێی ژینم بێ**
**هاندەری گشت تینم بێ**
**پشتیوانم بێ یەزدان**
**چرام بێ تیشکی ئیمان**(٥)

کۆتایی بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بە هۆنراوەی (من خوێناوی برینی تۆم) پەردەی شیکردنەوەی دادەنێتەوە، تا ساتی لەدایکبونی بەشی دووەم لە دەرفەتێکی گونجاوتردا سەرتاسەری بیری هۆنراوەکە ئەندێشەی تیژ لایەنی دەرونی هۆنیار ڕوناك دەکاتەوە و بانگەوازی خەمەکانی سەردەمی خۆی و تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارین:

**من خوێناوی برینی تۆم**
**من ئەو ئازارەم لە تۆ بوم**
**بۆیە بۆ تۆ هەر خەم دەخۆم**
**تۆ هەیت و بەس**
**تۆی بەروبووم**
**ئەو لەیلایەم مەجنونی تۆم**
**بۆیە بەبێ ڕەنجەڕۆم**(٦)



جێگاگۆڕکێی وشە یاریکردنە بە سونگەی ڕونبێژی بەکارهێنانی جێناو و ڕاناو لەم هۆنراوەیەدا ئاستی مۆزیکی هۆنراوەکەی بەرز ڕاگرتووە لە ئاساتی جۆرێ لە متمانەکردن و لە گومان دابڕان دروست دەکات و هاوپەیمانی خەباتگێڕان نیشان دەدات، (لەوچون لێچونیش) لە دامێنیەوە نازك دەرکەوتووە:

**شەوگار ئەکات و من ئەکەم**
**خوێنی برینی خۆم ئەمژم**
**چاکە خنکاوم لە خوێناومدا**
**خوێناوی خۆم ئەخۆمەوە**
**بە دڵ و دەروون و هەناسەم**
**جۆیە......کاسەم**(٧)

فیمینیزمی ڕامیاری لەگەڵ هێنانە ژێر باری ناتەبایی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ توانجی بەتوێکڵ و ڕەخنەی بەجێ لە پێکهاتەی کلتورەکانی چەقیان بەستووە لە دەرفەتی لایەنگری بێ دەر بەستانی شەومە و زەقی (سۆسۆلۆجیا)ش دەگرێت (کەی؟) (بۆ؟) کە لەگەڵ مافی پیاواندا مێینەکان زینە بەچاڵبکرێن و هەناسەیان لەبەر ببڕێت، بۆیە (د.نسرین)ی شاعیر پێش زەمەنی شیعر کەوتووە و تەمەنی بیر هەڵکشاوترە لە قۆناغەکە:

**من کێم**
**من کێم بێ تۆ؟**
**من چیم بێ تۆ؟ من هیچ نیم گەر دووربم لە تۆ**
**بە تۆ بەندم**
**من سەربەستم**(٨)



کە بەندەی تۆشم خۆشەویستیی نیشتمان و نامۆی دابڕان لە خاکی دایك، جۆرە ئاستانەیەکی دابڕان و خانەی خەمی مێژوی سامناکی بێ باوەڕی دروست دەکات، کەچی ئەم بە دژوارەوە ئەم دیاردەیە ڕەگی داوەتەوە لە بیریدا:

**هەستم دەمژێت**
**دەمخواتەوە دەرد و پەستی**
**من بەبێ تۆ**
**ون دەکەم ناونیشانی خۆم**
**شەوگار دەکات و من دەکەم**
**ئەو من دەخوات و من ئەو دەخۆم**(٩)

جەفەنگ نائاسایی بەکارهێنراوە و نابێتە هۆی شپرزەیی بیری هۆنراوەکە خوێندنەوەکە، چونکە هەست چۆن دەمژرێت، ئەی پەستی چۆن دەخورێتەوە!

## سەرچاوە و پەراوێز:


(١) د.نسرین فەخری، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٨٦، لاپەڕە (١٠).
(٢) سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (١٢).
(٣) سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (١٤).
(٤ ) سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (١٧).
(٥) سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (١٨).
(٦) سەرچاوەی پێشو،لاپەڕە (٨٣).
(٧) سەرچاوەی پێشو،لاپەڕە (٨٤).
(٨) سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (٩٢).
(٩) سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (٩٣).

# ژن

## لە بیری مەلایەکی کوردپەروەردا

نوسینی/ مەلا ئیدریس ژالەیی
adriszhaleiy@yahoo.com

پێش ماوەیەك لە نوسینێکمدا ڕەخنەم لە هەڵوێستی مامۆستا و زانایانی ئاینی کوردستان گرت، سەبارەت بە داخوازی ڕاگرتنی درامای (ئاریا) کە تیایدا مەلایەکی ئاینی دەورێکی خراپی دەگێڕا، ئەمەش ئەوەی گەیاند کە مامۆستا و زانایانی ئیسلامی ڕەخنەیان پێ قبوڵ ناکرێت و ڕازی نابن کەس باسی ناتەواییەکانیان بکات، بەڵام بێگومان ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستی سلبی مەلا و مامۆستایانی ئاینی لە ڕەوانگەی ئاینی ئیسلام و پێوەرەکانی عەقڵ و مەعریفە و دیموکراسیشەوە کارێکی ئاسایی و ڕێگە پێدراوە، بونی ڕەخنەش مانای حەیەوێت و هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە و لە بەرژەوەندیی میللەت و مامۆستایانی ئاینیشە، لەو نوسینەدا باسم لەوە کردووە کە لە مێژووی نەتەوەکەماندا لە پاڵ ئەوەدا کە کەسانێکی بەناو مەلا کارگەلی خراپ و نەشیاویان کردووە و هەڵوێستی سلبیان هەبووە، بەڵام مێژومان پڕە لە مامۆستا و مەلای کوردپەروەر و خەمخۆری گەل و نشتیمان، نمونەی ئەم مامۆستا پایەدارانە ( مەلا محەمەدی جەلی زادەیە) کە بە مەلای گەورەی کۆیە ناسراوە، زانایەکی گەورە و



موفەسیرێکی قورئان و شارەزایەکی بواری فەرمودەکانی (پێغەمبەر) درودی خوای لێ بێت و شەرع زانێکی بێ وێنەی سەردەمی خۆی بووە.

لەم نوسینەدا تیشک دەخەمە سەر مەسەلەی ئافرەت لە ڕەوانگەی بیری ئەم مەلا ئاینییەوە، کە بۆ ئێستای ئەمڕۆمان لە باسی ماف و ئازادییەکانی ژناندا پێویستە تۆز و غوباری ئیشکالە فیقهییەکان بتەکێنرێت و بە ڕونی و ئاشکرا باسی لێوە بکرێت، جەنابی مەلای گەورە وەکو خۆی لە کتێبی (المصقول فی علم الاصول، ص١٣) دەڵێت: (مێژوی لەدایکبونم وەکو بیستومە لە باوکم حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە و بینیومە بە دەستنوسی خۆی، من لە کۆتایی مانگی (ڕەجەب)ی ساڵی (١٢٩٣)ی کۆچی لەدایکبوم، لە دوای مردنی باوکم لە شوێنی ئەو خزمەتکردنی ئاین و زانست کەوتۆتە ئەستۆی من، لەو کاتەوە بە لێبڕاوی دەستم کردووە بە وانەوتنەوە و وتارخوێنی و ئامۆژگاری و فتوادان)، مەلای کۆیە زانایەکی ئاینی و خەمخۆرێکی نەتەوەیی بووە، هەر وەکو دەڵێت:

**هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم**
**عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە ماڵم**

ئازار و ژانی گەلی کورد بە پیاو و ژنەوە بووە بە خەمی گەورەی مەلای کۆیە و لە تێکڕای هەڵوێستی ڕۆژانە و پەند و ئامۆژگاری سەر مینبەری مزگەوت و حەڵقەی دەرسی فەقیان و گفتوگۆی ناو مامۆستایاندا بێ کۆڵدان لەسەر هەڵوێستی ڕەسەنی بەرامبەر بە ئافرەت تێکۆشاوە، ئەم مەلا ئاینییە جێگەی فەخر و شانازی مەلا و



زانایانی ئاینی کوردە و مایەی سەربەرزییانە، ئەمەش بە دەرخستنی ڕۆڵی کاریگەریی ئافرەت، هەروەها لە ڕێی داکۆکی کردن لە مافی ژنان و پێدانی مافی فێربون و زانست و زانیاری، لە کاتێکدا کە خەڵکی ئامادە نەبون کوڕیشیان بخەنە قوتابخانە، چونکە قوتابخانەیان بە سەرچاوەی خوڕەوشت و ئادابی بێ ئاینی دادەنا، ئەو کچی خۆی خستۆتە قوتابخانەی شارەوە، لە شیعرێکدا بڕیار ئەدات کە پیاو و ژن هیچ جیاوازییەکیان نییە، ناڕەزایی خۆی لەوە دەربڕیوە کە ئافرەت بە ناوی ئاینەوە لە گۆشەی ماڵدا بەند و چاو بەست بکرێت، مافی ئازادی و فێربونی زانست و زانیاری لێ قەدەغە بکرێت کە دەڵێت:

**ژنیش وەك موزەکەرە، عەینەن ئەویش بەشەرە**
**چاو لادانی لە سەرە، هەردوو لە یەك حوکم دان**

زۆربەی جار ژنان بە ناوی ئاین کە گوایە خواش خۆشی لێیان نایە چەوساونەتەوە و بێ ڕێزکراون، مەلای گەورەش لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێت:

**ژن زینەتی دونیانە، ئەمانەتی خودانە**
**حەبیبی موستەفانە، قەڵاتن لە بۆ مێردان**

ژن کە زینەتی دونیا بێت و ئامانەتێکی خوای گەورە بێت لەسەر زەویدا و خۆشەویستی خودابن کە بەڕێزترین و خۆشەویسترین کەسە لەلای خودا، ئیتر چۆن دەبێت بە بیانوی ئاینەوە ماف و ئازادییەکانیان قۆرخ بکرێت، بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلامی تەڵاقدان و جودابونەوەی نێوان ژن و پیاو یەکێکە لە کارە بێزار و



ناشیرینەکان، چونکە دەبێتە هۆی نا ئارامی و تێکچونی شیرازەی خێزان و دابڕانی منداڵ لە دایکوباوك، مەلای گەورە بێزاری خۆی لە ئاستی دانەمەزراندنی ژیانی خێزانی و تەڵاقدانی ژن بەم شێوەیە دەردەبڕێت و عادەت و ڕەفتاری (مارە بە جاش) بە پێچەوانەی ڕێنمایی قورئان دائەنێت:

**خودا دەڵێ لە قورئان ( الطلاق مرتان**
**فامساك بمعروف او تسريح باحسان )**
**بڵێن بە قەومی کوردان دەستی من و دامێنتان**
**عەیبە بە حەقی یەزدان ژن هێنان و تەڵاق دان**

ئەم مەلا هۆشیار و ڕوناکبیرە پارچە پارچەیی و ناتەبایی و پێکەوە نەگونجانی کورد ئەگێڕێتەوە بۆ هەڵوێستی نادروستی پیاوان بەرامبەر بە ئافرەت و بەهرەمەند نەبونی منداڵانی کورد لە دایکایەتییەکی ڕاستەقینەی دایکان، واتە دەڵێت گەلی کورد هەتا مافەکانی ژنان نەدەن، ئەوە هەر پارچە پارچە و پێکەوە نەگونجاو دەبن و نابن بە خاوەنی وڵاتی یەکگرتوی خۆیان:

**دەرحەق ژنان بێ باکن، بۆیە بێ داکی چاکن**
**سەیری حاڵی خۆ ناکەن، وەك دڕکن لەناو عەردان**

پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ و نەوەی دوارۆژ ڕاستەوخۆ و زیاتر پەیوەندیی بە دایکەوە هەیە و یەکێکە لە ئەرکە گەورە و مەزنەکانی سەر شانی ژنان و پلە و دەرەجەیەکی بەرزتری ژنە لەسەر پیاو، مەلای گەورە دەڵێت:

**تەربیە لەلای داکە، داك چاك بێ ئەولاد چاکە**

باب لە ئەصلا بێ باکە، فەرقی ناکا چەندان
داك مامۆستای فیکری یە، تەشەککولت لەوی یە
ماددی یا مەعنەوی یە، روشدە یا لە ڕێ لادان
کە داکی چاك نەبێ، سێصە حە دیتی نەبی
چلۆن تەئپیری دەبێ، وەك پف لە پەتك و سندان

هەر گەلێك خاوەنی ئافرەتی ئازاد و زانا و پێگەیشتو بێت، ئەوا دەبنە خاوەنی نەوەی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیر، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکان دەستبەسەر و کۆیلە و بیر تاریك بن، ئەوا ولأتیش هەر دواکەوتو و داگیرکراو دەبێت، مەلای گەورە بەراوردێك لە نێوان نەوەی ژنانی خاوەنی ماف و چاوکراوە و ژنانی مافخوراو و نەخوێندەواردا ئەکا و ڕونی ئەکاتەوە، کە منداڵی ژنانی ئازاد کەسایەتی ئازا و مەرد و هۆشیاریان لێدێتە بەرهەم و لە منداڵی ژنانی دەستبەسەریش مرۆی بەدبەخت و نەخۆش و تێنەگەیشتو دروست دەبێت، دەڵێت: ئەی گەلی کورد ئەگەر دەتانەوێ پیاوی مەرد و لێهاتوتان تێدا هەڵکەوێت، ئەوا با ئافرەتەکانتان ئازاد بێت و مافەکانیان پێشێل مەکەن:

**ژن ئەگەر بە حورمەت بێ، بێ زیللەت و زەحمەت بێ**
**بە تەربیە و ڕەحمەت بێ، دڵ گوشاد و لێوخەندان**
**کوڕی دەبێ وەکو شێر، عاقل و دانا و دلێر**
**بە دڵ غەنی، بە چاو تێر، سەردار و مەردی مەیدان**
**ژنێکی دەربەدەر بێ، دڵ پڕ غەم و کەدەر بێ**
**ڕەزیل و دەستبەسەر بێ، وەك مەحبوس لە نێو زیندان**



**دەبێ ئەولادی کو بێ، بێ ڕووەت و بێ ڕووبێ**
**مێشکی وەکو دوو بێ، ترسنۆك وەك یەهوودان**
**زەرد و زەعیف و باریك، گوێ گران و چاو تاریك**
**لووت بە چڵم و دەم بە لیك، سارد و سوك و سەرگەردان**

لە کۆتاییدا ئەمە چەند سەرنجێکی خێرا بو بە نێو چەند دێڕە شیعرێکی مەلای گەورەدا، کە لە ساڵ و سەردەمێکدا نوسراوە کۆمەڵ لە ئاستێکی هۆشیاریی زۆر نزمدا بووە، لەو کاتەدا هۆش و ویژدانی مەلای گەورە بێداربووە و هەستی مرۆڤانەی جوڵاوە و دەوری ئافرەتی زۆر بەرز نرخاندووە و تێکۆشاوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

**سەرچاوەکان:**

- خەباتی شیعری کوردی لە پێناو ئازادی ئافرەتدا، محەمەدی مەلا کەریم.
- تەفسیری کوردی لە سەر کەلامی خوداوەندی، مەلا محەمەدی کۆیی، ١٩٨٦ .
- فری فری قەل فری، مەلا محەمەدی کۆیی.

**تێبینی/** نوسەری ئەم بابەتە مامۆستای پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی (ژاڵەی حاجی قادرە) لە ناوچەی گەرمیان.



# کام شەوقی؟



ئامادەکردنی/ ساڵح هەلاج

(ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) ژمارە (١١٨) لە ١٣/ ٣/ ١٩٩٩ بلأوم کردۆتەوە، بەڵام لەبەر هەندێ زانیاریی زیاتر لە بابەتەکەدا بە گۆڕانکارییەکی زۆرەوە بە چاکی دەزانم جارێکی تر بلأوی بکەمەوە).

خۆشبەختانە ساڵانێکە کۆمەڵێ نوسەری دڵسۆزی گەلەکەمان لێرە و لەوێ باسکی مەردانەیان لێ هەڵماڵیوە بە شەو نخونیی و برینی هەورازی سەختی ڕۆژگار توانیویانە بە سەدان شاعیر و زانای گەلەکەمان لە چنگی دێوەزمەی لەناوچون ڕزگاربکەن .. ئەسڵی باسەکەمان هۆنراوەیەکە ساڵانێکە تێکەڵاوی خێزانەکەمان بووە، باوکم مرۆڤێکی خوێندەوار و ئەدەبدۆست و دەنگیشی خۆشبو، شارەزای مقامەکانی ئەلاویسی و قەتار و خاوکەر و خورشیدی بو، زۆر جار بە دەنگە زوڵاڵەکەی کۆڕی مەجلیسی خۆشکردووە و ئێمەیشی ئەلاواندەوە، یەکێك لەو هۆنراوانەی زۆرجار دوبارەی ئەکردەوە و زۆر سەرنجی ڕاکێشابوم، لە بەدبەختی تەنانەت باوکیشم نەیدەزانی هۆنراوەی کێیە، هەر ئەوەندەی لە بیربو، ساڵانی



چلەکانی سەدەی ڕابردو لە شاری خورماتو دەستی کەوتبو، هۆنراوەکە سیانزە چوارخشتەکییە، شاعیر وەك ڕێبازی شاعیرانی پێشو لە کۆتایی هۆنراوەکەدا ناوی یان نازناوی (شەوقی) ناوێك دەبات، وەك دەڵێت:

**بەحسی عەشق زۆر بێ حیسابە**
**(شەوقی )یە خانە خرابە**
**لە فکرمانا سەوابە**
**بۆ خەیاڵی زوڵفی خاو**

بە پێی ئەم چوارینەیە شاعیر ناوی یان نازناوی (شەوقی) بووە، بەڵام کام شەوقی؟

لە ئەدەب و ڕۆژنامەوانی کوردیدا ئێمەی کورد چەندین (شەوقی) ناوێکمان هەیە وەك:

1.***مستەفا شەوقی:*** ئەفسەری تەجنیدی شاری ڕەواندوز و خەڵکی سلێمانی بووە، لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بووە، پاش ڕوخانی سوڵتانییەتی عوسمانی گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، لە حکومەتی تازەی عێراقی لەناو سوپادا بەشداری کردووە، بەپێی ڕۆژنامەی فەرمی عێراقی (الوقائع) العراقیە ص (٤٣٠ – ٣٥٠) الاحد ٤ی تشرینی اول (١٩٢٥) فەرمانی مەلەکی ژمارە (٦١٥)ی بلأوکراوەتەوە، دەڵێ (بەپێی ماددەی (٢٣)ی دەستکاریکراوی یاسای ئەساسی: بە خواهیشی مەلەکی ئەم ئەفسەرانە خانەنشین کران، لە نێوان ٨ ئەفسەردا بە پلە و ناوی تەواوی ملازم الثانی (مصطفی شوقی بن رمضان) هاتووە[1] ساڵی (١٩٣٩) بە نەخۆشی دڵ لە ڕەواندوز کۆچی دوایی کردووە)[2].

2.***مستەفا شەقی:*** سەرنوسەری ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە ژمارە (١٥)ی ساڵی (١٩٢٢) ناوی هاتووە، هەروەها یەکەم ژمارەی گۆڤاری (پەیژە)ی ساڵی (١٩٢٧) بلاوکراوەتەوە[٣]، هەروەها ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی (پشتیوان)یش بووە.

3.***دکتۆر مستەفا شەوقی قازی زادە:*** مەهابادی بووە، پاش بەدەستهێنانی پلەی پزیشکی لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە ئەستەمبوڵ و تێکەڵاوی (حیزبی خۆیبون)ی کوردی بووە، بۆ کاروباری حیزبی و بلاوکردنەوەی بیری کوردایەتی گەڕاوەتەوە مەهاباد، لەگەڵ کاری حیزبیدا کاری پزیشکیشی کردووە، پاش سێ ساڵ مانەوەی لە مەهاباد لەلایەن پۆلیسی ڕەزاشای ئێرانەوە فەرمانی گرتنی دەدرێ، ئەویش خۆی دەرباز دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ و بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە لە ڕۆژنامەی (چین) و (کوردستان) لە ئەستەمبوڵ کاردەکات و شیعر و بەرهەمەکانی بلاودەکاتەوە لە نێوان ساڵانی (١٩١٨ و ١٩١٩)دا[٤].

4.***خەلەف شەوقی داودی:*** ساڵی (١٨٩٨) لەدایکبووە و خوێندنی لە قوتابخانەی عوسمانیدا تەواوکردووە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشداری کردووە و لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە بەدیل گیراوە و ڕەوانەی هیندستان کراوە و لە هیندستان فێری زمانی ئینگلیزی و هیندی بووە، پاش ئازادکردنی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کاری ڕۆژنامەگەری کردووە و لە شاری بەسرە ڕۆژنامەی ( ئەوقاتی عراقیە) لەگەڵ گۆڤاری (شط العرب) دەرکردووە، لە بەغداش ڕۆژنامەی (ئەوقاتی بەغدادیە) دەرکردووە، یەکێك بووە لە



دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (پشتیوان) لەگەڵ ڕەفیق حیلمی[٥].

محەمەد تۆفیقی کوڕی محەمەدی چۆڵەمێرگی خانی خالیدیی ناسراو بە (شەوقی): دیوانێکی شیعری چاپ نەکراوی هەیە بە زاری کرمانجی سەرو، ئەمیش نمونەیەکی بەیتی شیعرە:

**( محەمەد شەوقی ) خانی، تو پڕ بیژك بە زمانی**
**بسن شکوا ژ دورانی، بکس نابت وفائی فگ** [٦]

6.***مصباح الديوان:*** شاعیری موکریانی، ناوی عەبدوڵلا کوڕی ئەحمەد بەگی برایم بەگی ڕۆستەم بەگی کوڕی سەیف الدین لە ساڵی (١٨٥٩) زاینی لە گوندی ئەرمەنی بلاغی موکریان هاتۆتە دنیاوە، سەرەتا نازناوی (شەوقی) بووە، پاشان بە (ئەدەب) ناسراوە و زۆربەی شیعرەکانیشی چوارخشتەکی بووە.

7.وەك لەپێشدا ئاماژەمان بۆکرد، لە دنیای وێژەیی و ڕۆژنامەوانیدا چەندین (شەوقی) ناوێکمان هەبووە، لە دیوانی خەلیل منەوەری کاکەیی لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ( هەردەوێڵ کاکەیی) لە لاپەڕە (٤٧١)دا شیعرێکی مەلا خەلیل بۆ بەندکراو (سەید ئەمین شەوقی) لە بەندیخانەی کەرکوك بەناوی (خەندانم زوبید) بلاوکراوەتەوە، کاك هەردەوێڵ کاکەیی دەڵێت: (شەوقی ناوی (سەید سەمین)ە و خەڵکی کفری بووە لە سەردەمی خەلیل منەوەردا ژیاوە و شیعری بە دیالێکتی گۆران وتووە و نازناوی (شەوقی) بووە) . منیش هەرواى بۆ دەچم، چونکە باوکم شیعرەکەی لە خورماتو لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردو لەوێ دەستکەوتووە، هیچ گومانم نامێنێ ئەم شیعرە هی ( سەید ئەمینی،



شەوقی) گەرمیان بێت، چونکە ماوەی چڵ ساڵ زیاترە من ئاشنای ئەم شیعرەم و لە هیچ جێگایەك بەرچاوم نەکەوتووە هی کێ بێت، بۆیە بە شیعری (شەوقی) گەرمیانی بزانم، لە کتێبی (گوڵبژێرێك لە مێژوی شیعر و شاعیرانی گەرمیان) بەناوی (سەید ئەمین، شەوقی) بلاوم کردووەتەوە. هەر چەند ئەم شیعرە بە شێوەزاری سۆرانی وتراوە.

***ڕەشید شەوقی ئەفەندی:*** ساڵی ١٨٩٤ زاینی لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە، لە قوتابخانەی ڕوشدییەی سلێمانی و ئامادەیی سەربازی لە بەغدا و خوێندنی بالای جەنگی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە، لە سوپای دوی سوارەی ئالای میرزا قولی ئەفسەری پلە یەکەم بووە، ساڵی ١٩٢١ پەیوەندیی دەکات بە سوپای حکومەتی میللی کوردستانەوە لە سلێمانی لەگەڵ شێخ مەحمودی مەلیکدا و ماوەیەکیش دەچێتە شاخ، پاش ڕوخانی حوومەتی کوردستان لە سریەی نەقلییەی عێراقی بووەتە ئەفسەر، هاوکاری ڕۆژنامەی (دیاری کوردستان) بووە.

نوسین و شیتەڵکردنەوە لەسەر شەوقی شاعیر لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێ، چونکە توێژینەوەکانی پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عەبدوڵلا محەمەد حەداد و مامۆستایان کەمال ڕەئوف محەمەد و مومتاز حەیدەری لەسەر مستەفا شەقی زیاتر قسەکانیان ئالۆزکاندووە و یەك ئامانجی تەواویان بەدەستنەهێناوە و بە جۆری لەیەکیان داوەتەوە، زۆرجار مرۆڤ گومان لەوە دەکات یەك ( مستەفا شەوقی)مان هەبووە یان زیاتر، چونکە دو مستەفا شەوقی لە یەك



سەردەمدا ژیابن و شاعیر و ڕۆژنامەوان و نیشتمانپەروەر و سیاسی لە یەك ئاگادار نەبوبن، ئەمە کارێکی سەیرە.

گەر بە چاوێکی شیکردنەوە بڕوانینە شیعرەکانی دکتۆر مستەفا شەوقی قازی زادەی مەهابادی و مستەفا شەوقی پەیژە و ئەم شیعرەی لای منیش جیاوازی شێوە و دیالێکتی بەزەقی ناکرێ و منیش بە لەیەك نزیکیان دەزانم، چونکە شێوە سلێمانییەکەی زیاتر پێوە دیارە، بەلام دور نییە وەك کاك هەردەوێڵ کاکەیی سنور و شاعیرێتی شەوقی ناوێکی ترمان بۆ ئاشنادەکات، بەلام شێوەزارەکەی جیاوازییان هەیە، ڕەنگە لە ئەنجامی دەماودەمەوە یان شاعیر هەر بە زمانی سۆرانی ئەم شیعرەی هۆنیبێتەوە، هەر وەك وتم من زیاتر بە شیعری (سەید ئەمین، شەوقی) خەڵکی کفری دەزانم.

وەك مستەفا شەوقی پەیژە و دکتۆر مستەفا شەوقی قازی زادەی مەهابادی و ئەم هۆنراوەی لای منیش هەمویان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ خۆ دەربازکردن لە کۆتوبەندی زمانی دراوسێکان، بەتایبەتی لە تازەگەری شیعری کوردیدا، هۆنراوەکەی شەوقی لای من لە سیانزە چوار خشتەکی پێکهاتووە، من چۆنم وەرگرتووە لە باوکم وام نوسیوەتەوە، هەندی لەنگی لە کێشی هۆنراوەکەدا هەیە، ڕەنگە لە ئەنجامی دەماودەمەوە ئەو لەنگییە دروستبووە، بەلام شاعیر بە سەلیقەیەکی زۆرەوە لە دنیای خۆشەویستیدا تواوەتەوە، ئەمیش هۆنراوەکەیە:

-١-

ئاخ لە داست داغی فیراقت
قەدی ئەلفم بوو بەواو
من واسوتاوم لە ئیشتیاقت
خواردنم خوێن و هەم زوخاو

-٢-

خوێن و زوخاو بوو بەقوتم
عەشقی یاری تاك و بێ جوتم
وەختە لە بۆ بسووتم
بووم بە قەقنەسی سووتاو

-٣-

پڕ سووت و پڕ عەزابم
دڵ برین و جەرگ کەبابم
مەستی بادەیەك شەرابم
هەروەك تینووی سەرابم

-٤-

وەك تینووی سەرابم
من ساقی شوشە شکاوم
خوێن بەخوڕ دێت وا لە چاوم
هەر وەك سەیلی شەتاو

-٥-

کوا بادەی وەصڵی یارم



مودەتێکە ئینتیزارم
وا لە دووریت بێ قەرارم
هەر وەك مەلی باڵ شکاو

-٦-

هەر وەك سەیلی بەهارە
ئەشکی چاوم دێتە خوارە
ڕازی عەشقم بی بێ ژمارە
نایەتە حەد و حەساو

-٧-

نایەت حەساب بەدەفتەر
مەدحی یار قەد سنەوبەر
گەر بڵێم تا ڕۆژی مەحشەر
قەتعیەن نابێ تەواو

-٨-

قەت تەواو نابێ بەئاسان
هەر لە مەغریب تاخۆراسان
سەد هەزار وەك من هەراسان
پا لە زنجیر و قولاو

-٩-

پا لە قولاب دەست بەزنجیر
بە ستویەلێم ڕاهو تەکبیر
کوشتومیە ئاخر بە تەزویر



هەر وەك فەرەنگیەت شکاو

-١٠-

وەك فەرەنگیەت پڕ سوتەم
من شکستەی پاو و دەستم
وا لە بادەی عەشقا مەستم
بولبول ئاسا بۆ گولاو

-١١-

بولبول ئاسا پڕ مەراقم
من عاشقی یاری تاقم
چاوەڕێی وەصڵی مەراقم
حاڵ پەرێشان و جەرگ بڕاو

-١٢-

حاڵ پەرێشان دەر بەدەر خۆم
جەرگ بڕاو و قوڕ بەسەر خۆم
وەی لە ڕۆژ بەد بەتەر خۆم
بووم بە تەیری باڵ شکاو

-١٣-

بەحسی عەشق زۆر بێ حیسابە
( شەوقی )یە خانە خرابە
لە فکرمانا سەوابە
بۆ خەیاڵی زوڵفی خاو



***بۆ ئەم بابەتە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:***


1.گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٤١)، ئامادەکردنی مامۆستا کەمال ڕەئوف محەمەد.

2.نامیلکەی پەیژە، لاپەڕە (٣٠)، مامۆستا مومتاز حەیدەری.

3.گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٢)، ساڵی (١٩٧٥)، ئامادەکردنی دکتۆر عەبدوڵڵا محەمەد حەداد.

4.شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ، ئامادەکردنی خوالێخۆشبو (مستەفا نەریمان) .

5.ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە (١٥).

6.بوژاندنەوەی مێژوی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٨، چاپخانەی (ومیچ)، بەغدا، لاپەڕە (١٣١).

7.مێژوی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، ساڵی چاپ (١٩٥٢)، چاپخانەی (معاریف)، بەغدا، لاپەڕە (٤٠٠).

8.ڕۆژنامەی دیاری کوردستان، ژمارە (١٦)، ١٩٢٦، لاپەڕە (٣).

9.دیوانی مەلاخەلیل منەوەر، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هەردەوێڵ کاکەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە (٤٧١).

# دامودەزگاکانی بیرورِا لە ئەمریکا



ئاسۆ وەهاب
asowahab@maktoob.com

سیاسەتکردن و دروستکردنی بریاری سیاسی لە ئەمریکا تەنها لە دەستی پایە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی حکومی بە سەرۆك و کۆنگرسەوە نییە، بگرە تەریب لەگەڵ ئەم هێڵە دامودەزگاکانی بیرورِا یان ئەو دەزگایانەی کە بە THENK TANKS ناسراون رۆڵی کارا دەگێرن لە دروستکردنی بریاری سیاسی، ئەم دیاردەیە تا ساڵانێکی زۆر بە یەکێك لەو دیاردە ناوازانە دادەنرا، کە ئەمریکا پێی دەناسرا، ئەمرۆش بە سەرتاسەری جیهاندا ئەم دیاردەیە بڵاوبووەتەوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی بریار و پلاندانانی ئەم دامودەزگایانە، کە زۆربەی کات دارِشتنەوەی پلانەکانیان سەد ساڵییە.

دامودەزگاکانی بیرورِا لە ئەمریکا بە پێنج شێوە کاردەکەنە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە بریتین لە:-

١- دروستکردنی بیرورِا و ئەگەری نوێ و داهێنراو لە سیاسەتدا.

٢- ئامادەکردنی دەیان کادری لێهاتو بۆ کارکردن لە حکومەتدا.





٣- ئامادەکردنی شوێن بۆ گفتوگۆکردن لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدا.

٤- روناکبیرکردنی هاوڵاتی ئەمریکی لە بارەی کێشەکانی جیهان.

٥- ئیزافەکردنی ئامرازێکی تر و بێلایەن بۆ دامودەزگا فەرمییەکان، تا ناوبژیوان بێت و ئامۆژگاریی دروست بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

دروستبون و گەشەسەندنی دامودەزگاکانی بیرورِا:

ئەم دامودەزگایانە سەربەخۆن و ئامانج لە دروستبونیان لێکۆڵینەوەکردن و بەرهەمهێنانی ئەو مەعریفە سەربەخۆیەیە، کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، بەمەش ئەم دامودەزگایانە ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، کە لە نێوان جیهانی ئەکادیمی و جیهانی فەرمانڕەوایەتی سیاسی هەیە (زۆر جار هاندەری سەرەکی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان گفتوگۆی تیۆری و گرانە لەبارەی ئەو بابەتانەی کە دورن لە کێشە سیاسییە ڕاستەقینەکان، لە



بەرامبەریش دەبینین کارمەندانی حکومەت سەرقاڵن بە مومارەسەکردنی سیاسەتێکی رۆژانەی واقیعی و بە ئەنجام بەهۆی ئەو سەرقاڵییەیان ناتوانن لە دەرەوەی مومارەسەی دەسەڵاتەوە بروانە کارەکانی خۆیان و کەموکورتییەکان و ئەو هەڵانەی دەیکەن چارەسەر بکەن)، بۆیە دامودەزگاکانی بیرورِا یارمەتیدەرێکی کاران بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نێوان جیهانی بیرکردنەوە و جیهانی کارکردندا هەیە.

لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەسەندنی رۆڵی ئەمریکا وەکو زلهێزێك و سەرکردایەتیکردنی تاك جەمسەریانەی بۆ جیهان، دامودەزگاکانی بیرورِا گەشەسەندنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، بۆ نمونە لە سەرەتای دروستبونیان پێش سەدەیەك و لەو قۆناغەی کە بە قۆناغی گەشەسەندن ناسراوە، ئەم دامودەزگایانە بەشێك بونە لەو بزوتنەوەیەی کە کاریان کردووە بۆ ئیحتراف کردن (أحتراف) لە کاری حکومیدا، پەیامەکانیش لە سەرەتادا رون و ئاشکران و زۆربەشیان ناسیاسی بون، لەوانە برەودان بە بەرژەوەندیی گشتی لە رێگەی رێنمایکردن و نەسیحەتکردنی کارمەندە فەرمییەکانی حکومەت بە رێنمایی بێلایەنانە، تاوەکو لایەنێکی بێلایەن خۆیان پێشکەش بکەن، نمونەی ئەم دامودەزگایانە پەیمانگای حکومی بۆ لێکۆڵینەوەکانە(١٩١٦) کە دواتر بووە دەزگای برۆکنگز (١٩٢٧)، هەروەها دەزگای کارنیگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی (١٩١٠) یەکەم دەزگا بو بەتەنها بایەخ بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بدات، ئامانجیش لە دروستکردنی ئەم دەزگایە لێکۆڵینەوەکردن بو لە هۆکارەکانی جەنگ



و هاندانی چارەسەرکردنی ئاشتیانە بۆ جەنگ و کێشەکان.

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم گفتوگۆیەکی گەرموگوڕ دروستبو لەبارەی رۆڵی شیاوی ئەمریکا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لەم بارەیەوە دیارە لە زستانی (١٩١٧-١٩١٨) عەقید ئیدوەرد هاس ڕاوێژکاری سەرۆك وودرۆ ویلسۆن بەنهێنی کاریکرد بۆ کۆکردنەوەی چەند لێکۆڵیارێکی لێهاتو لە لیژنەیەکدا، تا لەسەر هەلەکانی ئاشتی دوای جەنگ کار بکەن، هەر ئەو لیژنەیە کە بەناوی گروپی بەدواداچون ناسرانەوە نەسیحەتی پێشکەشی ئەو وەفدە ئەمریکییە کرد، کە بەشداربون لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس، لە ساڵی ١٩٢١ چەندان لێکۆڵیاری لێهاتو پارێزەر و ئەکادیمیستی نیویۆرك چونە ریزی ئەو گروپە و (ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانیان) دامەزراند، ئەم دەزگایانە کە بە نەوەی یەکەمی دەزگاکانی بیرورِا دادەنرێت، یارمەتی زۆربەی ئەو رێکخراو و گروپە خۆجەییە رۆشنفکرانەیان دا، کە هەمیشە دەیانخواست ئەمریکا روانینێکی جیهانی هەبێت.

ساڵی ١٩٤٥ دەزگاکانی نەوەی نوێ دەرکەوتن، ئەم دەرکەوتنە پەیوەستبو لەگەڵ ئەو رۆڵەی کە دەکەوتە ئەستۆی ئەمریکا وەکو زلهێزێکی گەورە و بەرگریکەرێك لە جیهانی ئازاد، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی ئەمریکا سامانێکی گەورەی خستە بەردەم زانا و لێکۆڵەرەکان لە بواری بەرگریدا، راند کۆرپۆریشن نمونەیەکی زیندوی ئەم نەوەیەیە لە دامودەزگاکانی بیرورِا، کە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە دامەزرا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا چەندان دەزگای نەوەی سێیەم دەرکەوتن، کە زیاتر لایەنگر و بانگەشەکارن بۆ بیرورایەکی دیاریکراو، دەزگاکانی ئەم نەوەیە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر سیاسەتەوە هەیە، لەمانە دەزگای هیریتیج کە دەزگایەکی موحافیزکارە و لە ١٩٧٣ دامەزراوە، دەزگای لیکۆڵینەوە سیاسییە لیبراڵەکان کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە هیریتیج دەیگێڕێت.

هەنوکەش لە ئەمریکا زیاتر لە ٢٠٠٠ دەزگای بیروڕا هەیە و دابەشبونە بەسەر هەمو پانتایی گۆڕەپانی سیاسیی ئەمریکا، ئەمانە بریتین لە چەندان دەزگای جۆراوجۆر لە ڕوی بایەخ و شێوازی بیرکردنەوە و لایەنگرێتیان بۆ مەسەلەکان و وەرگرتن یان بەدەستهێنانی بودجە، لەوانە پەیمانگای ئابوری نێودەوڵەتی و دەزگای دیالۆگ لەنێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و پەیمانگای واشنتن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەر یەکەو بایەخ بە مەسەلەیەکی تایبەتی دەدات، لەپاڵ ئەمانەشدا دەزگای تر هەیە، کە بواری کارکردنی بەرفراوانە، وەك سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیژی و نێودەوڵەتییەکان، کە کار لە بواری سیاسەتی دەرەوە بە گشتی دەکات، لە بارەی بودجەوە ئەوا دەزگا هەیە لەبەر دەوڵەمەندی هیچ بودجەیەك لە حکومەتەوە وەرناگرێت و بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆی هیچ جۆرە یارمەتییەکی حکومی وەرناگرێت، وەك دەزگای برۆکنگز، لەپاڵ ئەمەشدا دەزگای راند زۆربەی بودجەکەی لە ڕێگەی ئەو گرێبەستانەوەیە کە لەگەڵ حکومەت و کەرتی تایبەتدا دەیبەستێت وەدەست دەهێنێت، چەند دەزگایەکی کەمیش هەن،



پشت بە بڕێکی دیاریکراوە یارمەتی حکومی دەبەستن، نمونەی دەزگای ئاشتیی ئەمریکییە.

یەکێکی تر لە خسڵەتەکانی دامودەزگاکانی بیروڕا ئەوەیە، کە وەکو کارگەی بەرهەمهێنانی بیروڕا دادەنرێت، هەروەها فەراهەمکردنی کەسانی خاوەن لێهاتوی و پسپۆڕێتی شیاو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمریکا ڕودەدات، لەگەڵ خستنەڕوی بەرنامەی کاری شیاو و گونجاو تا سەرۆکەکان بیکەن بە بەرنامەی کاری ماوەی فەرمانڕەوایەتییان، بۆ نمونە ساڵی ١٩٨٠ سەرۆك رۆناڵد ریگان چاپکراوێکی دەزگای هێرتیج بەناوی (التفویچ للتغیر) کردە بەرنامەی کاری خۆی.

نوێترین ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ کاتێك پەیمانگای نێودەوڵەتی ئابورییەکان لەگەڵ دەزگای کارنیگی ڕاسپاردەیەکیان پێشکەشکرد بۆ دامەزراندنی (ئەنجومەنی ئابوریی نەتەوەیی)، کە تاوەکو ئەمڕۆ وەکو دەزگایەکی کارا ئیشدەکات.

خسڵەتێکی تری دامودەزگاکانی بیروڕا ئامادەکردنی کادری ئیداری و پسپۆڕی لێهاتووە بۆ هاوکاریکردنی کۆنگرسمان و وەزیر و سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو، بۆ نمونە لە وڵاتانی وەك فەرەنسا و ژاپون حکومەتە تازەکان پشت بە بەردەوامبونی کارکردنی ژمارەیەکی زۆری کادیر و کارمەند و پسپۆڕی مەدەنی دەبەستێت، بەڵام لە ئەمریکا گواستنەوەی دەسەڵات لە سەرۆکێکەوە بۆ یەکێکی تر لەگەڵ خۆیان سەدان کادیر و کارمەند و پسپۆڕ دەگۆڕن، بۆ نمونە ئەو



کاتەی جیمی کارتەر بو بە سەرۆك دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٦ زۆرینەی کارمەند و کادیر و پسپۆڕانی حکومەتەکەی لە هەردو دەزگای برۆکنگز و ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان هەڵبژارد، دوای چوار ساڵیش رۆناڵد ریگان لە ماوەی هەشت ساڵی فەرمانڕەوایەتیدا پشتی بە زیاتر لە ١٥٠ کادیر و پسپۆڕی دەزگای هیریتیج و دامەزراوەی هۆڤەر و پەیمانگای ئەنتەرپرایز بەست.

دۆزینەوەی کاریش بۆ ئەو کادیر و پسپۆڕانەی کە حکومەت بەجێ دەهێڵن، کە ئەرکێکی تری دامودەزگاکانی بیروڕایە، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات تا ئەو کادیر و پسپۆڕانەی شارەزاییان هەیە لە مەسەلە هەستیارەکان پەیوەندییان هەبێت بەوانەی شوێنیان گرتونەتەوە، ئەمەش کاردەکاتە سەر زۆربونی ئەگەرەکان لەگەڵ ڕاسپاردە و پێشنیارەکان، بەمەش شێوەیەك لە حکومەتی سێبەر نافەرەمی دروست دەبێت، کە هاوبەشی ئەوانەی کە لە دەسەڵاتن دەکات، تا بە ڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام بدەن، بۆ نمونە مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی پێشو بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە دەرەکییەکانە، ستڕۆپ تالبۆت کە پێشتر یاردەدەری ئۆلبرایت بو ئێستا سەرۆکی دەزگای برۆکنگزە، بۆ نمونە ئەم دیاردەیە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بە (جەماوەری سیاسەتی دەرەوە) ناوبانگی هەیە، بە واتایەکی تر تا کۆڕایەك لە نێوان ئەو کارمەندانەی وەزارەتی دەرەوە و پسپۆڕ شارەزاکانی دامودەزگانی بیروڕا دروست نەبێت لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی دور و درێژ و بەردەوام هیچ دەستپێشخەرییەکی وەزارەتی دەرەوە لە ئاستی سیاسەتی دەرەوە



ڕونادات، باشترین ڕۆڵیش لەم بوارەدا ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان دەیگێڕێت، کە ئەنجومەنێکی سەربەخۆیە و ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە سەدان کۆبونەوە لە نیویۆرك سازدەدات.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەمڕۆ لە ئەمریکا زیاتر لە ٢٠٠٠ دامودەزگای بیروڕا هەیە و بە سەرتاسەری ئەو وڵاتەدا دابەشبونە، ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو دامودەزگایانە وابەستەی بواری کارکردنیانە، بۆ نمونە راند کۆرپۆریشن خاوەنی نفوزێکی زۆرە لە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، ئەم دەزگایە زیاتر لە ١٠٠٠ پسپۆڕی هەیە و بودجەی ساڵانەی لە ١٠٠ ملیۆن زیاترە و سەرپەرشتی پەیمانگای تر دەکات وەکو پەیمانگای هدسۆن ١٩٦١ و پەیمانگای ئیربان ١٩٦٨ و بایەخ بە مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوە دەدەن، دەزگای ئەنتەرپرایز و هێرتیج نفوزێکی باشیان لە حکومەت کۆماری ئێستادا هەیە، هەروەها ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان ١٩٢١ پایە و ڕێزی تایبەتی هەیە و لێکۆڵینەوە و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی بە بەردەوامی لەبەرچاو دەگیرێن.

**سەرچاوەکان:**


١/ منظمات الغير ربحية في امريكا، دراسة، أنترنت.

٢/ المؤسسات الفكرية، دراسة، أنترنت.

٣/ راند كوربوريشن، يوجد حل لكل المشاكل، مقالة، أنترنت.

٤/ موقع تقرير واشنطن.

٥/ كيف تفكر أمريكا، دراسة، أنترنت.

# نیهلیسیزم

ئارام مەلا نوری



**(هەمو شتەکان دەزانم، بەڵام بڕوا بە هیچیان ناکەم)**

**(فلۆبێر)**

مرۆڤ گەشتە ڕاستییەکانو قەناعەتی کرد لە دونیای (نهلیسییزم) دا، کەواتە مرۆڤێکی نیهلیسییتیە، چەند خۆشە ئەو کاتە هەمو دەوروبەرت بەدوای خۆشییەکانی ژیاندا هەڵپەیانە، تۆ بەپێچەوانەوە عاشقی مردن بیت!

یەکەم جار وشەی (نیهلیسییزم) لە(Nihilism)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، مانای پوچی یان پوچگەرایی دەگەیەنێت و بۆ یەکەمین جار لە بەرهەمی (ڕۆڵەکان و باوکان)ی (ئیڤان تۆرگینێف) لەساڵی (١٨١٨- ١٨٨٣)دا لەسەر زاری پاڵەوانەکەی دەرکەوتووە.



**بازۆف ئیشی چییە؟**
**دەتەوێت بزانی ئەو چییە و ئیشی چییە؟**
**بەڵێ برازای ئازیزم دەی فەرمو بیڵێ.**
**مامەگیان پێت بڵێم ئەو چی دەکا، ئەو نیهلیستییە.**

ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانەی کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر ئەم ڕێبازە (شوپنهاوەر، فۆیرباخ، نیتشە، داروین)، دیارە ئەم کۆمەڵەیە کاریان بۆ ئەوە کردووە مادە بکەنە سەرەکی و پشت لە ئاین و غەیب و میتافیزیکا بکرێت، وەك نیتشە دەڵێ: (خوا مرد).

هەروەها ئەو ڕۆماننوس و چیرۆکنوسانەی کە دەستی دیاریان لە (نیهلیسزم)دا هەبووە، وەك (داستۆیۆڤسکی، ئەلبێرت کامۆ، ژان پۆل سارتەر و کافکا)، کە لێرەدا هەوڵدەدەین کورتەیەکی ژیان و کارەکان و کاریگەرییەکانی ڕاکێشانی (کافکا) بەرەو ڕێبازی (نیهلیسییزم) بخەینە بەرچاو.

## نیهلیسییزم و دراما

دیارە (نیهلیسییزم) لەئەدەبدا زیاتر دەرکەوتووە وەك لە درامادا، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەلایەن هەواداران و تەرفتدارانی (شانۆی پوچ)ەوە کاری بۆ کرا و دەست بە پێشکەشکردنی کرا، سەرەتاکانی شانۆی پوچ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٧) کاتێك (ئەندرێ ژید) بەرهەمی (دادوەری)، (فرانتس کافکا)ی ئامادەکرد بۆ سەر شانۆ، هەروەها (یوژین یونسکۆ) ساڵی (١٩٥٠) شانۆی گۆرانی بێژی کەچەڵی ئامادەکرد، شانۆکارەکانی تریش وەکو (ساموێل بیکت) ڕەنگە لە هەمویان ناسراوتر و فەیلەسوفتر و



نیهلیستییتر بێت لە بواری شانۆدا، یان (ئارتۆر ئادامۆڤ) ساڵی (١٩٠٨- ١٩٧٠) کە شانۆی (مانۆڕی گەورە و مانۆڕی بچوکی) نوسی، ئەم نوسەرە ڕوخسارێکی خەماوی هەبو، گۆڕەوی لەپێ نەدەکرد و هەمیشە بێهودەی و بێباکی پێوە دیاربو.

## کافکا و نیهلیسییزم

کاری نوسەر داهێنان نییە وەکو دەڵێن، بەڵکو بە بیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییانەیە کە درکی پێ ناکرێت و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵی دەژین.

لە ڕێکەوتی (٣) جولی (١٨٨٣)دا لە شارێکی نزیك **پراگ هێرمان کافکای** جولەکە و **ژوولی لووی** باوەڕ بەخورافیات منداڵێکیان بو کە بە نێوی (فرانتس) پادشای **ئۆترشش ـ مەجەرستان**، ناویان لێنا **فرانتس**، کە دواتر فرانتس کافکای لوسو دەنگ نیمچە پیاوی لێ دەرچو، کە هەمیشە هەستی بە کەمی دەکرد.

باوکی فرانتس کافکا خوێندەوارێکی خۆبەزلزانی لەخۆڕازی بووە، هەر ئەوەش وای کردووە کافکا هەمیشە لێی بترسێت، لەکاتێکدا هەرگیز باوکی دەستی بەرز نەکردووەتەوە لە بەرامبەر کوڕ تاقانەکەی، بەڵام ڕستەگەلی هاوشێوەی **(وەك ماسی سکت هەڵدەدڕم)** لەلایەن باوکیەوە کاریگەریی زۆری کردووە لە سەری و دواتریش بووەتە هەوێن و بابەتی سەرەکی نوسینەکانی.




کافکا

## دیاریکردنی چارەنوسی کافکا

دژایەتیکردنی باوك لە ئەنجامی ئەو دژایەتیەش دژایەتیکردنی جولەکە (یەهودی) ژیانێکی ناخۆش و سادە لەوێ کە باوکی بە نوێنەری یاسا و کۆمەڵگاکەی دەزانی.

بۆ تێگەیشتنی خوداوەند کەوتبووە گەڕانێکی شەخسی ورد، بەڵام بەدەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی جدیەت لەگەڵ تەنیاییەکەیدا ڕابهێنێت وەك (کیرگ گارد) دەزگیرانەکەی خۆی دوادەخست، تا دوایی بەتەواوەتی وازی لێهێنا و چاوپۆشی لە ژن و مێردایەتی کرد.

## دو شت زیاتر کافکایان بەرجەستەکرد

**یەکەم/** ئەگەر چی خوێنی جولەکەبو، بەڵام هەمیشە ڕای کردووە لە کۆمەڵگای جولەکە، بەشێوەیەکی وەها لەناو چیکدا پێیان وتوە ئەڵمانی و لەناو ئەڵمان وتویانە جولەکە و لەناو جولەکەش جولەکەیەکی کەم پەیڕەو بووە (لائیلتیزام).

**دووەم/** نەخۆشی سیلی هەبووە، کە دەردێکی بێ دەرمانبووە، ئەوکات وای کردووە کە تەنیایەکەی ببێتە دوقات بۆی.

## کافکا و ئاین

هەرچەندە (ماکس برۆد) ناچاری کرد تا زمانی عیبری فێربێ و کتێبی (تلموز) بخوێنێ، بەلام (کافکا) هیچ کاتێک خەلوەتی خۆی لەدەست نەداوە، بۆئەوەی لە کۆمەلگەی جولەکە تێبگات.

برۆد دیسان لە ژێرسەری دەخوێنێ و دەیەوێت دوبارە ڕێنوێنی بکاتەوە، بۆئەوەی باوەڕی بە یەهودییەت هەبێت، بەلام هیچ سودێکی نابێ، کافکا بە هاوڕێکەی دەلێت: **(من چیم بە جولەکەکان دەچێت؟)** لە ئەنجومەنی سروتی ئاینی دێنە دەرەوە و (کافکا) بە توانجەوە بە هاوڕێکەی دەلێ: **(ئەگەر ڕاستیت دەوێ وەك ئەوە وابو لەنێو ڕەشکێوی ئەفریقیەکاندا بوبین، ئەو شتە پڕوپوچانە چی بون!).**

یان لە یاداشتی شەخسی خۆیدا نوسیویەتی: **(نەك کەسانی وەك کیرك گارد نەیانتوانی دەستی ماندوی مەسیحیەت ئاشنای ژیانم بکەن، بەلکو پەیڕەوکەرانی سەهیۆنیەتیش چ لەبەرایدا و چ لەدوایشدا نەیانتوانی ئارەزوی ئیسرائیل لەمێشکمدا بچەسپێنن).**

## کافکا و دیتران و مردنی

پەیوەندی لەگەل هەمودا باش بووە، بەتایبەت بلاوکەرەوەی بەرهەمەکانی (ماکس برۆد) زۆری خۆش ویستووە، وەك پێویست بێت لە ژیانیدا، خۆی لە یاداشتەکانیدا دەلێ: (دەبێت زۆربەی کاتەکانم تەنیا بم، چونکە بەختیاریم لە دەولەتی تەنیاییەوە دەست دەکەوێت)، لەهەرا و هوریا و جەنجالی هەلهاتووە، پێی وابو



بەمە دەکەوێتە نێو ژیانەوە، لەسالی ١٩١٣دا نوسیویەتی (لەم سالانەی دوایدا ڕۆژی بیست قسەم لەگەل دایکمدا نەکردووە، لەگەل باوکمدا تەنها سلاوێکم کردووە، لەگەل خوشکوزاواکانیشمدا بێ ئەوەی هیچ لەنێوانمان هەبێت، هیچ قسەم لەگەل نەکردون)، لەسالی ١٩١١ لەگەل **ماکس برودی** هاوڕێی بۆ ولاتانی فەرەنسا ئیتالیا و سویسرا سەفەری کرد، لە ١٢ ئوتی ١٩١٢ لە مالی هاوڕێکەی لەگەل **فلیسە بوێر** دیداری کرد، ئەمەش بووە دۆستایییەکی تارادەیەك درێژ خایەن، ماوەیەك مالی باوکی جێهێشتووە و خانویەکی لە گەڕەکی کیمیاگەرانی پراگ گرتبو و بە مانگانەیەکی کەم دەژیا، لەوێ نەخۆش کەوتووە و توشی سیل بووە، لەسالی ١٩١٧ خوێنی هێناوەتەوە و چەند سال بو خۆیشی مۆتەکەی مەرگی هەر لەبەر چاو بووە، لە سالەکانی کۆتایی ژیانیدا نزیکی بەرلین گۆشەگیری هەلبژاردووە، تا هەلی زۆری دەست بکەوێت بۆ نوسین، کافکا لەسالی ١٩١٩ لەوپەڕی خەمۆکیدا بۆ پەرستاریکردنی نەخۆشیەکەی ویستی زەماوەند لەگەل **ژولی هوریزك** بکات، کە کچی پینەچی و خزمەتکارێکی کەنیسەبو، بەلام دژایەتی باوکی کافکا لەگەل زەماوەندێکی ئەوتۆ حەتمی بو، بۆیە لەوپەڕی بێئومێدی لە ژنهێنان، ژنێك بەنێوی **میلینا یەزنیسکا پولاك** وەرگێڕی بەرهەمەکانی کافکا و ژنی یەکێك لە دۆستانی خۆی بو، بۆ ماوەیەکی کورت هاتە ژیانیەوە، تەنیا ژنێکی غەیرە جولەکەبو و پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەل کافکادا گرێدا، ئەو لەکافکادا بەدوای ڕاستی و دروستییەکاندا دەگەڕا کە لە مێردەکەیدا نەیدەدۆزییەوەو، دواتر بەینی لەگەل مێردەکەی باشبو، کافکا لە ژیانی ئەوان



دورکەوتەوە، بۆ ماوەیەکی کورت لە هاوینی ١٩٢٣ دواین کەسێك توانی بێت و کەلکەلەی زەماوەند بخاتە مێشکی کافاوە **دورا دیمانت** کچە جولەکەی پۆلندی بو، دورا ٢٠ سال لە کافکا مندالتر بو لەگەل کافکادا ژیا، هەتا مردنی بە نەخۆشی پڕوکێنەری سیل، لەهەمان سالدا بەشێوەیەکی غەمبارانە لە نزیك ڤیەننا لە تەمەنی ٤١ سالیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی توشبوانی نەخۆشی سیل نێژرا، بۆ هەمیشە **پراگ** ئەو شارەی کافکا وەکو شەمشەمەکوێرە نوسابو پێوەی و بەجێی هێشت.

## بەرهەمەکانی کافکا کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی فارسی و کوردی

ئەمانەن: (لە کەنیسەکەی ئێمەدا، نامە بۆ باوکم، دیواری چین، کۆشك، دادوەری، مەسخ، میوانی مردوان، پزیشکی گوند، قارەمانی برسێتی، شمشێر، گریگۆسی ڕاوچی، گروپی حوکمدارەکان).

**سەرچاوەکان**

1.ڕێبازە ئەدەبییەکان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر هیمداد حسێن.
2.ژیان و کەسایەتی کافکا، وەرگێڕانی: ئیسمایل ئیسمایل زادە.
3.نامەیەك بۆ باوکم، وەرگێڕانی: جەلیل عەباسی.
4.(کافکا)، وەرگێڕانی: محەمەد کەریم، کتێبی گیرفان.



# ماکس وێبەر
(1920-1864)



١-٢

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هۆشیار عومەر**

وێبەر کوڕی پارێزەرێکی دیار و جێگری لیبرالی نەتەوەیی لە پەرلەمانی ئەلمانیا لە ئیفۆرت لەسالی (١٨٦٤) لە دایکبووە، وێبەر خوێندکارێکی زۆر زیرەك بو لە چەندین بابەتدا و دواتر بو بە پرۆفیسۆری ئابوری و یاسا و زانستی سیاسی، هەرچەندە وازی لە لایەنی وانەوتنەوەی ئەکادیمی هێنا، پاش ئەوەی لەسالی (١٨٩٧) توشی گرفتی مێشك بو، چەندین بەرهەمی سەرەکی نوسی لە بواری

جیاجیادا، بە تایبەت پەیوەندیی نێوانیان: لە نێوان یاسا و ئابوری لە لایەك و جڤات و ئابوری لە لایەکی ترەوە .. هتد، لێکۆڵینەوە لەم پەیوەندییانە بو بە هۆی ئەوەی کە وێبەر گەشە بدات بە دیدێك بۆ مێژوی مرۆڤایەتی، بە تایبەت بەرامبەر مۆدێرنێتە، هەروەها بون بەهۆی بەرەوپێشچونی سەرەکی لە میتۆدۆلۆژی و تیۆردا، هەمو ئەمانەش بون بەهۆی دەرکەوتنی ناوبانگی وێبەر لەناو دیارترین کۆمەڵناسەکاندا، هەرچەندە باسکردنی یەك بابەت بە ئەستەم دادپەروەرانەیە بەرامبەر ڕوناکبیرێکی قوڵ و بەدەستهێنانەکانی، وێبەر لەساڵی (١٩٢٠) ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

دیارە وێبەر بەشدارییەکی دیاری کرد لە سۆسۆلۆژیای سیاسیدا، بەڵام نوسینەکانی ڕون نین لە بواری تیۆری سیاسی دەربارەی ڕێکخستنی جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت تیۆریەك دەربارەی بەجیهانبون لە نوسینە جیاجیاکانییەوە هەڵبهێنجرێت، هەروەها نوسینەکانی دەربارەی جیهانی مۆدێرن کە گشتیشن و کاری کردۆتە سەر ژمارەیەکی زۆری بیرمەندی سیاسی، وێبەر لەهەمان کاتدا ڕاستەخۆ دەربارەی سیاسەتی ئەو کاتەی ئەڵمانیا نوسیویەتی (دواتر خۆی کاندیدکردووە بۆ پەرلەمان)، کە لەمەوە دەتوانرێت تێڕوانینی گشتی دیاریبکرێت، بەڵام وێبەر هەمیشە هەوڵی دەدا، کە ڕاچێتە و ڕێنماییەکانی بە تەواوەتی بە دور بگرێت لە دەرئەنجامە زانستییەکانی.

وێبەر وەکو "مارکسی بۆرژواز" وەسفکراوە، هەرچەندە لە ڕاستیدا ڕێزی مارکسی دەگرت و کاریگەریی ئەویشی لەسەر هەبووە،



زۆر لە دەرئەنجامەکانی بەربەرەکانی بیروباوەڕە سەرەکییەکانی مارکس دەکات، لەوانەش سروشتی لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی و مێژویی، ڕۆڵی ئایدیاکان لە مێژودا، هەروەها سروشتی مۆدێرنێتە.

جیاوازیی بنچینەیی هەیە لە میتۆدۆلۆژدا، لە کاتێکدا لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی و مێژوی مارکسیست دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتی و مێژوییەکان، وێبەر سورە لەسەر ئەوەی کە لێکدانەوەیەکی گونجاو پێویستە گرنگی بە تێگەیشتنی بەشداربووەکانیش بدات، کردارەکانیان دەبێت لە خۆیاندا واتاداربن، کە ئەمەش بەگشتی پەیوەندیی هەیە بە تێگەیشتنی گشتییانەوە بۆ واقیع و ئەو هۆکارانەی کە واتا دەبەخشێت بە کردارەکان، کردارەکان لەبەر هۆکاری سۆزداری یان گرنگیدان بە شێوازەکانی ڕەفتاری ترادیسۆن جیبەجێدەکرێن، بەڵام ئەمانە کەمتر عاقلانەن بە بەراورد بەو کردارەکانەی کە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێك ( بە واتای کۆتایی بیرکردنەوە)، یاخود لە پێناوی هەندێك بەهادا (بیرکردنەوە لە بەها) ، وێبەر بە باشی ئاگای لەوە بو، کە ئێمە شتەکان دەکەین لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری تێکەڵی لەم شێوە، بەڵام جیاکردنەوەکان دیارن و یەکێك پێش ئەوانیتر دەکەوێت لە گرنگیدا.

کرداری کۆمەڵایەتی پێکدێت لە ڕەفتاری مانادار لە چوارچێوەی گەردونێکی مانادارا، ئەمەش ئەو مانا دەبەخشێت کە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و مێژوییەکان پەیوەندییان بە ئایدیا و شێوازەکانی بیرکردنەوەی خەڵکەوە هەیە، وێبەر پێش هەر شتێك هەوڵیدەدا کە سروشت و گەشەکردنی مۆدێرنێتە شیبکاتەوە، هەروەها ئەوەی کە



بۆچی لە ڕۆژئاوا ڕویداوە نەك شوێنێکی تر، وێبەر پێیوابو کە شیکردنەوەی ئاینەکان بە گوێرەی شارستانییەتە جیاوازەکان بۆ ئەم کارە جەوهەرییە، لەبەرئەوەی کە هەمو کۆمەڵگەکان پێش مۆدێرنە بە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە ئایین بو کە دیدی جیهانی بە فراوانی و پێشینەی ڕۆشنبیریی گشتی دابینکردبو، وێبەر دەربارەی ئاینەکان و پەیوەندییان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی جڤاتەوە لێکۆڵینەوەی کردووە، وەکو ئابوری و یاسا بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە شتێك هەیە دەربارەی مەسیحییەتی ڕۆژئاوا، کە ڕێگە خۆشکەربووە بۆ سەرهەڵدانی جیهانی مۆدێرن.

لە بەناوبانگترین نوسینیدا (ئیتیکی پرۆتستانت و ڕۆحی سەرمایەداری)ی ساڵی (١٩٠٥)ە، کە وێبەر پێداگری دەکات کە سەرمایەداری تەنیا لە ئەنجامی فاکتەری ئابورییەوە سەری هەڵنەداوە، ژمارەیەك ئایدیای سەرەتاکانی یرۆتیستانتیزم کە لە ئاینەکانی تردا بونیان نییە (لەوانە چەمکی بەجیهانیبون و بەتایبەتی تێگەیشتنی کالڤینیست کە سەرکەوتنی دنیایی نیشانەی هەڵبژاردنە) بە نائەنقەست بو بەهۆی بەڕێکەوتنی شەمەندەفەری پێگەیشتنی سەرمایەداری کە لەو کاتەدا بو بە دیاردەیەك کە پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵام ئەمانە ڕویان نەداوە بەبێ پاڵنەری نائابوری لە سەرەتادا.

جگە لەمەش بە ڕای وێبەر سەرهەڵدانی سەرمایەداری چەقی مۆدێرنێتە نییە، کە بە کەمی و زیادی هەمو شتەکان لێکدەداتەوە (هەروەکو بۆ مارکسیستەکانیش وایە)، بەڵام سەرمایەداری تەنیا



یەك لایەنی گەشەکردنێکی فراوانترە، کە ماهییەتی ڕاستەقینەی مۆدێرنێتە پێکدەهێنێت، ئەم گەشەکردنە فراوانە وێبەر ناویدەنێت "بە ئەقلانیکردن" و نەك تەنیا چالاکیی ئابوری، بەڵکو ڕێکخراوە حکومی و کۆمەڵایەتییەکانیش بە گرنگ دەزانێت، هەروەها ژیانی ڕۆشنبیری. وێبەر دیسان پێداگری دەکات کە ئایین کاریگەری هەیە لە بونی مەسیحییەتی ڕۆژئاوا، کە هانی چالاکبون دەدات لە جیهاندا وەکو "ئامێری خودا"، بۆئەوەی کشانەوە و ڕێگەخۆشکەر بوبێت بۆ گەشەکردنی مانای کۆتایی بە ئەقلانیبون ، یاخود بیرکردنەوەی ئەفسانەی ڕۆژهەلاّتی و ڤێزەونی بۆ ئەم شتە دنیاییانە.

ئەوەی کە بە ئەقلانیکردن بایەخی پێدەدات بریتییە لە سەرهەڵدان و سەرکەوتنی مانای کۆتایی ئامێری بیرکردنەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەقلانیترین ئەوەیە، کە باشترە لە بەدەستهێنانی ئەنجامەکاندا، بە مانایەکی تر بیرکردنەوە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکان تا شوێنکەوتنی بەهاکان، سەرمایەداری بەم مانایە ئەقلانیترین فۆرمی ڕێکخستنی ئابورییە، بەوەی کە ئازادە لە ئاینەکانی پێشوتر و لەبەرچاوگرتنی ئیتیکی وەکو "نرخی دادپەروەرانە" و نائاکاریبونی سوخواردن، هەروەها ئەژمارکردنی هەمو شتێك بە پارە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی بازاڕەوە.

سەرهەڵدانی مانای کۆتایی بە ئەقلانیبون بەهیچ شێوەیەك پەیوەست نییە بە لایەنی ئابورییەوە، گرنگتر لەوەش وێبەر بەشێوەیەکی گشتی باس لە گەشەی ڕێکخستنی ئەقلانی دەکات، بە واتای گەشەی بیۆکراسی لەگەڵ ڕیزبەندی ئەفسەرە موچەوەرگرەکان

لایەنی زیاتری جڤات دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئەقلانی، بیۆکراسی باشترین فرۆمی گونجاوی ڕێکخستنی مرۆڤە بە ڕێکخستنی سەرمایەداریشەوە، بە داخەوە ڕێکخستنی ئەقلانی تاکو توندتر و لەوێشە بە "نامرۆڤکردن" هەبێت، ڕێکخستنەکە کاریگەرتر و گونجاوتر دەبێت و دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی بەش بەشکردنی تاك، کە وێبەر ناوی نابو "دابەشکردنی ڕۆح"، لە ڕێگەی سەرمایەداری و بیۆکۆاسییەوە کە دەکاتە گەشەکردنی بەردەوامی بە ئەقلانیکردنی ژیانی کۆمەلاْیەتی دەبێتەهۆی هێنانەخوارەوەی تاك بۆ کارمەندێکی بێسودی ڕوت لە ئامێری سۆسیۆئابوری کافکائاسا.

بەمەش ئاماژەی وێبەر بۆ "قەفەسی ئاسنینی مۆدێرنێتە" (ئیتیکی پرۆتستانت و ڕۆحی سەرمایەداری)، هەرچەندە لە سەرمایەداریدا تارادەیەك ڕێگە دەدرێت بە تاکگەرایی و داهێنان بە تایبەت بۆ سەرمایەگوزار، لە سۆسیالیزمی مارکسیزمدا وێبەر تێکەڵکردنێکی پێویستی بیۆکراسییە حکومی و ئابورییەکانی بە یەك ڕێکخراوی بەهێز، کە بتوانێت تاکگەرایی بە تەواوەتی وردوخاش بکات بە دیدەکرد، کە ئەمەش وایلێکرد ببێتە ڕکابەری بەهێزی وێبەر.


**Reference:**

Adams‹ Ian and Dyson‹ R. W., Fifty Major Political Thinkers, London: Routledge, 2007, p (164-166).






# لێکدانەوەیەك بۆ چەمکی ڕۆشنبیری

نوسینی : کەریم ئەحمەد تایشەیی

بواری ڕۆشنبیری پانتاییەکی گەورەی ژیانی فیکری مرۆڤایەتی لە ئامێز دەگرێ، هەر لە سەرەتای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم چەمکە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان چەندین شرۆڤەکاری و واتای جۆراوجۆری دراونەتە پاڵ، هەر تاك و بیرمەندێکش لە ڕەوانگەی تایبەتی ئەوەوە چەمکی ڕۆشنبیری لێکداوەتەوە و لەم نێوەندەشدا لایەن و کایەیەکی تایبەتییان زەق و بالاْدەست کردووە بەسەر ئەوانی دیدا، بە تێڕامان لە هەر لێکدانەوەیەکیشاندا مرۆڤ ناتوانێ لەو ڕەوانگەیەوە کارەکە بە هەڵە بەرێت و کۆششەکە بێ مروەت دابنێ، بەلاْم ئەوەی دروست و باوە زیاتر دو ڕامان لە دو لقی زانستەکاندا بەدی دەکرێ، وەك ئەوەی زانای ( ئەنسرۆپۆلۆجی) ئەمریکی (ڕاڵف لینتن) بە دەری خستووە کە یەکەمیان لە ڕوانینێکی کۆمەڵناسیانەوەیە کە ڕۆشنبیری بریتی دەبێ لە هەمو



ئەو دیاردە باوانەی لە نێو کۆمەڵێکدا بەدی دەکرێ لە ئێستادا، واتە لێرەدا ئاکارە مرۆییەکانی کردۆتە بەدیهێنەری ڕۆشنبیری و دەرئەنجامەکانیش کە لێی دەکەنەوە پێی دەپێورێ، هەرچی ڕودانی دووەمیانە لە بۆتەی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، ناوبراو تەواوی پێکهاتنی ڕۆشنبیری لە دەرئەنجامی چالاکی تاکەکان لە ژیانیاندا بە پێی چونیەتی بەرجەستەکردنی ئەو دەرئەنجامانە لە جڤات و نەتەوەدا بە هەند دەزانێ، واتە لە دووەمیاندا خوڵقێنەرەکەی ئاراستە و ویستی مرۆڤە، نەك کۆمەڵگە وەك لە ئاراستەی یەکەمدا دەبینرێ، ساغکردنەوەی پێناسەکردنی ڕۆشنبیری هەرچەندە کارێکی ئاسان نییە لە وەها گوتارێکدا پەی بە تەواوی ناساندنەکانی نابردرێ، بەلاْم لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ دروستی خۆی بۆ دەستنیشان بکرێ، مێژونوسی ئەڵمان (گۆستاف کلیم) خۆی بە دور ناگرێ لە بۆچونی دووەم و دەڵێت: تەواوی ئەو دیاردانەی کە تاك لە دابونەرێت و بیروباوەڕ و زانست و زانیاری لە پەیڕەوکردنیدا دەبێ لە ژیاندا بەدیهێنەری ڕۆشنبیرییە لای تاك.

دیارە ئێمە ئەگەر لە مێژوی ڕۆشنبیرییەوە بدوێین بەبێ جیاکاری و بێینە سەر ئەو پێوەدەنگەی ئێستە باوە، ئەوا دەکەوینە هەڵەوە، چونکە هەرکات و سەردەمێك مامەڵە و پێوەری ڕەچاوەکراوی خۆی پێویستە وەك هەر بوارێکی تر کەرەستە و ماتریاڵییەکانی دەگۆڕێت، (سیسرۆن) لە دەستپێکی ئەو کەسانە بون کە فەلسەفەیان بە (ڕۆشنبیریی ڕۆح ) ناوزەد کردووە، دیارە ئەم کارەش ئەگەرچی تەسکردنەوەی بواری ڕۆشنبیرییە، بەلاْم وەك وتمان بۆ زەمانی



ناوبراو بەسە دانایی پەروەری و خۆش ویستنی زانایی کە کارێکی ئەستەمە و بە کەم کەس دەوترا بگاتە خۆراکی ڕۆح، (یوهان هیردر) ی فەیلەسوف و شاعیری ئەڵمانیش ڕۆڵی ڕێبەری دەدرێتێ لە بەکارهێنانی وشەی ڕۆشنبیری، ناوبراو لە سالانی (١٧٨٤-١٧٩١)ز و لە کتێبی (بیروبۆچونەکان لە مەڕ فەلسەفەی مێژو پاش تاوتوێ کردنی چەمکی ڕۆشنبیری و لە ژێر کاریگەریی بیری جان جاك ڕۆسۆدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕۆشنبیری بە ئامرازی ململانێی مرۆڤ بزانێ لە پێناو سەلماندن و مانەوەی خۆیدا) ، هێردر پێی وایە میکانیزمی ڕۆشنبیری لەو ترادسوێنە کۆمەلاْیەتییانەوە دەردەکەوێ کە ئاراستەی کرداری تاکەکانی دیاری دەکەن، واتە ناوبراو ئەوەمان بەر گوێ دەخات کە تاك لە ڕێگەی چونیەتی پەروەدەکەیەوە کەسایەتی مەعنەوییەکەی خۆی دەخوڵقێنێت، ئەمەشە هەمان ئەو بیرەی ڕۆسۆ لە سەردەمی خۆیدا و زانستی دەروناسی لە ئەمڕۆمان دەسەلمێنێت کە لە سەری کۆك و یەك دەنگن.

لە ڕاستیدا تێنەگەیشتنی تەواو لەم بوارە دەمانخاتە کەڵەکەی ئاوێتەکردنێکی بێ سەروبەر کە لەمڕۆماندا زۆر جار گوێ بیستی دەبین و دەیخوێنینەوە بۆ وێنە دەنوسرێت هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیری یاخود شارستانیەت لە بیری ڕۆشنبیری ئەژمار دەکرێ، ئەمە هەر وەك ئەو وایە بڵێین دەست و جەستە یاخود کەرکوك و کوردستان یان بڵێین عێراق و کوردستانیش بێ لەگەڵیدا، لە حەقیقەدا ئەمانە هەمویان یەکەمیان بەشێکە لە دووەم و بەبێ یەکەم مانەوەی دووەم قابیل دەبێ یاخود هەقیقەتەکان دەشێوێنین

و ئەم لە بری ئەوەیش دابنێن بە بڕوای ئێمە لەم سەردەمەدا تەنها زانستە مرۆڤایەتییەکان کە بەش گەلێکن دەتوانن تا ڕادەیەک ڕایەڵەی ئەم بوارە بکەن.

ڕاستکردنەوەی ئەم گوتنانە لە بیری (ئەلفرید فیبەر)ی کۆمەڵزانی ئەڵمانی بەدەر دەکەوێ کە دەڵێ: (ڕۆشنبیری بوارێکی بەرفراوانە و چەندین دیاردە و لایەنی سەربەخۆ هەن دەبنە ڕەگەزی بنچینەی لە پێکهاتنیدا )، لە بیروڕوانی (فیبەرا شارستانیەت جودا دەبێ لە ڕۆشنبیری، چونکە پەیوەست دەبێ بە سیستەمی تەکنەلۆجیا و داواکارییەکانی سەردەم لە ڕوی ماددییەوە، بەڵام ڕۆشنبیری بە هەمیشە لە دەرکەوتن و لەدایکبون دەژانێ و لە هەمو کات و لە نێو هەمو گەل و نەتەوەیەکدا بە پلە و ئاستی جیاواز دەردەکەوێ)، کەواتە ئەوە دروستە ئێمە بڵێین شارستانیەت دەرئەنجامی پێشکەوتنی چەندین کایەی ڕۆشنبیرییە لە هەر کات و سەردەمێکدا، نەک وەک (ئەدوارد تایلور) هەردو چەمکەکە ئاوێتەی شەمەندەفەرێک بکەین و دانایی و بیروباوەڕ و هونەر و ئاکار و ترادسوێن و هەمو ئەو یاسایانەش لە بۆتەیەکدا مامەڵەی پێ بکەین و گوێ بە جیاکارییەکانیان نەدەین، ئا لێرەوە دەتوانرێ چەمکی شارستانیەت بەوە بناسیرێت کە برینی دەبێ لە سەرجەمی ئەو دامەزراوە و بەجێ گەیەنراوە کەرەستایانەی کە مرۆڤایەتی لە سەرجەمی قۆناغەکانی (ڕاوشکاری، ئاژەڵداری، کشتوکاڵی، بازرگانی و پیشەسازی)ی بەدی هێناوە، ئەوجا ڕۆشنبیریش سەرجەمی ئەو چالاکییە فیکری و ترادسوێن و سروتە ئاینی و بیر و ڕەفتارە



مرۆییانەی کە مرۆڤەکان لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گوزەریاندا هەر لە (وێژە، هونەر، زانست، زانیاری، بەهای کۆمەڵایەتی، کەلەپور و شێوەی ژیان .....تاد پێکیان هێناوە و بەرجەستەیان کردووە لەو جڤاتەی تێدا دەژین پێی پەسەن بکەین، ئەگەر ئەم پێناسەیەمان ساغکردەوە و دەتوانین پلە و ئاستی ڕۆشنبیریی هەر نەتەوە و میللەتێک سیما و مۆرکێکی تایبەتکارانەی بدەینێ، واتە مەبەستەکە دەگاتە ئەوەی بڵێین ڕۆشنبیری وەک بوارێک تایبەتە بە مۆرکە نەتەوایەتییەکەوە و گشتگیرە بە پێچەوانە مرۆڤایەتییەکەیەوە.

بە بۆچونی (فیبەر) شارستانیەت هەمیشە بە ستەمێکی ستونی لە گەشەکردندایە، چونکە وەک گوتمان پێویستە ئەمیان ڕوپۆشی ئەو داواکارییانە بکات کە دێنە پێشێ لە کۆمەڵگە خۆیان دەسەلێنن وەک پێداویستی ماددی، بەڵام گەشەکردن و فراژوبونی ڕۆشنبیری بە سیستەمێکی ئاسۆیی دەبێ و پێ بە پێ هەنگاو بۆ بوارەکان دەنێ، بەڵام لێرەدا گەشەکە سستە و لە هەندێک کات و لە نێو هەندێ میللەتدا پاش چەندین ساڵ درکی پێ دەکرێ و ڕواڵەتەکانی زەق دەبنەوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە ئەم گۆڕانەیان کردەیەکی ڕەفتاریە (چالاکی مرۆیی فیکری) و ماوەی دەوێ، بۆ ئەوەی پێودانگی ڕۆشنبیری هەر تاک و کۆمەڵێک لە ڕەوانگەی بابەتیانەی خۆیدا بپێوین، بە پێویستی دەزانم گرنگترین توخم و ڕەگەزەکانی پێکهاتنی ئەم بوارە بخەینە ڕو و دەستنیشانیان بکەین لەوانە:

* **بیر**: دیاردەیەکی مرۆڤانەیە، ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و



ژینگەی سروشتییە، ئەم ڕەگەزە بنچینەی ڕۆشنبیرییە و بیری دروستت پێویستە بەم قۆناغانەدا تێپەڕێت (هەستکردن، تێبینی کردن، پرسین، لێکۆڵینەوە).

بیری دروست (دامەزراو ) لە ڕاستیدا بیر دو جۆرە:

یەکەم/ بیری ئەندێشەیی دروست: وەک چونە سەر مانگ کە پێشینان خەونیان پێوە دەبینی و پاشان سەلێنرا و بو بە داکەوتی سەردەم و لە ئێستاماندا گەشتی تایبەتی بۆ ڕێکدەخرێ و هەمو کەسێکی ساماندار دەتوانێ ئەو گەشتە بکات.

دووەم/ بیری ئەندێشەیی نادروست: ئەمەش هاتنەدی مەحاڵ و ئەستەمە، چونکە لە خودی خۆیدا هەڵەیە و ناتوانرێ ئەو قۆناغانە بڕێ لە سەرەوە دەسنیشانمان کرد.

بەو پێیەی بیری مرۆڤ لە دەرئەنجامی ژیان و ژینگەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە دەبێ ئەوەشی کە هەر مرۆڤێک دەیزانێ هەر کەم بێت، چونکە بیر لای مرۆڤ بێ نیشانە و دەربڕین و ناوونان دروست نابێ، زمانیش لەم نێوەندەدا یاریدەدەری بەرجەستەکردنی بیرە.

* **زمان**: بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیرییە و بەو هۆیەوە بەشەکانی دی ڕادەگەیەنرێن و دەنوسرێن و ڕوندەکرێنەوە، ئامرازەکانی بەکارهێنانی زمان هەمیشە لە فراوانبون و گەشەکردندان وەک (ئینتەرنێت و تی ڤییەکان و ئیزگەکانی ڕادیۆ ......)، لە ڕاستیدا هەر لەبەر گرنگی و کاریگەریی زمان دەتوانرێ زمان بەوە پێناسە بکرێ کە بڵێین (بیری دەنگدارە)، ستانداردی زمان لە جڤات و



نەتەوەیەکدا ڕادەی یەکگرتویی و پێشکەوتن و بڕوا بە خۆ بونیان وەدەردەخات، ئەمڕۆ زمان لە هەر کایەیەکی تری ڕۆشنبیری زیاتر پێویست و گرنگترە، چونکە لە ڕێگەی زمانێکی ستانداردەوە تاکەکانی نەتەوەیەک دەتوانن پارێزگاریی لە کلتور و دابونەریت و بەهاکۆمەڵایەتییەکانیان بکەن و بە ڕوی دوژمن و نەیارانیاندا بوەستن و بەرگری لە مانەوەی خۆیان بکەن، زمان هەمیشە لە پێشکەوتندایە چەندە کایەکانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بکشێت ئەوەندە پێویستە زمان گەشە بکات و زاراوە و گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا بێت، گرنگی زمان لەوەدایە لە گشت کایەکانی ڕۆشنبیریدا خۆی دەسەلێنێت بە ئاگابون و شارەزایی لە گوتندا، ئەمڕۆ لە شانۆی سیاسیدا لە بۆمبێکی ئەتۆمی کەمتر نییە، بە هەڵە دەربڕینی ڕامیاریی کارێک کارەسات و پێچەوانەکەیشی ئاسودەیی بە دواوە دەبێ .

* **دابونەریت**: داب: بە شێوەیەک لە نەریتی کۆمەڵایەتیی لایەنی بیروباوەڕ دەگرێتەوە، ئەم ڕەگەزە پاشماوەی پێشینانە و ڕەفتاری ئامادەکراوە و زۆریش دەمێنێتەوە، بە پەیڕەونەکردنی دەرچون لە ئاساییدا دەنرێت، نمونەی داب و سروتە ئاینییەکان و ئاهەنگی گشتی و بۆنەکان و مردوناشتن و بۆنەی ژنهێنان ...... بە پێشکەوتنی کایەکانی تری ڕۆشنبیریدا بە خراپەکان لە نێو دەچن.

نەریت: پاشماوەکانی پێشینانە لە ڕوی ڕەفتار و کردەوەی کۆمەڵایەتییانەوە، نەریت چاک و خراپیشی هەیە، خراپەکانی: درۆکردن، فێڵ، تۆڵە سەندنەوە، جادوگەریی، جلوبەرگ، جۆری

خۆراك ........، چاكەكانیشی: پیاوەتی، سەخاوەتی، ڕێزگرتن، مرۆڤ دۆستی، زمان شیرینی ......، جار هەیە نەتەوەیەك چەندین كایەی ڕۆشنبیری بڕاوە، كەچی نەریتی خراپیان لێ بەدی دەكرێ، ئەڵمانەكان ئێستایش خۆیان بە ڕەگەزی سپی و باڵادەست و خاوێن لە چاو ڕەگەزەكانی تری جیهان دادەنێن، هەرچەندە لە چەندین كایەی ڕۆشنبیریدا هەنگاوی پۆزەتیڤانەیان ناوە.

* **باوەڕ و ئاین:** باوەڕ: ڕاوبیرۆكەیە ئاكارێك كۆی دەكاتەوە لە سەرەتاوە سستە، بەڵام هێدی هێدی پەرەدەسێنێت بە هۆی دەسەڵاتێكەوە كە هانی دەدا.

ئاین: سیستەمێكی ڕۆحی ژیانە و مرۆڤ بەبێ ئەم لایەنە ناژی، چونكە ڕێكخەری باری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییانە لە ڕویەكی سیستەماتیكییەوە مرۆڤ چۆن ناتوانێ بەبێ خۆراك جەستەی ڕابگرێ، ئاوهاش ڕۆحی بەبێ ئاین دەپوكێتەوە، ئەمەش ڕای زانستی سەردەم و دروست تێكەیەتی.

* **كەلەپور:** ناسنامەی نەتەوەییە و كۆی ئەزمون و تاقیكاری دیرۆكی نەتەوەییە، دەست هەڵگرتن لە كەلەپوری نەتەوەیی و سڕینەوەی شوناسی خودی نەتەوەیە، كەلەپور خۆناسین و تێگەیشتن لە پێشینانە، دواجاریش لە ڕێگەی ئەم ڕەگەزەوە تاك دەتوانێ زیندویی لایەنی نەتەوەیی پێشكەش بە جیهان و دەرەوەی خۆی بكات.

* **زانستەكان:** كایەیەكی فراوان و بنچینەیی ڕۆشنبیرییە، پانتایەكی ژیان لە هەر سەردەمێكدا دەگرێتە خۆ و هەمیشە بە



هەردو سیستەمی ئاسۆیی و ستونی لە فراوانبوندایە، وەك زانستە مرۆڤایەتییەكان و زانستە سروشتییەكان و زانستە بیركارییەكان و پراكتیكییەكان ........تاد.

* **هونەر:** ڕەنگدانەوەی داكەوتی سەردەمی هەر كۆمەڵگەیەكە و دەربڕی ویست و چێژ و ڕەوشتە، بەشگەلێك جۆراوجۆر دەگرێتەوە بە تێبینی كردنی لە هەر كۆمەڵگەیەك ئاستی كایەكانی دیشی دێنە بەرچاو، ئەمڕۆ لە ڕێگەی هونەرەوە دەتوانرێ لایەنێكی دیار و گرنگی ڕۆشنبیری نەتەوە پیشان بدرێ، گەلێك هۆكاری ژیانی وەك ئابوری و ئاسایش و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ......تاد كاریگەریی لە ئەرێتی و نەرێتی ئەم بوارە دەبێ .

لە كۆتایی ئەم لێكدانەوەماندا پێم باشە ئەوە بخەینەڕو، كە ئێمە لێرەدا زۆر بە كورتی هەوڵمانداوە تەنها شێوەیەكی گشتی ئەم بوارە ڕون بكەینەوە لە ڕێگەی ئەو سەرچاوانەی كە بون بە هەوێنی دروستكردنی ئەم بابەتە، بێگومان وەك ئاماژەمان پێدا لە هەر ڕەوانگەیەكەوە باس و خواستی هەبێ پشت بە پاشخانی پسپۆڕێتی و سۆنگەی مامەڵەكردنییەوە دەبێ لە مەڕ ڕۆشنبیری، ماوەتەوە بڵێین ڕۆشنبیری لە كورتترین پێناسەیدا بریتییە لە هەمو ئەو شتانەی كە لە كردە و بیر و ڕەفتاردا خۆیان لە چاكە و بەسودی دەبیننەوە بۆ تاك و كۆی كۆمەڵگە كە بریتین لە ڕۆشنبیری، ئەمەش ئەو پێناسەیە بو، كە نوسەری ئینگلیزی (ماپیو ئارنۆڵد) پێی گەیشتبو لە ساڵانی (١٨٦٠-١٨٧٠)ز كاتێك ڕكەبەرایەتی هەمو ئەو لاف و گزافانەی دەكرد، كە بۆ ڕۆشنبیری لێدەدرا لە سەردەمەكەیدا.



**سەرچاوەكان:**

١- تشكيل عقل الحديث، كرين برينتون، ترجمة: د. شوقي جلال، طبعة الاول، كويت، ١٩٨٤.

٢- ڕۆشنبیر كێیە، گۆڤاری جەماوەر، ژمارە (٧٢).

٣- هەردو كتێبی (هۆشیاری نەتەوەیی، هۆشیاری مێژوویی)، نوسەر: فوئاد تاهیر سادق.

٤- چەند سایتێكی ئینتەرنێتی، بە تایبەت بابەتی (متاهات المفاهيم عند تعريف الثقافي)، نوسەر: عەدنان موبارك.

٥- چەند ویستگەیەكی فیكری و ئەدەبی، ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٠.



# تەنیایی وەک غەریزە و عەشقیش دواچارەسەر

**نووسینی: ئاری عوسمان خەیات**
arikhayat@yahoo.com

تا ئەو شوێنە ئەتوانین عاشق نەبین، كە هەست بە تەنیایی خۆمان ناكەین. بەدیوی ئەودیودا هەریەك لە ئێمە دەچینە نێو پرۆسەیەكی سۆزمەندانەی ئەوتۆوە، كە تا تێدا قووڵ بینەوە دەسەڵاتشكانی عەقڵ بەسەر گۆشەنیگاكانی ئەو پرۆسەیەوە كەم و كزتر دەبێتەوە. كەواتە ئەو حەلەی ئەكرێ بە خۆمان بزانین ئێمە نەویستانە عاشق بووینە، كە هەست بە تەنیایی خۆمان ئەكەین و چیتر سۆزی ئێمە مەحەكی بڕیار و هەڵوێستەكانمانە لەگەڵ مەعشوقەكانماندا (خۆشەویستەكانمان)، نەك بە پێچەوانەوە. عەشق چارەسەری تەنیاییە و هەڵبژاردنی ژیانی پێكەوەییە.

دەزانین، زۆربەی ئەوانەی دەچنە نێو پێوەندی خۆشەویستییەوە و لەوێشەوە ئەو پێوەندییەیان گەشەدەكا و هەڵدەكشێ بەرەو پلەی عاشقبوون (هەڵبەت ئەگەر پێشتر خۆشەویستییەكە لەسەر بنەمایەكی ڕاست و دروست بنیاد بنرێ، نەك بۆ مەبەستی كات بەسەربردن و ڕابواردنی ڕاگوزەر)، ئەوا زۆرجار ئەو كەسانەن كە

لەڕووی بایۆلۆژییەوە لە قۆناغی گەنجێتیدان. ئەوجا ئەگەر لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە وردبینانە تێبڕوانین دەبینین، ئەو قۆناغ و تەمەنەی گەنجێك دەیژێ، پۆزەتیڤ و تەندروستترین ژینگەیە بۆ تیاپێگەیشتنی جۆرەها هەستکردنی جیاجیای مرۆڤەکان، هەر لە هەستە ئاساییەکانەوە، کە هەموو کەسێکی سروشتی خاوەنیانە، تا ئەوانەی کە بە نەخۆشی دەروونی دەدرێنە قەڵەم و لەوێشەوە بیرۆکەی چاوەدێریکردنی گەنجانی لێوە هەڵدەهێنجێنرێ، گوایە بۆ ئەوەی تووشی سەرلێشێوان و نەهامەتییەکانی ژیان نەبنەوە!!

کەواتە ئەکرێ بگوترێ، هەستکردن بە تەنیایی یەکێکە لەو حاڵەتە دەروونیانەی لە تەمەنی گەنجێتیدا زۆربەمان پێدا دەگوزەرێین و هەستی پێدەکەن. بێگومان ئەم تێڕوانیە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکی تر گۆڕانی بەسەرا دێت. ئەکرێ ئەو هۆکارانەی کە پاڵ بە سەرهەڵدانی هەستی تەنیاییەوە دەنێن جیاوازبن، بەڵام لەگشت حاڵێکدا گەنجی کورد خاوەنی سەختترینی ئەو جۆرە هەستکردنەیە، بەڕادەیەك دەبینین کاتێك عاشقیش دەبن، زۆرجار لەو پرۆسە ئینسانی و سۆزمەندانەیەدا خەسارۆمەند دەردەچن و لایەنەکان یەکتر تاوانبار دەکەن و وەك گوتراوە گەمەکەیان لە دەست دەرئەچێ و ئەیدۆڕێنن.

هەڵبەت کە لێرەدا باس لە عەشق دەکەین تەنیا پێوەندی نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازمان مەبەستە و کاتێکیش باس لە بێدەستەڵاتی عەقڵ و لاوازبوونی دەکەین، لەهەمبەر تەلیسمی سۆزی مرۆڤانەماندا، باس لەوە ناکەین ئینسانیبوونی عاشقەکان لەو جۆرە



پێوەندییانەیاندا، چ پێویستییەکیان بە حوکم و داوەرییەکانی عەقڵ نەبێ!! بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین، کە ڕاست ئەکەن ئەوانەی هەمیشە دوو وشەی وەك: (عەشق و شێتی) یان دوو کرداری وەك (عاشقبوون و شێتبوون) پێکەوە جووت ئەکەن و لێکیاندانابڕن، چونکە ئەو (شێتیی و شێتبوونە) هەر لەوێندەرێوە مەغزای خۆیان وەرگرتووە، کە هەمووومان یەقینی ئەوەمان هەیە، کاتێك عاشق دەبین، ئەوە کاتی کاڵبوونەوەی توانا جیاواز و فرە ڕەهەندەکانی عەقڵە بەسەر ڕەفتارەکانماندا، بۆیە ئەکرێ لەدەڵ (شتێتی)دا (عەشق)یش بێتە بوون و لەگەڵ عاشقبوونیشماندا حوکمی دەوروبەر قەبوڵ بکەین بەوەی بەڵێ: ئێمە شێتبووینە..!!

بەجۆرێك لە جۆرەکان هەستکردن بە تەنیایی لە نائاگاهی مرۆڤەکاندا ئامادەگییەکی هەمیشەیی وەرگرتووە، بەڵام کاتی دەرکەوتنی دوادەکەوێ، بەشێوەیەك لەکاتی سەرهەڵدان و هاتنە بەرەی ئاگاهیمانەوە (واتە پێدەچێ گەنجێك لە تەمەنێکی درەنگتردا ئەو هەستەی بەلاوە بخولقێ، هەروەك کەمیش نین ئەوانەی عومرێکیان بەسەر بردووە و کەچی درەنگە وەختێ عاشقدەبن!!)، زۆرجار وەك جۆرێك لە غەریزە لە ڕەفتار و کردارەکانماندا خۆی دەنوێنێ، بۆیە خراپمان نەگوتووە، ئەگەر دوای (شێتبوون)، عاشقبوونیش بە چەشنێك غەریزە بزانین، چونکە کە تەنیایی (زۆرجار تەنیایی بەرەو شێتبوونیشمان دەبات) ماکی عەشق بێت، کەواتە مرۆڤ لەگەڵ عاشقبوونیدا، حەزێکی گەورەشی بە شێتبوون بەلاوە دەخولقێ، هەروەك مادامەکێ کۆکبین لەسەر ئەوەی تەنیایی



جۆرە غەریزەیەك بێت، ئەدی بۆچ عاشقبوونیش ئەو چارسەرە نەبێ کە ئیشی تێرکردنی ژانەکانی ئەو هەموو ساڵە بێت، کە بێئەوەی بە خۆمان بزانین و بێئەوەی کاتی خۆی بووبێ، تێدا تەنیا ژیاوین و نەمانتوانیوە کەسێك بۆ هێوکردنەوەی ئازارەکان بدۆزینەوە؟!..

دەبێ بڵێین: بەکارهێنانی چەمکی دۆزینەوە یان شتێك کە (دۆزینەوەی کەسێك)ی بەسەرا بسەپێنین، ئەوە نییە ئێمە وا تێبگەین هەمیشە بوونی کەسی بەرامبەر واتای عاشقبوونمان دەگەیەنێ، چونکە بێهەستکردنی ئەویتریش بە تەنیایی خۆی، ناتوانرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە: "ئێمە توانیومانە عاشق بین". کەواتە هەستکردن بە تەنیایی خۆمان، لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیانەدایە دەگەڵ هەستکردنی ئەویتر بە تەنیایی خۆی، چونکە لەگەڵ ئەو هەستەدا و لەکاتێکدا ئێمە لە نێو دەستەیەکی زۆری کەسوکار و باوك و برا و قەوم و خزماندا دەژین، باسکردنی تەنیایی لە دیدی ئەوانیترەوە، دواجار هەڵگری هیچ پێناسێکی شیاو نییە، بەدەر لە (شێتبوون)، بەڵام هەمیشە وابووە، عاشقەکان شێتی ئەوەن کە چۆن تەنیایی خۆیان لەگەڵ تەنیایی بەرامبەرکانیاندا (ئەویتر) بگۆڕنەوە، بۆیە گومانمان نییە و ئەتوانین لەو کلاوڕۆژنەیەوە پەنجە بخەینە سەر یەکێك لەو هۆکارە هەرە گەورانەی کە وا دەکات کەمجار لە پێوەندییەکانماندا بگەینە ئاستی عاشقبوونی ڕاستەقینە و سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنین، واتا ئەوەی کەسی بەرامبەریش چوون ئێمە، تەنیایی خۆی درك



نەکردووە و نەیتوانیوە لەو هەستەدا ژیان بکا. زۆرجاریش ئەو جۆرە پێوەندییانەی کە لەو ڕووەوە هەژارن و هەرچۆنێك بێت گەیشتوونەتە ئاستی بۆ یەکبوون و پێکگەیشتنی قۆناغی هاوسەرێتی، سەرنج دەدەین لایەنەکانی نێو ئەو گەمەیە، ژیانێکی پڕ لە کێشە و گرفتی پێکەوەیی بەسەر دەبەن و کەمیش نین ئەو حاڵەتانەی لە ڕۆژگاری ئێستادا لە دادگاکاندا بە جیابوونەوە و لە حەڵقەکانی دەرەوەی دادگاشدا بە گرفتی کۆمەڵایەتی کوشندە و نەهامەتی گەورە کۆتاییان پێدێت.

پێویستە پێش ئەوەی بڕیار بدەین بچینە نێو دونیایەکەوە، کە ڕەهەندگەلی سەمەرە لە پانتاییەکانیدا ڕەچاو دەکرێن، ئێمە بیر لەوە بکەینەوە ئاخۆ توانیومانە تەنیایی خۆمان بخوێنینەوە، هەروەك پێویستیشمان بەوەیە ئاخۆ کێیە ئەوەی ئێمە دەمانەوێ سۆزی خۆمانی پێبدەین و هەستی تەنیایی خۆمانی لەگەڵ بگۆڕینەوە، بە پێچەوانەوە ناتوانین شەرەفی ئەوە بە خۆمان بدەین کە عاشقین.

# ڕەوشتەکانی پیشە و مافەکانی کەسایەتی بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە/ ڕەحمان عەلی**

ڕەوشتەکانی کاری ڕاگەیاندن زۆر لە وڵاتان دەبەستێتەوە بە دابونەریتەوە زیاتر لەوەی کە ببەسرێتەوە بە یاساوە ، بۆیە زۆر لە وڵاتانی جیهان گرنگیان داوە بە دەرکردنی بڕوانامەی شەرەفی ڕاگەیاندن بۆ دەستەبەرکردنی پێوانەی ڕەوشتی ، کە دەبێ گشت ڕاگەیاندنکاران و ڕۆژنامەوانان لە سەری بڕۆن بۆ بەجێگەیاندنی گەورەترین بڕی ئەمانەت و ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی زانیارییەکان ، دەرکەوتنی بڕوانامەکانی شەرەفی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٣) لە ڕوی نێودەوڵەتییەوە بۆ باشترکردنی کاری ڕاگەیاندن و ڕێنماییکردنی بۆ بەرژەوەندیی جەماوەری وەرگر ، کە هەوڵوکۆششی زۆر دراوە بۆ دانانی یاسای ڕەوشتی پیشەیی بۆ ڕاگەیاندنکاران.

پێشتر ئەم بڕوانامانە ناوی (یاساکانی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی) لێنراوە و لە واشنتۆن دەرچووە و لەساڵی (١٩٢٦) و لەهەمان ساڵدا فیدراڵی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژنامەوانان دامەزرا و هەندێ ڕاییکردنی ئامانجدار گیرایەبەر بۆ ڕێکخستنی پیشە ، کە خۆبەخۆ بەهۆی پسپۆڕان لە پیاوانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی لە نێوانیان



جێبەجێکردنی بڕوانامەی شەرەفی پیشەیی کە لە ساڵی (١٩٣٩) دەرچو ، کاتێ کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن گرنگییەکی گەورەیان هەبووە لە کۆنەوە بەشێوەیەك کە ئەم هۆیە بەکارهێنراوە بە سنورێکی بەرفراوان و لەم چەرخەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان زاڵە بەسەر زۆر لە کاروباری ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوری و .... هتد ، گرنگی و گەورەیی ئەم هۆکارە دەرکەوت لەسەر ئاستی هەمو چالاکییەکان لە ژیانی مرۆڤدا لە بچوکییەوە تا گەورەی و ترسناکی بەکاردەهێنرێت بۆ برەوپێدانی گەورەترین ڕامیارییەکان لە جیهاندا ، هەروەها ڕاگەیاندن دەورێکی باڵای هەیە لە بەهێزکردن یان درزبونی گفتوگۆ لە نێوان کەلتورەکان و ژیارەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە گشت جۆرەکانییەوە و ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە کارتێکردن لەسەر ڕای گشتی و دروستکردنی ڕێنمایی و ئاراستەکانیان ، یان پڕکردنەوەی بە ئاڕاستەی ئامانجەکاندا ، یان کێشە دیاریکراوەکان ، هەروەها هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەبنە ئامرازی گرنگ بۆ پرۆژەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و لە هەمو وڵاتێك و ئاستی پێشکەوتنی یان دواکەوتنی ئەم وڵاتە ، یان ئەوی تر چەند بێت ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ یان گەلان لە زۆر جاردا بیردەکاتەوە و کاری تێدەکرێت و ئەو خوڕەوشتە دەگرێتەبەر ، کە دەگونجێت لەگەڵ کارتێکردنەکانی ژینگەکەی و هەروەها دروستکردنی ڕەفتاری داواکراو کە دەکەوێتە نێو ئامانجەکانی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی داواکراو و کۆمەڵگەی مەبەست لەم هەڵمەتە و هۆیەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت بە هۆکاری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی



گرنگ لە هەر کۆمەڵگەیەك ، چونکە کاردەکات بۆ ڕێنمایی و چاندنی بەها و کرداری کۆمەڵایەتیی نوێ بگۆڕێت بۆ گۆڕانکاری لە چەمکەکان و خوی کەسایەتی و کۆمەڵگە لەپێناو ڕودانی گۆڕانکاریی ژیاری لە ڕێگای بیرکرنەوە و کارکردن و ژیان ، لەوانەیە هۆیەکانی ڕاگەیاندن کار بکەن لە دوبارە ڕێکخستنەوەی بەهاکان و خۆڕەوشتەکان لە کۆمەڵگەی مەبەست لە ڕێگای دروستکردنی چوارچێوەی پێوانە تازەکانەوە و سەپاندنی دۆخی کۆمەڵایەتیی ویستراو و یارمەتیدەر لە بنیاتنانی یاسا و سەرچاوەی تازە و ڕەوشتی ویستراودا بێت و بە دوای دیاردە نەویستراوە لادەرەکاندا بچێ و بەرچاویان بخات و ڕاستکردنەوەی هەڵوێست و ئاراستە لاوازەکان و پشتگیریکردنی بیرۆکە و ئاراستە هەڵوێستە ویستراوەکان کە دەگونجێت لە گیانی هاوچەرخیدا.

**بۆ ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی پۆزەتیڤ ( ئیجابی ) خۆیان ببینن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی ژیاری لەسەر ڕۆژنامەوانانی چاودێری:**

یەکەم/ ڕەچاوکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوان و مافی هاوڵاتی لە ڕاگەیاندن و زانیین و مافی لە دەربڕینی ڕای خۆی بە ئازادی ، بۆ ئەوەی ئامرازەکانی هاوبەشی خۆی هەبێت بە هۆشیاری و بێ لایەنی لە ژیانی گشتیی کۆمەڵگە و لە چاودێریکردنی بەرپرسان لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وەك ئامانج کە هەموان هەوڵی جێبەجێکردن و پابەندبون بە بەرگری لێکردنییان.

دووەم/ جەختکردنەوە لەسەر دانانی سنوری جیاکردنەوە لە نێوان ئەرکی دەست تێوەرنەدانی ژیانی تایبەتیی بەرپرسان و



تاکەکانی گەل ، دەکرێ ئەم کردەوەیە ڕیزبەند بکرێت لە پارێزگاریی تایبەتمەندییەکان و هەروەها بە ڕێبازێکی سەرەکی دادەنرێت لە زۆربەی پەیماننامەی شەرەف ، کە ڕێکخراو کۆمەڵەی ڕاگەیاندنەکان دایدەنێین ، کە ئەمانەش چەند نمونەیەکن:

- (کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانە پیشەدارەکان .. ) یەکێك لە بەندەکانییان بەم شێوەیەیە: پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندن نەبنە هۆیەك بۆ بەزاندنی مافە تایبەتمەندییەکانی تاك.

- (پەیماننامەی سەرنوسەرانی دەزگای (ئەسوشێت پرێس) ... ڕێزگرتنی مافی تاك لە تایبەتمەندییەکانی.

- (یەکێتی بەڕێوەبەرانی هەواڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزێون) لەسەر ڕۆژنامەوانان و پەخشکارانە کە چاودێری ڕێزی مرۆڤایەتی لە تایبەتمەندییە تاکەکان بکەن لە هەمو کاتێکدا و دەبێ هەڵسوکەوتی باش بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە هەواڵکاندا باسدەکرێن ، هەروەها ئەم هەڵوێستە دەڵێ نابێ دەست تێوەردان لە کەسایەتییە گشتییەکاندا بکرێت ، واتا پەیوەندیی بەو کەسانەوە کە ناوبانگی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هونەری و بیریاری سیاسییان هەیە ، تەنها بە خراپ ناوهێنانی شوێن و بواری دەسەڵاتیان و زۆر جار ئەوانە دەگێڕنەوە بۆ هاندانی هەندێ لایەن کە بەرژەوەندیی تایبەتیان تێدایە.

سێیەم/ دانانی یەکێتیی وڵاتی بە جێگرییەکان ، بۆیە لەسەر ڕۆژنامەوانییە ، کە هانی کەس نادات بۆ جیابونەوە یان هاندانیان بۆ کاری توندوتیژی و بەهانە بۆ هێنانەوەیان ، ڕۆژنامەوانانی

نشتیمانی مافی دەستکەوتنی هەمو زانیارییەکی هەیە ، کە پێویستی بێ لە سەرچاوەکان کە لە بەردەستیاندایە ، کە نهێنیەك نەبێت لە نهێنییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ، هەروەها مافی بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی هەیە ، کە وای دەبینێ کە هاوڵاتی پێویستە بیزانێ و ئاگای لێ هەبێ.

چوارەم/ ڕۆژنامەوانی پیشەیی و ڕەوشتی هەواڵتێزان ، دەکرێ ڕۆژنامەوانێك ڕۆڵێکی تایبەتی ببینێ تێیدا پیشەی ڕۆژنامەوانی بشارێتەوە لەگەڵیدا ئامێرەکانی ڕۆژنامەوانی بەکاربهێنێ ، وەکو تۆمارکەر و وێنەگر لە ڕێگای شاردنەوەوە ، هەمو ئەمەش لە پێناوی جێبەجێکردنی کێشەیەك ، کە زۆرجار گوماناوییە بە کردەوەی وەك تەزویر و دزی یان خراپ بەکارهێنانی سودی گشتی و دامەزراوە گشتییەکان وەك نەخۆشخانە و شتی تر ... ئەم هەڵوێستە هەمیشە لە پشتەوە چەند هۆکارێك دەبینین ، ئەمەش جیاوازی هەیە لە نێوان تاکڕەوی و پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی و جەمسەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتری وەرگر ، ئەم کارە وای لێدەکات ، کە بێ هەڵسانی چێژێکی تایبەتی و ڕاکێشانێکی بەهێزی هەبێت لە کاری ڕۆژنامەوانیدا ، بەڵکو هەندێ ڕۆژنامەوان هەیە سودمەند دەبن لە دیاری پێزانیین بەرامبەر بەو کارانەی کە کردویانە ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەوانەکانی ڕەخنەگر ئەم کارە دەخەنە نێو بازنەی دو ڕوییەوە:

بەشی یەکەم وەك ڕەوشتێکی باو کە بەتاڵ نییە لە فێڵ و کە دەتوانرێ ناوی بنرێ کۆششی زیاتر لە گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا



لە ڕێگای گەڕان پشکنین و وردکاری و پڕ چەك بون بە ئازایی و تێخزان لە سەرچاوەکانی هەواڵ بە ئاشکرایی کەسان بن یان شوێن ، بەڵام بەشی دووەم فێڵکردن وادەبینین توانایەکی ڕەوایە لە دۆخێکدا ، کە تەنها شێوازە کە هەبێ وەك لە دۆخی بەجێهێنانی چالاکییەکدا کە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بکات.

پێنجەم/ دەست تێوەرنەدان لە فرە ڕەگەزی و ڕۆشنبیری و ئاینی ، فرێدانی توندوتیژی تیرۆر ، ڕوبەڕوبونەوەی وتاری بیری ڕقاوی و ڕەگەزپەرستی و دورکەوتنەوە لە بانگ بۆ کردن و بڵاوکردنەوەی.

شەشەم/ ڕێزگرتن لە ئابڕوی مرۆڤایەتی و ناونەزڕاندنی تاکەکان یان دەستێوەردان لە ئابڕو و شەرەف یان ڕەنگ یان نەتەوە و ئاین یان سیفاتی جەستەیی ، لە هەمو بوارەکاندا ڕێزگرتنی ژیانی تایبەتی تاکەکان ، قۆستنەوەی تراديژییەکان دەچنە هەمان بەشەوە ، وەك وێنەگرتنی بینراوی مرۆڤی پێکراو بە تێکچونی جەستەیی یان ڕوبەڕوی تاوانی قیزەون بوبێتەوە ، ئەمیش ئەمەندە پیاهەڵدەدات لە باسکردنی تا سنوری ڕوتکردنەوەی بابەتەکە لە ئابڕومەندی مرۆڤایەتی ، ئەمە و ئەو دو خانەی کە دەچنە نێو هەمان لایەنەوە کە دەبنە هۆی دروستکردنی چیرۆکێکی هەواڵی کە زۆر لە بڵاوکراوە ڕۆژنامەوانییەکان بۆ لای خۆی کێش دەکات بە هاندەرە تازەکان ، تەنها گرنگی هاندەریان وروژاندنە وەك ئێستا هەن لە هەندێ ژمارەی بڵاوکراوە ڕکەبەرەکان ، لەم هەڵوێستە تەنها ئەوە و هاوشێوەی دەمێنێتەوە ، کێشەی ڕەوشتی پیشەیی شیاوە بە شێوەی ڕاستی کە سودمەند بێت بۆ واتاڕەوشتی و کەسایەتییەکەی



وەك لوتکەی بیر و ڕۆشنبیری ، پێش واتای پیشەیی و ڕۆژنامەوانی پەیماننامەی شەرەف و ڕەوشتەکانی پیشەیی ڕۆژنامەوانی لە هەمو وڵاتاندا ڕوبەڕوی گرفتی گەورە دەبنەوە ، کە دەبێتە هۆی جێبەجێنەکردنیان کە وا لە هەندێ حکومەتەکان دەکات ، کۆمەڵێ یاسا دابنێنن کە ببێتە کۆت لە بەردەم کاری ڕۆژنامەوانی ، لە کۆتاییدا کێشەی ڕەوشتییەکانی پیشەیی جێگای مشتومڕ و هێنان و بردن دەمێنێتەوە لە نێوان ڕۆژنامەوانەکان و حکومەتەکاندا بە هۆی بڕوای هەر لایەکیان ، کە دەڵێت ئەویتر پابەند نەبووە لە بەرامبەر ئەوی تر ، سەرەڕای ئەوەی کە دەمی ئاوابونی دەستی پێکردووە دوای دەرپەڕینی شۆڕشی زانیارییەکان و ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنی سنوربڕی کەناڵەکانی ئاسمانی کە نەیار ناتوانێ بیوەستێنێ کە دەچێتە نێو هەمو ماڵێکەوە ، تەنها بە دەست نان بە دوگمەیەکدا.

## ڕەوشتەکانی کاری ڕاگەیاندن و پیشەیی ڕۆژنامەوانی چییە؟

***یەکەم/ بیری ڕەوشتی***:- دەستپێکردن و پێش نوسینی هەواڵ یان بڵاوکردنەوەی ، یان بڵاوبونەوەی وێنە دەبێ ڕاگەیاندکار یان ڕۆژنامەوان بیربکاتەوە و بە قوڵی لە هەمو کێشەکان کە لە دەرئەنجامی ئەو هەواڵانە یان وێنانە دوای بڵاوکردنەوە دەبێ ڕۆژنامەوان خوێندنەوەی هەبێ بۆ هەڵبژاردنەکان کە هەیەتی ، (گریمانەکان لە پێش خۆت دابنێ) دەتوانم بڵاویان بکەمەوە یان نە؟ ئایە لە شوێنێکی دیاردا بینیم یان لە شوێنێکی ناوەند ؟ ماوەیەك چاوەڕوانە ، تا زیاتر زانیاریی زیاترت بەدەست بێنی پێش



بڵاوکردنەوە ، بیانو بۆ بڕیارەکەت ببینەوە و زیان و سودەکانی بڵاوکردنەوە بخوێنەوە و گرنگی مادەکە کە دەتەوێ بڵاوی کەیتەوە و گونجانی لەلای خوێنەر و بینەر.

***دووەم/ پەیماننامەکانی ڕەوشتی***:- هەندێ ڕۆژنامەی کاغەز و هەروەها هەندێ ماڵپەڕی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی جیهانی لەسەر تۆڕی ئەنترنێت پەیماننامەی شەرفی پیشەیی بۆ خۆی داناوە ، کە دادگەری لە نێوان کارمەندەکانیدا دەکات و هەندێ ڕامیاری دەگرێتەوە ، کە پەیوەندە بە قایلبون بە هەندێ دیاری و ڕوڵێنان دەکات لە دەرەوەی کاری میری ، هەر لەوێ حاڵەتی دەرکردن هەبووە لە نێو پەیامنێرانیاندا ، چونکە پەیوەندییان لەگەڵ سەرچاوەی یان زانیارییان بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی سودی خۆیان.

***سێیەم/ بیروباوەڕەکان***:-

گرنگترین بیروباوەڕەکان کە ڕاگەیاندکار و ڕۆژنامەوان دەبێ هەیانبێ:

بەرپرسیارێتی:- واتە پابەندبون بە ڕاستی بابەتی و بێلایەنی لە نوسیندا ، بۆ ئەوەی بڕوای ڕای گشتی دەستکەوێت.

ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی: ئەمەش بە بەرگریکردن لە بوارەکە ( لە گەورەیی پیشەکەت کەم مەکەرەوە ، بە خراپی باسی مەکە بەهۆی کردەوەی خراپ و ڕەوشتی هەندێ لەو کەسانەی کە کاری تێدا دەکەن).

بێلایەنی: پارێزگاری لە ئابڕو ، هەروەها ئەمانەتت بکە ، چونکە تۆ ڕاگەیاندن کار و ڕۆژنامەوانی نامەیەکی زیندوت هەڵگرتووە ،

هەڵدەستی بە ڕۆڵی ڕۆشنبیرکار و ڕوناککار بۆ کۆمەڵگە ، تۆ خۆتێ هەڵقورتێنەر نیت ... تۆ ئامرازێك نیت بۆ بریسکەدارکردنی کەسانی تر.

ڕاستی و ڕاستبێژی و وردی: بۆ ئەمانە بگەڕێ لە نێو هەمو نوسینەکانتدا بۆ دەسکەوتنی بڕوای خوێنەر.

بێلایەنی: بابەتێ بنوسە و جیاکەرەوە بە لە نێوان ڕای خۆت و سۆزتدا لەلایەك و ئەوەی دەینوسی لە لایەکی ترەوە ، چونکە تۆ گوێزەرەوەی هەواڵی ، نەك چاك کەرەوەی کۆمەڵگە یان دکتۆری دەرونیت.

پارێزگاری لە مافەکانی خەڵك: پارێزگاری بکە لە مافەکانی خەڵکانی تر و ئازادیی ئەوان مەبەزێنە و نهێنی ماڵەکانیان دەرمەخە ، مادام کێشەیە نییە کە پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە بێت وەك تاوانەکان. هەروەها گەڕان بە دوای نوسینی چیرۆکی هەواڵی بە ویژدانەوە و بە شێوەیەك گفتوگۆی هەمو لایەنەکان بەرچاو بخەی بەبێ لایەنیەکی تەواو و مافت هەیە و تێڕوانینی خۆت هەبێت لەگەڵ ڕای خۆت و ڕونکردنەوە بدەی ، کە بڵێی ئەوە ڕای خۆمە ، ئەوە ڕای ڕۆژنامە یان ماڵپەڕە کە کاری تێدا دەکەی و تایبەتمەندێتی بە مافێکی مرۆڤی پارێزراو دادەنرێت لە جاڕی گەردونی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی نێو دەوڵەتی بۆ مافی ژیاری ڕامیاری و دەقی ماددەی (١٢) لە جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ دەڵێت: کەس نابێتە ئامانجی دەستێوەردانی لە ژیانی تایبەتی خۆی یان خێزانی یان ماڵی یان نامەکانی یان هەڵمەتکردن بۆ شەرەفی یان



ئابڕوی بە شێوەی ستەم ، هەمو کەسێك مافی پاراستنی یاسای هەیە لە هاوشێوەی ئەو دەستێوەردان و هەڵمەتانە ـ پەیماننامە هەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی تایبەتمەندی و بەدەستهێنانی و چۆنییەتی پاراستنی پەیماننامەکان لەوانە :

**★ پەیماننامەی یەکەم/ نەتەوەیەکگرتووەکان:**

هێڵەکانی ڕێنوێنی کە پەیوەندییان هەیە بە پاراستنی با بۆڵە (مەلەفی) زانیارییەکانی تایبەتی ئەلکترۆنییەکان .

کۆمەڵەی گشتی لە ١٤ بەفرانباری ١٩٩٠ دەبێ زانیارییەکان یاسایی بن و بە ڕێگایەکی شەرعی (ڕاستی) لە کەسەکانەوە وەرگیرابێ و هەروەها پێویستە دروست و بە متمانە بێ تا ئەوپەڕی و نابێ بۆ دژایەتی بەکاربهێنرێ بۆ بەرژەوەندیی تاك یان دژی ئامۆژگارییەکانی نێو دەستوری نەتەوە یەکگرتوەکان بێت ، بونی بیروباوەڕی ورد یەکەم دەبێ کەسەکان ئەم زانیاریانە بپارێزن و بەرپرسیاربن لە تەواوکردنی دیکۆمینتەکان بەرامبەر دیکۆمینتەکانی سەرچاوە بۆ جەختکردن لە وردی و پەیوەندیی توند بە زانیارییە تۆمارکراوەکان لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر تەواو یان تا ئەوپەڕی ، ئەوەش بۆ ئەوەی دوربین لە هەڵەکان لە دەرئەنجامی کەمتەرخەمی.

**★ پەیماننامەی دووەم/ دەبێ فایلەکان تازە بکرێنەوە یەك بە یەك یان کاتی گۆڕان لەو زانیاریانەی کە هەن لە دۆسییەکاندا.**

بیروباوەڕە بنەڕەتییەکان بۆ سیفاتە بەکارهێنراوەکان: مەبەست لە هەمو ئەمانە ئەوەیە کە خزمەتی ئەو بەڵگانە و بەکارهێنانیان



لە کاتی گونجاودا بکات ، بۆیە پێویستە تایبەت بێت و ورد و یاسایی و هەروەها دوای تەواوبونی ئەم سیفاتانە ، پێویستە هەڵسێت بە بانگەوازکردنی بە جۆرێك لە جۆرەکان ، یان ئاماژەکردن بە تەواوبونی ئەم چالاکییە ، ئەمەش بۆ جەختەکردنە سەر:

١- هەمو زانیارییە کەسیەتییەکان پێویستە گونجاو بن و هاوشێوەی ڕاستی بن بۆ بەکارهێنانیان لە هەمو مەبەستە تایبەتییەکانیاندا.

٢- زانیاری تێدا نییە بەکارنەهێنرابێ ، ئێستا لە کاتی وەرگرتنیدا تەنها بە ڕەزامەندی خاوەنی زانیارییەکە نەبێ ، یان بە هۆیەکانی دژکاری لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییەدا.

٣- ئەو ماوەی کە زانیارییەکانی کەسیەتی تێدا پارێزراوە ، پێویستە گەنجاو بێ و نابێ ماوەکە زیاتر بێت لە ماوەی گونجاو بۆ پاراستنی ئەو زانیاریانە بە ئامانجی بەکارهێنانی تیایدا.

٤- بەڵام لە بارەی بیروباوەڕە تایبەتییەکانی ئازادیی گەیشتن بەو کەسانەی کە پەیوەندیدارن ، هەرکەسێك کە سەلماندی کەسیەتی هەبێ ، ئەو خودی خاوەن ئەو زانیاریانەیە ، ئەوە مافی ئەوەی دەداتی ، کە بزانێت یان ئەگەر ئەم زانیاریانە ڕاست بن ، یان ناڕاست بێت ، یان وەرگیراوە بە ڕێگایەکی ناڕون بەبێ زانینی دواخستن ، یان قەپلاندنی کتوپڕ و دەبێ ڕاستکردنەوەی گونجاو ، یا سڕینەوەی زانیارییە پەیوەندیدارەکە ، کە لەوانەیە ڕوبدات بەهۆی ئاخنینی هەڵە یان نایاسایی یان ناڕون و کاتێ هەڵدەستین بە ناردن و پەیوەندی کردن ، پێویستە هەمو پێویستییەکانمان هەبێت بۆ



چارەسەرکردنی هەڵویستەکە ، ئەگەر ئەو هەڵوێستانە توند بن دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دەستەی سەرپەرشتیاری ئاماژەپێکراو لە بەندی هەشتەم (٨) ، پاشان دیاری دەکرێت کە چەند خەرجی دەکرێ لە ڕاستکردنەوەدا کە جێبەجێدەکرێ لەلایەن کەسی پەیوەندیدار (خاوەنی زانیارییەکان) لەسەر بەرپرسی بەڵگەکەیە ، پێویستە بدرێتە خاوەنی زانیارییەکان بۆ هەمو زانیارییە تایبەتییەکان و بەبێ گوێدانە ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبون.

٥- بیروباوەڕی جیاکردنەوە و نمایشکردنی بۆ شەشەم (٦) کەوا زانیاریی تایبەتییەکان ڕوندەکاتەوە ، کە دەبنەهۆی جیاکردنەوەی نایاسایی یان هەڕەمەکی کە قسە لەسەر ڕەگەزپەرستی یان نەژادپەرستی یان ڕەنگ یان ژیانی ڕەگەزی (سێکسی) یان بیروباوەڕی ڕامیاری یان ئاینی یان فەلسەفی دەگرێتەوە و هەندێ بیروباوەڕی تر یان ئەندامانی دەستەکان یان دامەزراوە بازرگانییەکان وایان لێدەکات کە مافی کۆکردنەوەی زانیاریان نەبێت.

٦- توانای گواستنەوە لە بیروباوەڕەکانی یەکەم بۆ چوارەم پێویستە لە ژێر لێپرسراوێتیدا بێت و لە باری پاراستنی ئاسایشەکانی نشتیمانی و سیستەمی ژیاری و تەندروستی گشتی و ڕەوشتایەتی یان ناوی خوازراو و مافی ئازادییەکان تایبەت بە خەڵکانی تر و بە تایبەت کە چەوسێنراوەکان و مەرجە گشتییەکانی کۆچکردووە دەبێ لە لای زانراو بێت ، لایەنە پەیوەندیدارەکان و لایەنە حکومییەکان یان لایەنەکانی ڕێکخەر لەگەڵ لایەنەکانی

پەیوەندیدار بە ڕێکخراوەکانی یاسایی ، کە یارمەتی پاراستنی ئەم زانیارییانە دەدەن لەو سنورەی کە زیانمەند نەبێت.

وەلاخراوەکانی تایبەت بە بیروباوەڕەکانی پێنجەم (٥) کە تایبەتە بە قەدەغەکردنی جیاوازیکردن ، ئەمەش بەخستنە سەری بابەتەکە ئامانجە بۆ هەمان ڕاییکردنی خۆپاراستن هەیە وەك لاخراوەکان لە بیروباوەڕی یەکەم و چوارەم دەکرێ لە ژێر بەرپرسیارێتیدا بێ ، بەلآم لە سنوری پێدراو و پاشکۆی بۆ پرۆژە جیهانییەکەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ، هەروەها لە بەندەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و قەدەغەکردنی جیاکردنەوە لە هەمو لایەنەکانی ژیاندا.

٧- بیروباوەڕی پێوانەکانی ئاسایشی وەرگیراو بۆ پاراستنی بەلگەنامەکان لە هەمو ترسناکییەکانی سروشتی ، وەك ونبون بەهۆی ڕوداوەکان یان کاولکاری یان ترسناکییەکانی مرۆڤ وەك (چونە ژورەوە بە ڕێگایەکی مۆلەت پێنەدراو) و بەکارهێنانی بە هەلەی بەرنامەکان یان ڤایرۆس تێکەوتنی ئامێرەکە ، کە ئەو بەرنامانەی تێدایە.

٨- سەرپەرشتیاری سزاکانی یاسایی تایبەت بە هەر دەولەتێك ، کە لایەنێك تایبەت بکات بە بەرپرسی ئەم کردارە بەپێی سیستەمی یاسای خۆجیەتی کە چاودێر و تێبینەر دەبێ لەسەر بیروباوەڕەکانی پێشو ، ئەم دەستەیە دەستەبەری پەیوەندی بە داروتاندن و بێلایەنی ڕوبەڕوبونەوەی کەسەکان لەگەلٚ لایەنە بەرپرسەکان لە چارەسەرکردن و دروستکردنی بەرنامەکان و هەروەها توانای



هونەری پێشکەش دەکات و لە ڕوداوەکانی توندوتیژی لە دابینکردنی یاسای نشتیمانی کە ڕێبازەکە دەدات ، دوای لێدوان و ئاگادارکردنەوە لە سەری و سزاکانی تاوانەکان و شتی تر کە بە یەکەوە کۆدەکرێنەوە ، تا گونجاوبن بۆ چارەسەرە تاکەکان.

٩- بەرنامەکان کە دەکرێ هەلٚبهێنجرێن لە یاساکانی نێوان دو دەولٚەت یان زیاتر لەگەلٚ جیاوازی ڕایکردنی خۆپاراستن ، کە هەمو ولآتێك بەکاری دەهێنین بۆ پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییەکان یان لە زانیارییەکان ، پێویستە بە ئازادی بجولێتەوە لە نێو ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بە هەر بوارێك لە بوارەکانی زانیارییەکان ، گەر شتێکی پێچەوانەیی بۆ ئەم ڕایکردنە خۆپاراستنانە و سنور لەسەر ئەم بازنانە ، ناتوانی ئەم ڕایکردنانە بسەپێنێ بە سەریاندا و بە زۆری لە پاشەڕۆژدا دەتوانی تەنها پارێزگاری لە داواکارییە تایبەتییەکان بکەین.

١٠- بواری تایبەتکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیروباوەڕانەی ئێستا پێویستە گونجاو بێت لە قۆناغی یەکەم بۆ بەلٚگەکان ، کە لەسەر کۆمپیتەرە تایبەتی و گشتییەکەن بە یەکسانی ، ئەمەش لە ڕێگای کۆمەکی هەلٚبژاردەوە ، یان لەسەر بابەتەکانی ڕێکخراو و گونجاو بێ بۆ بەلگە دەستنوسەکان ، یەدەکی تایبەتی هەلٚبژاردن هەیە و پێویستە جێبەجێبکرێ ، بۆ ئەوەی جێی هەمو یان بەشێك لە بیروباوەڕەکان بۆ بەلگەکان بکاتەوە لە ڕێگای پیاوانی یاسا ، بە تایبەت کاتێ کە زانیاری دەربارەی کەسەکان خۆیان تێدا هەبێت و تایبەتمەندی بە مافی بنەڕەتی مافی مرۆڤ دادەنرێت ، کە پارێزراوە



لە جاری گەردونی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەولەتی بۆ مافەکانی ژیاری و رامیاری و پێویستە تایبەتمەندی ڕەگەزی سەرەکی بێت لە هەمو گفتوگۆکانی نەخشەی کارەکانی کۆمەلٚەی کاری بەڕێوەبەری ئەنتەرنێت ، لە کۆمەلگەی زانیاریدا کە خەریکە هەمو زانیارییەکانی تاك زانراو بێت و کارلێکردن نەخشەی بۆ کێشراوە ، نییەتەکان بنیاتنان نەسەپێنێت لە سەرکردەوەکانی پێشو ، پێویستی پاراستنی تایبەتمەندییەکان ئێستا لە هەمو کاتێکی پێشتر گرنگترە ، تایبەتمەندی هانی هەروەزی و برواپێکراوی دەدات و تایبەتمەندیی گرنگە بۆ کۆمەلٚەکانی پالپشتی ئەلکترۆنی و گرنگە لە پێداچونەوەی پزیشکەکان و ڕاوێژکارەکان ، هەمان گرنگی هەیە بۆ مامەلٚە بازرگانییەکان.

★ شێرکۆ حەبیب ، گۆڤاری (صحفی) ، ژمارە (٣٦) ، لاپەرە (٤٠).



# چۆن لە دلٚی مرۆڤەکاندا جێگای خۆمان بکەینەوە



عومەر عەبدولکەریم قادر

هەمو ئەو کەسانەی کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەلٚیاندا هەیە، بە جۆرێك بە شوێن ونبووەکانی خۆیاندا لەم دونیا گەورەدا ئەگەڕێن، خودی خۆشمان بە شوێن کەسێکدا ئەگەڕێین، کە ئەگەر کاتێکی لەگەلٚدا بەسەر بەرین ئەو کاتە باشترین و خۆشترین کاتەکانی ژیانمان بێت و لە بیرماندا بمێنێتەوە، هەرچەند خۆمان و دەوروبەرەکانمان باشتر بناسین و پەیوەندییەکەشمان باشتر ئەبێت، ئەگەر بتوانین لە چەند ڕووبەڕووبونەوەی یەکەمدا بەرانبەرەکەمان بناسین، لەوانەیە بتوانین لە گرژی و ئالۆزی و دەرگیرییەکانی دواتر پێشگیری بکەین، یان لەوانەیە خێرایی دروستکردنی پەیوەندییەکانمان زیاتر بێت، دەروونناسەکان بەشێوەیەکی گشتی کەسەکان لە ڕوی ڕۆحییەوە دابەش دەکەن بەسەر سێ دەستەدا، ئەوانەش بینەر (بصری)، ژنەوتە یان بیسەر (سمعی)، بەرکەوتە یان دەست پێوەدان (لمسی)ین،

زانینی ئەو ڕێکخستن و پۆلێنکردنە بۆ هەمو کەسەکان بە پێویسترین زانین و زانیاری ئەزانن، لەوانەیە کەسێك هەبێت هەر سێ حاڵەتەکەی تێدا بێت، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر یەکێك لە حاڵەتەکان زاڵترە.

لە خوارەوە چۆنیەتی ئەم حاڵەتانە خراوەتە بەر شیکردنەوە:-

★ **کەسە بینەرەکان (بصری):**

ئەم جۆرە کەسانە زیاتر گرنگی ئەدەن بە چۆنیەتییەکانی دیداری و وێنەکان بۆ ئەم جۆرە کەسانە گرنگییەکی زیاتری هەیە، خێرا قسە ئەکەن و زۆر جوڵەی دەست بەکارئەهێنن و هەر ئەو شتانەش باسی لێوە ئەکەن، بە جۆرێك ئەیلێن گوێگر وێنەکەی لە مێشك و هزریدا ئەبینێ.

★ **کەسە ژنەوتە یان بیسەرەکان (سمعی):**

ئەم جۆرە مرۆڤانە زیاتر گرنگی بە چۆنیەتی بەرکەوتنەکان و دەست پێوەدانەکان ئەدەن، قسە و ئاواز و تۆنە دەنگییەکانیان لە مێشکدا ئەمێنێەوە، بزواندنێکی کەمتریان هەیە و لەسەر خۆیان قسە ئەکەن و هەوڵ ئەدەن، کە شێوازی گەیاندنیان ڕەوان و ڕون بێت.

★ **کەسە بە دەست پێوەدانە هەستیارەکان یان بەرکەوتەییەکان (لمسی):**

ئەم کەسانەش زیاتر گرنگی بە چۆنیەتییەکانی بەرکەوتن و دەستلێدان ئەدەن و قسە و باس لەسەر ئەو شتە ئەکەن، کە دەستیان لێداوە، زۆر ئارام و لەسەرخۆن و هەتا جۆرێك سستی و



کەمتەرخەمی تیایاندا نابینرێ، هەستیان لە کەسانی تر قوڵترە.

بۆ ناسینی ئەم جۆرە کەسانە ئەوە بەسە ئەم چیرۆکە بە جوانی بخوێننەوە:

سێ هاوڕێ کە چۆنیەتی هەستییان لە یەکتر جیاوازە، پێکەوە ئەچنە باخێکەوە و کاتێك کە گەڕانەوە باش وایە لێیان بپرسین گەشتەکەیان چۆن بو؟

کەسی یەکەم ئەڵێت: ئەوەندە خۆش و جوان بو، کە ئەندازەی نەبو، ئاسمان شین و دارەکان سەوز، ئاو هێندە ڕون و زوڵاڵ بو، کە کەناری ڕوبارەکە دیاربو، خۆزگە کامێرایەکمان ئەبرد لەگەڵ خۆماندا و...(ئەوە کەسێکی بینەریە، واتە تەنها حەزی لە بینینە).

کەسی دووەم بەم شێوەیە باسی ئەکات: بەڕاستی مرۆڤ پێوستە هەندێ کات لە ژاوەژاو و دەنگە دەنگی ناوشار دوربکەوێتەوە و گوێ لە دەنگی سروشت بگرێت.

دەنگی ڕوبارەکە ئەوەندە چێژ بەخش بو، باوەڕ بکە باڵندەکان جوانتر و خۆشتر ئەیانخوێند و...(ئەوە کەسێکی بیسەریە، واتە حەزی لە بیستنە).

کەسی سێهەم ئەڵێت: لەو سێبەرە فێنکەدا کە لەسەر هەرێز و سەوزە گیاکە بە تەواوی هەستمان بە شنەی با ئەکرد و لە هەموی باشتر کاتێ بو، کە قاچەکانمان ئەخستە ناو ئاوە فێنك و سازگارەکەوە و...(ئەوە کەسێکی هەستیارە بە دەست پێوەدان، واتە حەز ئەکات دەست بدات لە شتەکان).

بە دڵنیاییەوە تاکو ئێرە زانیوتانە، کە بە ئاسانی ئەتوانرێ ئەم



حاڵەتانە لە کەسە جیاوازەکاندا دەستنیشان بکرێ، ئێستا زانینی ئەم بابەتە کۆمەکتان ئەکات، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێزتر و گەرمتر و کاریگەرترتان هەبێت لەگەڵ جۆرێ لە مرۆڤەکان ئەبێ وەکو خۆی و لەسەر بنەمای چۆنیەتی هەستی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ، ئەمە بە واتای کارکردن بە پێچەوانەی ئارەزوی خۆت نییە، بەڵکو بۆ کاریگەریی زیاترە، ئەگەر پێویست ئەکات داوای شتێك لە بەرێوبەرەکەت بکە لەسەر بابەتێك و ئامۆژگاریی منداڵەکەت بکە، یان ڕێنمایی هاوسەرەکەت بکە لەگەڵ زانینی ئەوەی، کە لەگەڵ هەر کەسێك خاوەنی هەستی جیاوازە چۆن هەڵسوکەوت بکەی، بەم شێوەیە باشتر ئەتوانی پەیوەندیی بەرقەرار بکەیت و زانیاریی پێویست بگوازیتەوە.

ـ چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بینەرین:

ئەو جۆرە کەسانە کە حەزیان لە بینینە گرنگی بە ئەو شتانە ئەدەن بە چاو ئەبینرێن، عاشقی گوڵن و حەزیان لە دیاری پێدان و دیاری وەرگرتنە، ئارەزویان لە کاغەز و دیارییە، ئەبێت لەگەڵیاندا بە جۆش و خرۆش و زۆر بزواوتر بیت، ئەبێ بە پوختی قسەیان لەگەڵدا بکرێ، ڕونکردنەوە و شیکردنەوە بێزاریان ئەکات، سود لە جوڵەی دەست و دەموچاو وەربگرن، لەگەڵیاندا دیارییان بۆ بەرن، هەڵسوکەوتێکی بەڕێزانە و بە ئەدەبانەتان هەبێت بەرانبەریان لەبەر ڕێزگرتنیان لە بەردەمیاندا هەستن، حەزیان لە مرۆڤی شل و شێواو نییە و عاشقی بزواندن و خۆرشانن.

ـ چۆنیەتی هەڵسوکەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەبیسن یان



ژنەوتەن:

ئەو جۆرە کەسانە زۆر گرنگی بەو قسە و گوفتارە بە ئەدەب و بەڕێزانە ئەدەن، کە شیاوی گوێگرتنە، بە پیشاندانی ئارەزو و حەز گوێ لە مۆسیقا و دەنگی خۆش ئەگرن، هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا کەمێك بە ئارامتر لە کەسە بینەریەکان قسە بکەن، ئەویش بە ڕێکوپێکی و بەڕاست و دروستی، هەوڵدانتان زیاتر با بە قسە و وتە بێت، یەك "ئافەرین"وتن و"خۆشم ئەوێی" بۆ کەسێکی ژنەوتە لە "دیاری"یەك هەزار جار زیاتر بە بەهاترە، توند و خێرا قسەکردن لەگەڵیاندا بەبێ ئەدەبی ئەژمێردرێت.

ـ چۆنیەتی هەڵسوکەت لەگەڵ ئەو کەسانەی هەستیارن بە دەست پێوەدان یان بەرکەوتەیین:

ئەو جۆرە کەسانەی کە هەستیارن بە دەستپێوەدان زۆر گونجاون، هێندە وەهان، کە هەندێ کەس وائەزانن شل و شێواون، بەڵام لە گونجاوی و لەسەرخۆییاندا زۆر لە خۆبوردە و هێمنن، ئەم جۆرە کەسانە پەیوەندییەکی زۆر گەرم و گوڕیان لەگەڵ ئەو شتانەدا هەیە، کە بە دەست هەستی پێئەکەن، واتە دەستی پێوەئەدەن، ئەبێ ئەم جۆرە کەسانە لە ئامێز بگریت، دەستەکانیان بە توندی بگوشی، هێندە لە باوەشیان بگری، کە بە لە ئامێزگرتن و دەستپێوەدانیان ئەتوانرێ خۆشەویستی بۆیان دەربخەیت و پیشانی بدەیت، بە وتنی "خۆشم ئەوێی" و "دیاری بەخشین" ئەم کارە ناکرێ، هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەم کەسانە لەسەرخۆ و بە هێواشی قسەبکەن.

# بــا خاتو شـــانازی ئـــەردەڵان بناســـین



**نوسینی/ ئامینە ڕەشید**

چەند خۆشە لام کە باس لە ژنێك دەکرێت لە کۆمەڵگەکەمدا کە لە بوارێکی ژیاندا سەرکەوتووە و توانیویەتی سنورە دیاریکراوەکان بشکێنێ و زاڵ بێت بەسەر ڕێگرییەکانی ژیاندا، ئەو سنورانەی کە بۆ خۆی لە مێژوی مرۆڤایەتیی ئێمەدا بە سەرماندا هەڵپەسێنراوە، دوای مێژوویەك ڕۆن بەسەر ئەو سنورشکانەی ئێمەی ژندا ئەوا بۆ خۆی لە ناو و ناتۆرەوە دەبێتە مێژوویەکی ڕەنگین لە ژیانی ئێمەی ژندا، زۆرن ئەو ژنە مەزن و نەبەردانەی لە مێژوی ئێمەدا دیارن و لە بواری هونەر و ئەدەب و بەرەنگاربونەوە بەرانبەر بە داگیرکەرانی وڵات ڕۆڵیان هەبووە، لێرەدا دەمەوێ پەنجە بخەمە سەر (خاتو شاناز) و بزانیین چۆن قارەمانێك بووە لە بەرەنگاربونەوە بەرانبەر بە دوژمنەکانمان، ناکرێت ئێمە کەسێکی تێکۆشەری وەك (خاتو شاناز) نەناسین.

خاتو شاناز کچی مەولانا یەعقوبی ئەردەڵانە، ئەم ژنە ناوبانگی بە قارەمان و تێکۆشەرێکی دلێر دەرکردووە، ئەمەش کە لێرەدا بەیانی دەکەین نمونەیەکە لە قارەمانێتی ئەم ژنە کوردە، ئەو کاتەی هەڵۆخانی ئەردەڵانی کە لەگەڵ قزڵباشەکان کەوتنە شەڕەوە لە



(باجرخانی) کە بە چەند کیلۆمەترێك دەکەوێتە لای شاری سنەوە، لە دەستپێکردنی ئەو شەڕەدا ئەردەڵانییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنابو، هەر بۆیە (سەفەوییەکان) پەنایان بردە بەر (ئەمیرکل)ی سەرۆکی لوڕستان، بەم جۆرە لەشکری لوڕ هات بۆ یارمەتیدانی سەفەوییەکان و ئەم هاوکاریکردنەی لوڕ بووە هۆی کزبونی لەشکری ئەردەڵانییەکان، ئیتر ئەردەڵانییەکان ناچاربون و کشانەوە و هاتنە تەنیشت کەلی (ئارێز) کە نزیکە لە شاری سنەوە، بەرە بەرە خاکی ئەردەڵان کەوتە مەترسییەوە، (خاتو شاناز) بەمە زۆر دڵنیگەران دەبێت کە خاکی داگیر بکرێت، ئەویش بانگی هەمو کچان و ژنانی ئەردەڵان دەکات و پێیان دەڵێ:- (هەر کەسێ باوك و برای خۆشدەوێ، بەرگی جەنگ بپۆشێ و بێت بۆ کۆڕی جەنگ و بەرەنگاری، و هەر کەسیش ئارەزو دەکات بە دیلی بکەوێتە دەست دوژمن، با بۆ خۆی لە ماڵ دابنیشێت و نەیەت)، ژنان و کچانی ئەردەڵان بە بیستنی ئەم (جاڕە) نزیکەی پێنج سەد کەس بەرگی پیاوانیان پۆشی و چەکی سەردەم کە شمشێر بو کردە مل و لای (خاتو شاناز) کۆبونەوە، ئەوانیش سەرکردەی لەشکریان (خاتو شاناز)یان هەڵبژارد، بەم شێوەیە ئەم ژنە کوردانە شانبەشانی پیاوان بەرانبەر لەشکری دوژمن کەوتنە شەڕەوە، شەڕ سێ ڕۆژی خایاند و بۆ ڕۆژی چوارەم هەور و باران بو و شەو تاریك و شەوەزەنگ بو، خاتو شاناز و لەشکرەکەی ئەمەی بەهەل زانی و لەشکری کرد بە چوار بەشەوە و لە چوار لاوە هێرشیان بردە سەر (قزڵباشەکان)، لە ترسی باوباران و سەرما هەمو لەشکرەکەیان چوبونە ناو



چادرەکانیان، ئەمانیش هێرشیان کردە سەر چادرەکان، یەك یەك پەتی گیرەی چادرەکانیان ئەقرتاند و ئەیان خست بەسەر قزڵباشەکان، ئەوانیش تەواو لە هێرشی ژنان و پیاوانی ئەردەڵان شپرزە بون، تا لەو شەڕەدا (کلب عەلی خان)ی سەرکردەی گشتیی لەشکری سەفەوییەکان کوژرا و بە کوشتنی سەرکردەکەیان لەشکری سەفەوی شکا و لەو جەنگەدا هەڵهاتن، لەشکری ئەردەڵانیش بە دوایاندا هەر پەلاماریان دەدا و بەم شێوەیە لەشکری ئەردەڵان بە ژن و پیاوەوە دوژمنیان تێکشکاند و تا تەنیشت (باجرخانی) ڕاونران.

لێرەدا بە دەردەکەوێت هەمو کارێك نەك جەنگ بە تەنها، بەڵکو هەمو کایەکانی تری ژیان بە یەکێتی نێوان ژن و پیاو تەواو دەبێت و دەمەوێ ئەوە دوپات بکەمەوە لەوانەیە لەو ڕۆژەدا ئەوە بۆ ئێمەی ژن عەیب و عاربێت بۆ هاوکاریکردنمان لەو جەنگە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ خۆی مێژوویەکە و سەروەریەکی گەورەیە، ئەمەیە وێنەی ژنان و دایکانی کورد کە مێژو شانازیان پێوە دەکات.

**سەرچاوە:**

**جەبار جەباری، ئافرەتە ناودارەکانی کورد، لاپەرە ( ٣٦ ).**



# من ڕقم لەجەژنە !

**ئامادەکردنی/ باوکی پەیڤین**

یەك دو ڕۆژی مابو بۆ جەژن ، لەگەڵ هاوڕێیەکی کارەکەمدا باسمان لە جەژن و خۆشی و جلوبەرگ و منداڵ و خواردن و چێشتی جەژن دەکرد ، ئەو لەو لاوە زۆر بە وردی و بە ڕومەتێکی زۆر خەماوی و پڕ لە خەیاڵاوییەوە تێی دەڕوانیین و هیچ قسەیەکی نەدەکرد !

لە چرکە ساتێکدا زنجیرەی بیرم بچڕا تەماشامکرد ! لە دڵی خۆمدا وتم چی وای لە شلێر کردووە ، کەوا بێدەنگ و خەمبار و خەیاڵ بلاوبێت ... بۆیە بەبێ دودڵی و ڕاستەوخۆ پێم وت خاتون تۆ بۆ قسەیەك ناکەی چییە؟ دەڵێی کەشتییە بازرگانییەکەت نقوم بووە؟

وتی (من ئەسڵەن ڕقم لە جەژنە) ، لە تۆنی دەنگی خەماوی دەموچاوی و توڕەیی لە جەژن هەستم کرد دەبێ ئەمە نهێنییەکی تێدا بێت ، بۆیە لە بوارێك گەڕام ، کە بە تەنها بیدوێنم و تۆزێك لەو خەمبارییەی کەم بکەمەوە ، بۆیە دوای چەند خولەکێك بە هانەیەوە بانگم کردە دەرەوە و پێم وت خاتون دەتوانم بزانم چی وارڤباری کردوی لە جەژن ، دوای ئەوە خەڵك لە جەژندا گەردن ئازادی و دەرچون و سەردان و خۆشی دەکات و چێشت لێدەنێت ،

کەچی تۆ ئازیەت باری ، وتی هیچ هەروا .... وتم نابێ هەر دەبێ شتێك هەبێ ، ئەم هەمو خەمەی لە ڕومەتی تۆ کۆبووەتەوە ، کەچی ڕۆژانی تر زۆر ڕو گەش و بە کەیف بوی ، بەڵام ئەم ڕۆژانە وەك ئەوەی بەرەبەرە کۆڵە خەمەکانت زیاتر دەبێ ، قسە بکە ، با تۆزێك بارت سوك بێ ، دەزانم حەز دەکەی کەسێك گوێت بۆ ڕاگرێ ، وتی: چی بڵێم ... پێش سیازدە ساڵ لە بەرەبەیانێکی جەژنەدا ، کە هەمو خەڵك لە خۆئامادەکردندا بون ، هەریەك بە شێوەیەك و لە مزگەوتەکانیش دەنگی (الله اكبر) بەرز دەبویەوە و لە ماڵاندا بۆن و بەرامی قاورمە و گۆشت و بۆنی برنج و شلەی جەژنە و هەریەك لە گەورە منداڵان لە خۆئامادەکردندا بون بۆ جەژن ... هەناسەیەك .... منیش هەمان لەو خۆئامادەکردنەدا بوم ....... زۆر بەپەلە ناو زور و ناو حەوشەکەم شۆرد و ئاو هەبو ، خۆزگە نەبوایە ، خۆزگە نەمشۆردایە !!

لە کاتێکدا ناو حەوشەکەم شۆرد و تەواوم کرد ، لە کاتی پێچانەوەی سۆندەکاندا کە چەند خولەکێکی بەسەر چو ، دەرەوە زۆر ساردبو ، پەنجەکانم خەریك بو لە گۆ دەچون ، هەمو ناو حەوشەکە بەستی ، (وەستانێکی درێژ) دوای ئەوەی سۆندەکەم پێچایەوە و بە پەلە بردم بیخەمە ژوری مەخزەنەکە ... پێم خزی برد و کەوتم لەگەڵ کەوتنمدا ئازارێکی زۆرم پێگەیی ، دایکم هاتە دەرەوە و وتی ها ڕۆڵە هاتە سەرم و وتی سەلامەتی ، وتم پشتم ئازاری زۆرە ، وتی وەرە ژورەوە کچم وەرە زو وەرە دەستی گرتم و بردمیە ژورەوە ، وتی سەلامەتی ... وتم ها ، وتی ....... سەیرێکی



خۆت بکە ، خۆزگە بمردایەم و سەیرم نەکردایە ، خۆزگە کوێر بایەم و دڵۆپێك خوێن (........ ) تەنها یەك دڵۆپ خوێن !! دایکم کێشای بە ڕومەتمدا وتی ... وەی ڕۆڵە جەژن بو بە پرسە ، هیچ کەسمان خۆشی لە ڕومەتمان نەدەبینرا ...

منیش دانیشتم و دەستم کرد بە گریان ، دوای نیوکاتژمێرێك باوکم لە نوێژ گەڕایەوە ، دایکم بە چپە قسەی بۆ کرد ، پاشان چونە ژورەکەی ئەو دیو و چەند خولەکێکیان پێچو ، بەڵام وەك تەمەنێك لای من ڕابورد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەوان باسی من دەکەن ، بۆ من لەوێ نەبم ؟ بۆ نەزانم چی دەڵێن ؟ ئیتر ئەو ڕۆژە لە ماڵی ئێمە هەمو شتەمان هەڵگیرایەوە (پێکەنیین) جەژنە پیرۆزە لەگەڵ میوانەکان و قسە کردن و هەمو شتەکان دروستکراو بون.

تا ئێوارەکەی باوکم و دایکم وتیان خۆت ئامادە بکە ئەتبەین بۆ لای دکتۆر ن چوینە لای دکتۆرەکە دوای پشکنینی بۆ کردم و هاتە دەرەوە ، منیش دەمویست بزانم چی دەڵێ ، بۆیە لێی چومە پێشەوە دکتۆر وتی: باشە من ئێستا کاغەزێك دەنوسم و تیایدا ئیمزای دەکەم ، کە ئەم ڕوداوە بەم شێوەیە بووە و هۆکارەکەی ڕون دەکەمەوە ، ئەمەیە حەقیقەتی من و ڕق بونم لە جەژن.





# گەردون لە نێوان دایک و ڕۆڵەدا..

نوسینی: زانای خەیام -ئەندازیاری دەرونی

●ئەوەی ستەم لە منداڵ دەکات شوێنی لە گەردون نییە.

●هەمو گیاندارێك بەرگریی لە بێچوی خۆی دەکات.

ئەمرۆ ئێمە دەمانەوێت لە چەند تەوەرێك باس لە منداڵ و ماف و قەدەغەکراوەکان بکەین، کە چۆن گوێبیستی چەندین ڕوداوی دڵتەزێن دەبین لە ڕۆژگاری ژیانمان.

هاندەری سەرەکیم بۆ نوسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە، پاڵنەری ئەو ڕوداوە بو، کە دایك و باوکێك هەڵساون لە پاش ئەشکەنجەدانی منداڵەکەی خۆیان، هەرچەند دایکەکە زڕدایك بووە، بەڵام باوکەکە باوکی خۆیەتی، وەکو وتمان دوای ئەشکەنجە و زیندانیکردن و داخکردنی هەڵساون خنکاندویانە.

★ سەرەتا:

هەمو بونەوەرێك واتە (مخلوقێك) خودا دروستی دەکات، منداڵیش لەمە بەدەر نییە، بەڵام هۆی دروستبونی نێر و مێیە، واتە ژن و





پیاو.

پیاو گەر ژنی هێنا، پاش شەش یان حەوت مانگێك یا ساڵێك منداڵبون و سەرەتای پەیدانەبو، چەندین دکتۆر دەکات، تاوەکو ببێتە خاوەن منداڵ بۆ؟ جگە لە چەندین شێخ و مەلا و کۆنەگۆڕ، ئەمانە هەموی بۆ؟

أ- تاوەکو ئەم منداڵە سەریان بەرزکاتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا، بۆیە خەڵك بە چاوێکی تر سەیریان نەکات و لۆمە نەکرێن، کە ئەم ئافرەتە یان ئەم پیاوە نەزۆکە.

ب- منداڵ جێگری دایك و باوکە، کە لەدوا ڕۆژدا لە سێبەری بحەسێتەوە، یا لە ڕۆژگاری ژیان یارمەتیدەری بێت.

ج- بۆ خۆشحاڵبونی دایك و باوك، زۆر جار واگوتراوە، کە ماڵی بێ منداڵ وەك گۆڕستانە، واتە بۆ پێخۆشحاڵبونیان و خۆشگوزەرانییان منداڵ وە بەرهەم دەهێنن.

ئەم منداڵە هیچ تاوانێکی نییە لە بەدیهاتنی دایك و باوك هۆکارن، هەر بۆیە دەبێتە ئەرکی سەرشانیان کە بژێوی ژیان و گوزەرانیان لە ئەستۆ بگرن، چۆن منداڵ بۆ خۆشحاڵی خۆتە، دەبێ واش خۆشحاڵبونی ئەو لەبەر چاو بێ و مافی بدەیتێ، گەر شایستەی ئەوەش نیت، منداڵ بەخێوبکەیت زوڵمیشی لێمەکە بۆ هێنانەدی بۆ ژیان، کەواتە ئەم خاڵانە بۆمان ڕون بویەوە، کە منداڵ (سەربەرزیکەری دایك و باوکە ) و ئەگەر (سەرشۆڕکەریش بێ لە دوا ڕۆژدا، ئەمە تاوانی ئەم فێرگەیەیە کە لێوەی دورچووە).

★ **لە ڕەوانگەی ئاینییەوە:**

ئاینی ئیسلام بە تایبەت و هەمو ئاینەکانی ئاسمان بەگشتی ڕێگری دەکەن لەسەر ستەم و زوڵم و زیاتر لەسەر زەلیل و لاوازەکان فەرمودەیەکی زۆر (بە نێو بانگ) هەیە، کە پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمویەتی: (ئافرەتێك دەخرێتە دۆزەخ لەسەر ئەوەی پشیلەیەك بەبێ نان و ئاو بە ئازارەوە دەیکوژێت) ، جا دەبێ چۆن بێت لە ڕەوانگەی مرۆڤایەتی و منداڵدارییەوە، بە کورتی مافی منداڵ لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆرترە لەوەی بە چەند خاڵێك خزمەتی ئێوەی پێدەکەم:

١- هەڵبژاردنی دایکێکی باش بۆی: وەکو ئەوەی کە تۆ گەر بتەوێ بەرهەمێکی بەهادار و بەسود دەست بکەوێ، دەبێ زەوییەکی باشی بۆ دابین بکەی.

٢- ناوێکی شیاوی لێ بنێت.

٣- بژێوی ژیانی بۆ دابین بکات.



٤- ئاینی پیرۆزی ئیسلامی پێ بناسێنێ.

٥- خێزانداری بۆ پێکەوە بنێیت.

٦- ڕێگری زانست و زانیاری نەبێ.

ئەمە چەند مافێك بون کە ئیسلام ئەیدات بە منداڵ.

★ **سوتاندن یاخود داخکردن:**

پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێ: (لاينبغى ان يعذب بالنارالا رب النار) ، واتە ئازاردان نییە بۆ کەسێ بە ئاگر تەنها خاوەنی نەبێ، واتە بەس خوای گەورە دەتوانێ بە ئاگر ئازاری گیاندار بدات، ئەم فەرمودەیە لەو کاتە گوتراوە، کە کۆمەڵێك شارە مێرولە یەکیان سوتاند، پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرموی بۆتان نییە ئازاری هیچ شتێك بدەن بە ئاگر تەنها خاوەنی ئاگر نەبێ، واتە نابێ ئاگر بەرامبەر بە هیچ گیاندارێك بەکاربهێنرێ، ئەگەر بێتو ئازاردەریش بێ.

ئەی ئەگەر ئەوەی تۆ ئازاری دەدەی مرۆڤێك بێت، کە خوای گەورە دەفەرموێ لام ئاسانترە ڕوخانی ماڵی خۆم واتە کەعبەی پیرۆز نەوەك کوشتنی مرۆڤێك، چونکە بنیادی دروستکردنی خۆیەتی، ئەگەر بێتو ئەم مرۆڤە ڕۆڵەی خۆشت بێت.

لە ئادابەکانی سەرئاو ئەمەیە نابێت لەسەر کونی هیچ گیاندارێك پاشەڕۆ بکرێ، چونکە لەوانەیە ببێتە ئازاردانی ئەم ئاژەڵە، یا ئەم گیاندارەی کە ئەمە لانەکەیەتی، ئیسلام ڕێگرە لەسەر گشت ئازاردانێك، لە ڕەوانگەی کۆمەڵی ئاژەڵان (مجموع الحيوانات) هەرچی گیاندار هەیە لەم گەردونە ئینجا شێرە، پڵنگ، مارە، مێرووە . .



هەرچی هەیە، هەموی بەرگری لە ڕۆڵەی خۆی دەکات، واتە لە وچەی خۆی، جگە لەوەی ئازاری نادات و خۆی برسی بووە خواردن بە دەمی هەڵدەگرێ بۆ بێچوەکەی، وەك بەتریق چوار مانگ لەسەر قاچەکانی ئەوەستێ و هێلکەکەی دەخاتە سەر قاچی تاوەکو بە بەفر نەفەوتێ، بەم بەفرە، بەم سەرمایە بۆ یەك سانتیم لە شوێنی خۆی ناجوڵێ و لەم ماوەیەدا هیچ خواردنێ ناخوات، دوای چوارمانگ ئینجا مێیەکەی دەگەڕێتەوە خواردن دەهێنێ، ئەم هەمو ماندوبونە تەنها لە بەرگریکردنە لە یەك هێلکە، شێر پاشای دارستان ئەم ئاژەڵە دلڕەقترین ئاژەڵە بەرامبەر ئاژەڵەکانی تر، ئەو کاتەی کە بێچوی دەفەوتێ، یان توشی کارەساتێ دەبێت، هیچ دەنگێك و هیچ هاوارێ لە دەنگی ئەو بەرزتر و گەورەتر نییە کە بۆ بێچووەکەی شین دەکات، مریشك پەلەوەرێکی زۆر بێهێزە، بەڵام ئەو کاتەی کە ئاژەڵێك هێرش دەکات بۆ جوجەڵەکەی شەڕی لەگەڵ دەکات، لە هەمان کاتدا بۆ خۆی بەشی یەك پاروی ئەوە، ئاژەڵ نییە ئازاری بێچوی خۆی بدات، یا خۆی بیکوژێت، یان ئەشکەنجەی بدات، بۆیە ئەو مرۆڤانەی هەڵدەستن بەم جۆرە کردارە لە ناو ئاژەڵانیش جێگەیان نابێتەوە.

★ **شێت:**

هیچ کاتێ گوێبیستی نەبومە و نەیشم خوێندۆتەوە، کە شێتێ ئازاری منداڵی خۆی دابێت، شێت ئازاری خەڵکی تر ڕەنگە بدات، بەڵام بەرگری لە ڕۆڵەی خۆی دەکات، لە شاری هەولێر ئافرەتێ هەبو، هێندە ئەقڵی ناتەواو بو و زۆر جار بەناو کوچە و کۆڵانی شار



بە ڕوتی دەسوڕایەوە، بەڵام نەیدەهێشت هەرگیز کۆرپە ساواکەی سەرمای بەرکەوێ، ئەگەر بچینە ناو پانتایی دارستان، یاخود دنیای دارستانیش چۆن منداڵ بەروبومی مرۆڤە هەمو دەرختێکیش بەروبومی خۆی دەپارێزێت، بەری هەندێ درەخت لەناو کۆمەڵێك گەڵا داپۆشراوە بۆ پارێزگاریکردنی لە گەرما و سەرما، یا بۆ هەر هۆکارێکی دەرەکی، جگە لەوەی بە توێکڵێکی بەهێز داپۆشراون وەك گوێز لەناو توێکڵێکی زۆر بەهێزە، بەڕو کلاوی هەیە، ئەوانی تریش بەدەر نیین لەم پاراستنە، بە هەر جۆرێ بێت، گرنگ لە پاراستنی خودی بەرهەمەکەیەتی.

خوای گەورە بۆ مانەوەی بنەچەی هەمو مخلوقێك کۆمەڵێ یاسای چەسپاندووە، کە خوا ڕسکە، لە ڕەوانگەی فیزیاییەوە هەمو خانەیەك ناوکی هەیە و ناوك لە (نیوترۆن و پرۆتۆن) پێکدێت و ئەلکترۆنەکان بە دەوری دەخولێنەوە، پارێزگاری ئەم ئەلکترۆنە وادەکات کە هێزکێشکردنی هەیە و نایەوێت لەوەشیان بدات، تەنها بە ڕێگای دابەشبون نەبێ، ئەویش وەکو زاوزێ وایە.

توخم بۆ توخم جیاوازی هەیە، دار هێزی کیشکردنی جیایە لەگەڵ بەرد یاخوت ئاو، گەر بێتو بەردێ بکێشێن ئەستەم ترە لەوەی دارێك بکێشین، چونکە هێزی کێشکردنی ناوکی قائیمترە و بەهێزترە، هەمو پارچەیەك ئەو هێزی کێشکردنەی هەیە بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکات، بەڵام بەم جۆرە نییە کە بتوانێ خۆی پێوە بلکێنێتەوە، هەمو مخلوقێك لە خودی خۆڵ دروستکراوە و خوای گەورە فەرمویەتی و زانستیش دەیسەلمێنێ، هەروەها لە گیاندار و

بێگیانیش ئێمە هەمومان لە (ئادەمین) و ئادەمیش لە خۆڵە هەروەکو زانراوە، هێزی کێشکردنی زەوی بۆ بونەوەرەکان هێزی موگناتیسیش زۆر بەهێزە و هەمو تەنەکان بۆ خۆی کێش دەکات، پارچە بەردێك تا لە زەوی دوری بخەیتەوە هێزێکی زیاتر بۆ خۆی ڕادەکێشێت.

ئەگەر بێتو ئەم خۆشەویستییە نەبوایە لە نێوان زەوی و مخلوقەکان، ئێمە دەبوایە لە بۆشایی ئاسمان مەلەمان بکردایە و بە شێوەیەکی گشتی ژیان دەبڕایەوە، کەواتە خۆشەویستیی زەوی و مخلوقەکان خۆشەویستی دایکگەرایییە.

(هەمو چاوێ، چاوی لەسەر چاویەتی) دەریاکان لە ئەنجامی بەرکەوتنی تیشکی خۆر دەبنەوە و هەڵم لە ئاسمان کۆدەبنەوە و چڕدەبنەوە بە شێوەی هەور و لە ئەنجامی گەرمی و ساردی دەبارێین لە شێوەی باران و بەفر، گەر بێتو ئەوەی گەڕایەوە ناو دەریاکە ڕاستەوخۆبو ئەمە گرفت نییە، بەڵام ئەوەی لەسەر شاخ و کێوەکان دەبارێت، لە ئەنجامی بە شێوەی جۆگە و ڕوبارەکان دەچنەوە ناو باوشی دایك کە دەریاکەیە، هەندێ لە زاناکان دەڵێن ئەمە هێزی خۆشەویستین، واتە سایکۆلۆژی هێزی ئەم کێشکردنە خۆشەویستییە کە ئاو هەیەتی بۆ گەردیلەی توخمی لەدەستچو.

لە کزرتەی ئەم باسە بۆمان ڕون دەبێتەوە:

1.لەم گەردونە هەموی لەسەر بنەمای دایك و خاوەن گەرای و خۆشەویستیی تایبەت بووە، بە هەر جۆرێ لە جۆرەکان گەڕانەوەیە بۆ بنچینەی خۆی و باوشی دایك، وەکو چۆن مرۆڤ لە گڵەوە



دەبێتەوە گڵ.

2.ئەوەی خۆشەویستی نەبێ بۆ ڕۆڵەکەی خۆی دەبێتە هۆی ئازار و ئەشکەنجەدان.

3.لە ئاینە ئاسمانییەکان بەدەرە.

4.لە مرۆڤایەتی دەشۆرێ.

5.ناچێتە چوارچێوەی شێت و کەم ئەقڵەکانەوە، واتە لەوانیش نزمترە.

6.لەوەش کەمتر بچێتە ڕیزی ئاژەڵانەوە، چونکە ئاژەڵانیش بێچوی خۆیان خۆشدەوێ.

لەناو بێگانەیش ناخەملێنرێن، چونکە هەمو توخمێ ئەصلی هەیە و ئەصلی پارێزە، کەواتە نابێت گەردون نشین بێت.



# دڵەڕاوکێ

**نوسینی: د. ئەمین بوخاری**
**وەرگێڕانی: عادل عەبدوڵڵا علی**

دڵەڕاوکێ بریتییە لە یەکێك لە سۆزە سروشتییەکانی ژیانی مرۆڤ ، کە زەنگی زو ئاگارکردنەوە یان زەنگی مەترسی بۆ مرۆڤ لێ دەدات بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بە وریایی لە بارەی هاتنە پێشی مەترسی چاوەڕوانکراوە بەپێی مەزندە و خەملاندنی ئەقڵی ناوەوە لە ئەزمونەکانی پێشوتردا ، هەروەها سۆزی دڵەڕاوکێ بە هۆکاری بنچینەیی هاوبەشی هەمو شپرزە دەمارییەکان دادەنرێت ، هەر کە مرۆڤیش ڕوبەڕوی مەترسی هەڕەشە لە ژیانی دەبێتەوە ، ترس و تۆقاندنی لە ناوەوەیدا دەخرۆشێت ، لە بەرامبەردا جەستەی کاردانەوەیەکی خۆڕسکانە پیشان ئەدات ، کە پێی دەوترێت کاردانەوەی شەڕ/هەڵهاتن کە بریتییە لە بونی هەڕەشەیەك بەرێوەیە ، بۆیە وزە و چالاکیی پێویستی پێدەبەخشرێت بە مەبەستی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم هەڕەشەیەدا ، یان بە مەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی خۆڕاگرانە ، یان پەنابردنە بەر هەڵهاتن بۆ دورکەوتنەوە لە ئازار و مەینەتییەکانی وەك ئەوەی باووباپیرانمان ئیشیان لێکردووە لە چاخە سەرەتاییەکان بە مەبەستی درێژەدان بە ژیان لە ژینگەیەکی پڕ لە هەڕەشە و مەترسی.



ئەو هەڕەشانەی کە ڕۆژانە بەرەنگارییان دەبینەوە ، تەنها مەترسیی نین بۆ ژیان و لەش ساغی مرۆڤەکان ، بەڵکو بریتییە لە جۆرێکی تر کە خۆی لە غەم و فشارە ژینگەیی و خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە ، هەر بۆیە بە بەردەوامی دەزگای وریاکردنەوەمان ناوبەناو کاردانەوە و وەڵامی لەگەڵدا دەبێت ، بەمەش دەوترێت حاڵەتی شلۆقی دەرونی یا ترس و زریکەکردن بە پشت بەستن بە تینی کاردانەوەکە.

هەروەها وریایی دەدرێت لەبارەی پێویستی خۆبەرێزگرتن و ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەو مەترسییەی لە ئارادایە ، ئەوەش زانراوە کە لەم بارەدا هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ خۆلێدزینەوە یان ڕوبەڕوبونەوەش ، بەڵکو پێویستە ئارامبگرین لەسەر هەمو ئەو ناخۆشی و دەردەسەرییانەی پەیوەستە بەم کاردانەوەیە ، هەر بۆیە پێویستە لەسەرمان ڕێگەی تر بدۆزینەوە بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نیشانە سەرەتاییانەدا لەکاتی ڕودانیدا ، یان بەمەبەستی خۆ دورگرتنمان هەر لە دەس و دەمی ئەم وریارییدانەدا.

دڵەڕاوکێش بۆ خۆی بە پلەی جیاواز ڕوددەدات ، شلۆقی دەرونی ئاسان وەك خۆسەرقاڵکردن بە شتی ناگرنگ و پڕوپوچ ، ئەمەش وەك حاڵەتی چاوەڕوانی و هەبونی ترس لە هاتنە ئارای شتێکی چاوەڕواننەکراودا ، بەڵام شلۆقی دەرونیی بەتین بە شێوەی ترس یان تۆقاندن دەرئەنجامی هەڵوێست و ڕوداوێکی جارس دەردەکەوێت ، جا ئەمەش ڕاست بێت یان خەیاڵاوی بێت ، لەوانەیە زۆریش خرۆشێنەر بێت ، هەروەها پێدەچێت هەندێ لە نیشانە

جەستەییەکان لەگەڵیدا یەکانگیر بن بە مەبەستی هەژاندنی کۆئەندامە دەماری خونەویستانە وەك ئەرەق کردن و لەرز و سەرگێژی ، زۆربەی جار دڵەڕاوکێیەکی سوك وەك پەرچەکردارێکە بەرامبەر ململانێ و داڕوخانی ، یان بەرامبەر فشارە دەرونی و ژینگەیەکانی کاروباری خێزان و کۆمەڵگە دێتە ئاراوە ، هەرچەندە پێدەچێت وەڵامدانەوەش دژ بەم هەڕەشەیە ببێتە مایەی ئازارگەیاندنی جەستەیی یان ناجەستەیی ، کە پەیوەستە بەرێز لەخۆگرتن و هەیبەتی کەسێتی ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هۆکار هەن ، خۆیان لەو پاڵنەرە ناوەکییانەی خودی تاك دەبیننەوە ، کە خستویەتیە ژێر فشاری بەردەوامی خۆی بە مەبەستی گەیشتن بە دەستکەوتەکانی زیاد لە ئاستی پێویست ، کە زۆرترە لە توانایی و توانستە ئەقڵی و جەستەیەکانی ، هەر بۆیە لە کاتی ململانێ لەگەڵ خۆیدا کەسی توشبو دەبینرێت فشاری لەسەر زۆرتر دەبێت تا دەگاتە ئاستێکی ناچاوەڕوانکراو تێدا.

فرۆید جیاوازی کردووە لە نێوان دو جۆری دڵەڕاوکێ ، دڵەڕاوکێی بابەتی کە بریتییە لە پەرچەکرداری ڕاست دژ بەو مەترسییەی کە لە ئەنجامی ژینگەدا دێتە بون ، بەڵام ئەویتریان بریتییە لە دەمارە دڵەڕاوکێ کە لە ئەنجامی ململانێیەکی نەستیانەی (لاشعوی) تاك دێتە ئارا ، هەرگیزیش هۆشیاری لەبارەی هۆکارەکانیەوە لای تاك دەست ناکەوێت ، هەروەها فرۆید دڵەڕاوکێ وەك ململانێیەکی نەستیانە دادەنێت لە نێوان ئارەزوە گلاوەکانی (ئەو)ی سێکسی و دوژمنکار لەلایەك و ئارەزووەکانی (من) و (من)ی



بالادا کە خۆی لە جیهانی داکەوت (واقیع) و نمونەیەکان (یوتۆپیا) دەبینێتەوە لەلایەکی تر ، بەڵکو دەربڕینی ئارەزووەکانی (ئەو) بەئاگاییانە مەترسی بۆ قەوارەی تاك دروست دەکات ، چونکە ناگونجێت یان نەیار دەبێت لەگەڵ پێودانگەکانی کۆمەڵگە و پەند و ئیتیکیەکانی (ئاکارەکانی) تاك ، هەر بۆیە زەحمەتە بەشێوەیەکی ئاگایانە و ئاشکرا دەربڕێت ، بەڵام ئەم هەست و سۆز و ئارەزووە خەفەکراوە بەربڵاوانەی کە (ئەو) سورە لەسەر تێرکردنیان بەشێوەیەکی کارا ئەکرێت لە ڕێگەی خەونەکانی نوستن و بەئاگابون هەناسەیەك بدەن ، باری دودڵی هەست نەکردن بە وچان کە لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ دێتەبون و پاڵ بە کەسەکەوە دەنێت ، گەر بتوانێت بەشێوەیەکی دراماتیکی (مپیر) دورکەوێتەوە لە دڵەڕاوکێ ، یان لە ڕێگەی پەنابردنە بە میکانیزمەکانی دراماتیکی بەرگریی دەرونی لە هەوڵێکدا بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی تینی دڵەڕاوکێیەکە ، بەمەرجێك ئەم میکانیزمانەی ڕوبەڕوی کێشەیەکی ڕاستەوخۆ نەبنەوە ، بەڵکو هەوڵبدەن بۆ شێواندنی ڕاستییەکان وەك نکۆڵیکردنیان یان پەنا بردنە بەر پاساوی نابەجێ وەك هەیە.

کەسانی تریش هەوڵی کەمکردنەوەی تینی دڵەڕاوکێ دەدەن ، یان خۆ قوتارکردن لەدەستی ئەمەش لە ڕێگەی ئامرازی تایبەتی کە لەسەری ڕاهاتون ، بەڵکو لەوانەیە ئەم ئامرازانە نەگونجاوبن ، یان بە زیانی زیادەش بەسەریاندا بشکێتەوە ، بۆ نمونە پەنابردنەبەر مادە سڕکەرەکان و دەرمانە زیانبەخشەکان بە مێشك.



**بیردۆزی فێرکردن ( تیۆری فێرکردن ) :** دڵەڕاوکێ لە ئەنجامی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە خروشانە ناهەمواریيە ژینگەییەکان ڕودەدات لە میانەی کردارەکانی مەرجدانان و بەهێزکردنی ، هەروەها لەگەڵ دوبارەبونەوەی حاڵەتەکە و کات گوزەرکردندا ، ئەم وەڵامانە بۆ خرۆشانە ژینگەییە نوێیەکان گشتیگر بێت ، لەوانەیە ئەقڵی هەست (دەرەوە) پێی نەزانێت ، بەڵکو ئەقڵی نەست (ناوەوە) درکی پێبکات ، چونکە پەیوەندییەك دەبینرێت لە نێوان ئەوەی کۆبووەتەوە لەنێو ئەم خرۆشانانە و ئەوانەی کە ڕودەدەن ، بەتایبەت لە حاڵەتی ترس لە نەخۆشییەکان.

**هۆکاری بۆماوەیی:** بێگومان ئەم خاڵەش کاریگەریی خۆی هەیە ، چونکە حاڵەتی دڵەراوکێ بە زۆری لە نێوان تاکەکانی خێزانێك ڕودەدات ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین تاکەکانی ئەم خێزانە تەنها دڵەڕاوکێ ڕوی تێنەکردون ، بەڵکو دەمارە شڵەژاوەکانیش لەناو تاکەکانیدا زۆرە وەك شلۆقی دەرونی گشتگیر و تێکچونە ڕاڕایی ناچارانە و ترس و تۆقینی لەدوایەك ، سەرەڕای ئەگەری توشبونیان بە خودی نەخۆشییە جەستەییەکان وەك دەمارە قۆڵۆن و لاسەر ئێشە ، زامی گەدە.

**تێکچونە شڵەژانی گشتگیر:** ئەمەش خۆی لە هەستکردن بە خەم و خەفەت و ترس بەشێوەیەکی بەردەوام دەبینێتەوە لە زۆربەی کاتژمێرەکانی ڕۆژ و مانگدا ، سەرەڕای دەرکەوتنی ئەم نیشانانەش وەك دودڵی و ماسولکە لەجێچون و بەردەوام هەستکردن بە ڕژانەوە و ماندوبون بێ تەرکیزکردن لەگەڵ تێکچونی خەودا ، بە



هەموشیانەوە کاریگەریی نێگەتیڤیان دەبێت لەسەر ئەدای کەسەکە لە ڕوی پیشەوەری و کۆمەڵایەتی و کاروباری خێزانەوە.

خستنەوە یادی کەسی توشبو بە حاڵەتی دڵەڕاوکێ لە بیرویادگارییە پێشینە ئازاردەرەکانی دەبێتە مایەی زیاتری ئازاردانی ، هەروەها تێبینیە ڕەشبینانەکەی سەبارەت بە داهاتوی کاریگەریی خۆی دەکات ، پێدەچێت خەمەکانیش پەیوەستبن بە تەندروستی و ئیش و کار و پارە و پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان کە دەبێتە هۆی خروشانی (إثارە) درێژخایەنی کۆدەمارەکانی نەست (ئەقڵی ناوەوە) کە ڕۆڵی خۆی وازی دەکات لە حاڵەتی دڵەڕاوکێیەکی درێژخایەن ، هەروەها خروشانی بەردەوامی کۆدەمارەکانی نەست لەوانەیە کەسەکە توشی نەخۆشیە جەستەییەکان بکات ، وەك نیوە لاسەر ئێشە و زامی گەدە و بەرزبونەوەی پەستانی خوێن یان شەکرە.



# چۆن لەگەڵ دەزگیرانەکەماندا دەربارەی هاوسەرگیری قسە بکەین؟

ن/ سودیٚ
و/ عومەر عەبدولکەریم قادر

دەزگیرانداری قۆناغێکی هەستیارە لە ژیانی مرۆڤدا و پێویستە کارێکی وەها ڕونەدات لەو ماوەیەدا، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی جودایی، ئەم وتارە یەکێکە لەو لایەنە زۆر هەستیار و پێویستانەی هەر پەیوەندییەکی تەندروستی ژن و مێردایەتی پێش ئەوەی لێوە بترازێنێ و بڵێی "ئازیزم ئێمە ئەبێت...."، سەرەتا ئەم ئامۆژگارییانەی خوارەوە بە جوانی بخوێنینەوە.



ئێوە ئەتوانن بە ئاسانی و بە قسە جوان و شیرینەکانتان هەر کەسێك فریو بدەن و بە قسەخۆش و خۆش مەشروبیتان ئەو کەسە شەیدای خۆتان بکەن ، بەڵام بەداخەوە کاتێك نۆبەی باس و گفتوگۆ دێتە ئاراوە، هیچ کام لەو لایەنانە کۆمەکتان ناکات و زمانتان کۆت ئەبێ و ناتوانن لێوە بکەنەوە بۆ قسەکردن، هەندێ جار لە هەلومەرجێکی ئاوادا خانمان ڕودەکەنە شتی لاوەکی و دەست ئەکەن بە بۆڵەبۆڵ و لە بەرانبەردا پیاوانیش ئەچنە حاڵەتی بەرگرییەوە، بە هەرحاڵ یەکێك لەوان هەڵدەچێ و تورە ئەبێ و بە ئەویتر ئازاری دەرونی ئەگەیەنێ و بە شێوەیەکی گشتی ئەبێتە هۆی لادانی هەردولا لە ڕێگای سەرەکی ژیانیان.

قۆناغەکانی دەستپێکردنی هەر پەیوەندییەك گرنگییەکی تایبەتی هەیە، ئێوە ئەبێت تا ڕادەیەك سزای هەمو کارەکانی خۆتان لەبەر چاو بگرن، لێرەدا چەندین ڕێگا ئەخەینە پێش چاوی ئێوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بتوانن زۆر بە ئاسانتر پێکەوە گفتوگۆیەکی ئاشتییانە ئەنجام بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەسود وەرگرتن لەم خاڵانە و گفتوگۆکانتان کاریگەرتر و سودمەندتریش ئەبێت.

**یەکەم خاڵی گفتوگۆ/ ئاما نجداربون:**

بەر لەوەی بە قسەی تانەلێدان دەست پێ بکەیت ، ئەبێ بیر لە ئامانجی خۆت بکەیتەوە، (شارین وۆڵف) نوسەری کتێبی (هونەرەکانی چاوپێکەوتن) باوەڕی وایە: هەڵەی زۆربەی خانمان ئەوەیە کە خودی خۆشیان نازانن چییان لە هاوسەرەکانیان ئەوێ.، ئەوان ئەیانەوێ هاوسەرەکانیان وەڵامی ئەو پرسیارە کە "پەیوەندیمان



ئەگاتە کوێ ؟" بە خێرایی بدەنەوە، بەبێ ئەوەی خۆیان وەڵامێکی ڕونیان بۆ ئەم پرسیارە هەبێ ، خستنەڕوی ئەم پرسیارە دادپەروەرانە نییە.

بیر لەو پەیوەندییە بکەرەوە ، کە ئارەزوی ئەکەی ، ئایا ئەتەوێ بڕیاری چاوپێکەوتنتان هەبێ؟ مەبەستتانە لە پاڵ یەکتریدا بژین؟ ئارەزوتان لەوەیە ببنە دەزگیران؟ پاشان هیوا و ئاواتە ڕۆمانتیکییەکانتان لەگەڵ ئەو ڕاستییانەی لە ژیاندا هەن بگونجێن، لەوانەیە هێندە سەرقاڵ بن ، کە کاتی تەواوتان نەبێ، یان لەوانەیە بەرنامەیەکت بۆ گەشتکردن دانابێ، هەندێ کات خانمان ئەوەندە نوقمی ئارەزوی بەدەستهێنانی لایەنگری پیاوانن ، کە بە هیچ شێوەیەك بیرناکەنەوە لەوەی لەوانەیە خۆیان ئامادەیی پێویستییان بۆ ئەم کارە هەبێت، کاتێك هەمو مەسەلەکانت لەگەڵ خۆتدا شی کردەوە ، ئیدی نۆبەی ئەوە دێت ، کە ڕێژەی سۆز و پەیوەندیی دەزگیرانەکەت هەڵبسەنگێنی.

تێبینی: ئایا ئەو لە بەرنامەکانی ئایندەی خۆیدا تۆ بە هاوبەشی ژیانی ئەزانێت؟ ئایا چاوت بە خێزانەکەی کەوتووە؟ ئایا لە بەرانبەر هاوڕێکانیدا لەگەڵ تۆدا ئاسودەیە؟ هەمو ئەمانە نمونەگەلێکی باشن بۆ پیشاندانی نیەتی دەرونی ئەو کەسە ، بەڵام ئەگەر ئەو هەفتەی جارێك لەگەڵ تۆدا زیاتر کاتی چاوپێکەوتنی دانەنا و ئەو کاتانەی لەگەڵێدا نەبویت باسێکی هێنایە ئاراوە، واباشترە شوێنی سەرەکی خۆت بدۆزیتەوە و بیری ئەو لە مێشکی خۆتدا دەربکەی.



**دووەم خاڵی گفتوگۆ/ هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو:**

کاردانەوەی هاوسەرەکەتان پەیوەندییەکی نزیکی بە کات و میزاجەوە هەیە، لەوانەیە بە ڕای هەندێك لە مرۆڤەکان پاش پەیوەندیی سێکسی و پێش پەیوەندیی سێکسی کاتێکی گونجاوە بۆ کردنەوەی دەرگای قسەکردن ، بەڵام ئەبێ لە بیرتان بێت، ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە و ئەو هەرچەند هێمن و ئارامیش بێت، دیسانەوە هۆش و هزری بە دروستی کاردانەوەی نابێ، بۆ ئەوەی بە جۆرێك کۆتایی بە قسەکانی نێوانتان بهێنێ بەبێ ئەنقەست بە هەمو قسەکانت ڕازی ئەبێ، هەروەها کاتێك وابیر بکاتەوە، تۆ ئەوت خستووەتە داوەوە ، بۆ نمونە لە ئۆتۆمبێلدا لە کاتی خواردنی نانی ئێوارانێکی ڕۆمانتیکدا بەهیچ شێوەیەك کاردانەوەی گونجاوی لێ نابینی، هەروەها ئەبێ لە بەرانبەر هاوڕێ و خزمانیشدا ئاگات لە دەمی خۆت بێ ، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لە پێش چاوی هەمواندا لەگەڵتدا بیکاتە دەمەقاڵ و ئاژاوە.

باشترین کات ئەو کاتەیە ، کە ئەو سەری بە شتێکەوە گەرمە، کاتێك ئەتوانی لەگەڵ پیاوێکدا قسە بکەی ، کە ئەو سەرقاڵی چالاکییەکی جەستەییە، هەڵبەت ئەبێ ئاگاداری ئەوەش بیت ، کە چالاکییەکەی ئەو پیاوە ئەبێ بە جۆرێك بێ، کە بتوانێ هاوکات بیری لەلای تۆش هەبێت، بۆ نمونە پاککردنەوەی مێزی چێشت خواردن پاش نان خواردن، یان کاتێك بێ ئامانج کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ئەگۆڕێ، ئەمانە هەموویان کۆمەڵە لایەنێکی باشن لەم زەمینەیەدا.



بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکان هەرچەندە ئەتوانن گفتوگۆکانتان بۆ نمونە کاتێك لە بینینی فلیمێك کە لە سینەمادا دێنەوە و هەردوکتان چێژتان لێ بینیوە دەست پێ بکەن، ئەگەر ئەو



بەرانبەر بە تۆ هەست بە نزیکی بکات، ئەوا بە سۆزێکی زیاترەوە دەربارەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ تۆدا قسە ئەکات.

**سێیەم خاڵی گفتوگۆ/ وشەکان بە وردی هەڵبژێرن:**

ئەتوانرێ بە هەڵەیەکی زاری ببێتە هۆی لەناوچون و نقومبونی کەشتییەك، هەر بۆیە زۆر وریایی قسەکردنی خۆت بە.

سود لە زمانە ئەملا و ئەولاییەکان وەرمەگرە، کاتێ پیاوێك دەستەواژەی "ئێمە ئەبێت پێکەوە قسەبکەین" ئەبیستێ، وا هەست ئەکات ئەکەوێتە بەر شالاوی ڕەخنە ، کاتێ بە ئەو ئەڵێی "وائەزانی پەیوەندیی ئێمە ئەگاتە کوێ؟" حاڵەتی بەرگری ئەگرێتە خۆی، لە بری بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەستەواژانە، ئەتوانن ڕستەگەلێکی پۆزەتیف بەکاربهێنن، تاوەکو ئەویش بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە.

باشترین هونەر ئەوەیە ، بەجۆرێك ئامانجەکانت بخەیتەڕو، کە لە چوارچێوەی حەز و ئارەزوی دەزگیرانەکەتدا بێت، ئەتوانی دەستەواژەگەلێك وەك "من خەریکبوم بیرم لە بارەی پەیوەندییەکەمان ئەکردەوە ، من واهەست ئەکەم، کاتێك پێکەوەبین خۆشحاڵم ، لەبەر ئەوە خۆشم ئەوێی و پەیوەندییەکەمان جدی تر ئەبێ ، ڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟" بەکاربهێنە، بە دەربڕینی ئەم وشانە دەزگیرانەکەت وائەزانی ، کە ڕای شەخسی خۆی لای تۆ گرنگی هەیە و ناچار نییە ئەو وەڵامەی تۆ چاوەڕوانی بیستنی ئەکەی بیهێنێتە سەر زمان.

ئاڕاستەیەکی تر فێرمان ئەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکانماندا "ئامانجدار ، ڕاستەوخۆ ، ڕون و بە ئاوەزەوە" گفتوگۆ بکەین،



بەکارهێنانی ئەو وشانە دو پاڵۆن وەکو "من هەست ئەکەم ، من نیازم وایە..." ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نەتوانێ بە باشی درك بە مەبەستەکەی تۆ بکات، هەروەها سودوەرگرتن لە وشەی (من نیازم وایە) تۆ وابەستەی ئەو ئەکات و ئەم مەسەلەیەش خۆی خاڵێکی خراپی گەورەیە.

ئەگەر ئەو وەڵامەی خۆت مەبەستتە لە ئەوەت وەرنەگرت ، نابێت زۆر بەخێرایی کاردانەوەت هەبێ و خۆت تورە و سەغڵەت بکەی ، بەڵکو ئەبێت هەمیشە ئارامی خۆت بپارێزی و کارێکی وەها نەکەی، ئەو بیروبۆچونی خۆی بگۆڕێ، لە بری ئەم کارە پێکەوە کۆك بن ، کە ئەم بابەتە لە چاوپێکەوتنێکی تردا زیاتر شی بکەنەوە و لێی بکۆڵنەوە و لەو کاتەش کە ماوەتەوە زۆرترین چێژ وەربگرن، هەوڵبدەن هاتوچۆ و هاموشۆی ئەو کەسانە بکەن کە خێزاندارن، بۆ ئەوەی ئەو تێڕامانە هەڵەیە کە لەگەڵ دەستپێکردنی هاوسەرگیری و ژیاندا کۆتایی پێ دێت لە مێشکی ئەودا بسڕێتەوە، کاتێك وادەی گفتوگۆ دێتە پێشەوە، ئەبێ لە پێشدا ئەو لە مەبەستەکانی خۆت ئاگادار بکەیتەوە.

**چوارەم خاڵی گفتوگۆ/ بەڵێننامە ببەستن:**

کاتێك هەردولا لەسەر دەربڕینی هەستی زۆرتر و پێشکەوتن لە پەیوەندیدا کۆك بون ، بە هێواشی قۆناغێکی تر دەست پێ بکەن، بە درێژایی ئەم ماوەیە هاوسەرەکەتان بە ئەندازەی پێویست بواری هەیە، تاوەکو زیاتر لەسەر بڕیارەکەی بیر بکاتەوە و بگاتە ئەو ئەنجامەی کە بڕیارێکی دروستی داوە، پاش ئەوەی ئەم پەیوەندییەی



ئێوە هەندێك گەرمتر بو وردە وردە ئەو وەکو دەزگیرانت بناسێنە بە ماڵەوە و خزمان و هاوڕێکانت، بەڵام ئەگەر بە خێراییەکی زۆر ئەم کارە ئەنجام بدەی ، ئەو کەمێك ئەشڵەژێ و هەتا ئەگەر حەزیش بکات دیسانەوە وا بە باش دائەنێ لەم هەمو مەسەلانە دوربگرێ، هەوڵ مەدە زۆر خێرا کەلوپەل و شتومەك بگوازیتەوە بۆ شوێنی ژیانی، لە بری ئەم کارە ڕیکلامی ناو ڕۆژنامەکان ئەوانەی دەربارەی کڕین و فرۆشتنی مولکن بهێنە و پێکەوە بۆ خانویەکی گونجاو بگەڕێن، بەم کارە ئەو واهەست ئەکات لە پەیوەندیدا بە ئەندازەی تۆ پشکی هەیە.

ئەبێت ئاگاداری ئەوە بیت ، کە هێواشی بە واتای دابەزین نییە، بۆ نمونە ئەگەر هەردوکتان کۆك بون لەسەر ئەوەی کلیلەکانی ماڵەوە بدەنە یەکدی، ئەگەر مانگێك بەسەر ئەمەدا تێپەڕی و ئەو هیچ کارێکی لەم زەمینەیەدا نەکرد، ئەبێت بزانیت ئەو خەریکی کات کوشتن و بە فیڕۆدانە، ئەگەر بەڕاستی لەم هەلومەرجەی ئێستای خۆت ماندو بوی ، ئەتوانی بە ئاسانی خودا حافیزی لێ بکەی.

لەوانەیە ئەمە ئەو کۆتاییە خۆشە نەبێت ، کە هەموان بەدوایدا ئەگەڕێن ، بەڵام ئێستا بە ئاسانی ئەتوانن ئەو کەسەی کە بە شوێنیدا ئەگەڕێن و ئەویش ئامادەیی تەواوی بۆ دەستپێکردنی ژیانی هاوبەش هەیە بدۆزنەوە.

**سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە**






***تابلۆ ئومێد یەکێك بو لەو کچە بەشداربووانەی کە لە بەرنامەی کوردستار٢ ئەمساڵدا بەشداری کرد و توانی پلەی سێیەم بەدەست بێنێت لەناو نزیکەی ٥٠٠ کوڕوکچی کوردستاندا. تابلۆ ئێستا لە پشودایە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تاقیکردنەوەکانی پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواوکردووە ، تەنها چاوەڕوانی ئەوەیە ئەو قۆناغە ببڕێت و بەرەو قۆناغێکی تری خوێندن دەست پێبکات. بەم بۆنەیەوە گۆڤاری گیرفان خەڵاتی ئەم ژمارەی خۆی بەخشییە تابلۆ و وەکو خۆی وتی" ئەم دیارییەی ئێوە لە جێگەی هەمو شتێکە بۆ من و هیوادارم گۆڤارەکەتان نمونە بێت و بتوانن بەگیانی لێهاتوییەوە برەوی زیاتری پێبدەن" . هەر لە وێنەشەوە تابلۆ دەرگای واڵاکرد بۆ گۆڤاری گیرفان ، تاوەکو چەند پرسیارێکی لێبکەین دەربارەی کاری هونەری و چۆن هەنگاوی بۆ ئەو کارە ناوە ، بۆیە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.***

***ئامادەکردنی: دەشتی ئەنوەر***

***گۆڤاری گیرفان: بەرنامەی کوردستار٢ ی ئەمساڵ یەکێکبو لە بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات ، دوای بەشداریکردن و بەدەستهێنانی ئەو پلەیە هەستت بەچی کرد؟***

تابلۆ: بەڕاستی بەرنامەی کوردستار٢ بەرنامەیەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بچنە ناو دنیای هونەرەوە ، ئەگەر بەشداری تێدا بکەن ، بەتایبەت بۆ ئەو کچ و کوڕە تازە پێگەیشتووانەی کە





دەیانەوێت برەو بە کاری هونەری بدەن و لە سەرەتادان ، دوای ئەو بەرنامەیە و ئەو پلەیە کە بەدەستم هێناوە ، هەوڵدەدەم درێژەی زیاتر بە کارە هونەرییەکانم بدەم و ئیش بۆ زیاتر سەرکەوتنی خۆم بدەم ، بەڵام ئەوەی ئێستا کە مابێتەوە و چاوەڕوانی بکەم ، تەنها خوێندنەکەمە ، چونکە ئەمساڵ لە پۆلی سێیەمی ناوەندیم و تاقیکردنەوەکانم تەواو کردووە و چاوەڕوانی نمرەکانم.

***گۆڤاری گیرفان: ئایا بەرنامەی کوردستار٢ تۆی بە خەڵکی ناساند ، یان دەنگە خۆشەکەی خۆت؟***

تابلۆ: بەرنامەی کوردستار٢ کاریگەریی زۆری بۆ من هەبو لە ڕوی ناساندنەوە ، چونکە من لەو بەرنامەیەوە زیاتر ناسرام ، هەمو کوردێك لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان منیان بینیوە ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ، من هەر لە مناڵییەوە ئیشی هونەریم کردووە ، چونکە



کاتێك مناڵبوم لە تیپی هونەری مناڵاندا گۆرانیم وتووە ، بۆیە لەماڵەوەش هەمیشە بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو بۆ کارەکەم بدەم ، هەمیشە هاوکاریم دەکەن و سوپاسیان دەکەم.

**گۆڤاری گیرفان: پێش دەستپێکردنی هەر بەرنامەیەك کە خۆت بۆ گۆرانی ئامادەدەکرد هیچ دڵەڕاوکێیەکت هەبووە یان بترسی لەوەی کە لە قۆناغێکدا دەرنەچیت؟**

تابلۆ: هەمو شتێك لەسەرەتاوە ترسی هەیە ، بەتایبەت لە بەرنامەیەکی وەکو ئەم بەرنامەی کە من بەشداریم تێداکرد ، بەڵام بەرنامە لەدوای بەرنامە و گۆرانی لەدوای گۆرانی ئەوەندە ترسم نەدەما ، تا لە ئەنجامدا گەیشتمە ئەو ئاستەی پلەی سێیەمم بەدەستهێنا.

**گۆڤاری گیرفان: تۆ تا چەند لەگەڵ دنیای هونەریدا تێکەڵاوی و ئاشنایەتیت لە بواری میوزیکدا هەیە؟**

تابلۆ: من لە منداڵییەوە کاری هونەریم بەلاوە جوان بووە ، چونکە بەهرەیەك بووە حەزم لێکردووە ، بەتایبەت بواری مۆسیقا ، چونکە بەدەر لەوەی من گۆرانی بێژم ، لەگەڵ ئەوەشدا ژەنیاری کەمانچەم لەگەڵ چەند ئامێرێکی تری بواری مۆسیقا.

**گۆڤاری گیرفان: لەدوای ئەو بەرنامەوە هەست بەچی دەکەیت؟**

تابلۆ: هەمو کەس کاتێك پلەیەکی وەکو ئەو پلەی من بەدەست دێنێت ، بەدڵنیاییەوە خۆشییەکی زۆری لادروست دەبێت ، بەتایبەت بۆ من ، چونکە بەم تەمەنە بچوکەوە من توانیبێتم ئەو پلەیە بەدەست بێنم ئەوا گەورەترین سەربەرزییە.



**گۆڤاری گیرفان: کەمی کچان لەو بەرنامەیەدا چۆن دەبینی؟**

تابلۆ: لەڕاستیدا بونی کچ لەو بەرنامەیەدا گرنگە ، ئەو کچانەش کە بەشدارییان لە بەرنامەکەدا کردووە ، کە نەیانتوانی بگەنە ئەو ئاستە ، مانای ئەوە نییە ئیتر بێ ئومێدبن ، بەڵکو دەبێت تێبکۆشن بۆی ، بۆ ئەوەی بتوانن لە ئایندەی تردا سەرکەوتوبن.

**گۆڤاری گیرفان: لەدوا بەشداری تۆدا بینیمان کەسێکی نزیکت هێندە گریا ، هەتا دوا کات زومی کامێراکەی لەسەر بووە ، ئایا ئەو گریانە لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

تابلۆ: ئەوەی ڕاستی بێت ، من دڵم پڕ نەبووە و نەشگریاوم بۆ ئەوەی کە نەمتوانی پلەی یەکەم بەدەستبێنم لە بەرنامەکەدا ، بەڵام ئەو کچەی کە لە دەرەوە دەگریا ، لەڕاستیدا من نەمدەناسی و



کەسێکی دەرەوە بو ، بەڵام ئەو کچە کاریگەریی لەسەرم بو ، چونکە خەریکبو بمکاتە گریانەوە.

**گۆڤاری گیرفان: کێ زۆرترین هاندەرت بووە ، بۆ ئەو بەرنامەیە چ لەپێشدا و چ لە دوای ئەو پلەیە؟**

تابلۆ: ئەوەی ڕاستی بێت لەدوای بەرنامەکەوە هاندەرم زۆر بووە ، چونکە ماڵەخاڵم و ماڵە پورم زۆر هانیان داوم ، لە خوێندنگەش خوێندکار و هاورێیەکانم زۆر هانیانداوم ، هەروەها کاک ئاوات سەرۆکی شارەوانی چوارتا زۆر هانیدام ، بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لەم بەرنامەیەدا ، ئەنجا خەڵکی شارەکەش زۆر پیانخۆش بو و دڵیان دەدامەوە ، بەوەی کە من گەیشتومەتە ئەو ئاستە و زۆریان پێ خۆش بو.

**گۆڤاری گیرفان: دیاریی گۆڤاری گیرفان چی هەستێکت لادروست دەکات؟**

تابلۆ: ئەم دیارییە بۆ من گەورەترین شتە ، ئەم دیارییەی ئێوە بە جوانترین دیارییە و جێگەی هەمو شتێکە بۆ من ، هیوادارام گۆڤارەکەتان جێگەی متمانەی خەڵکی و خوێنەر بێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارام هەموتان بە گیانێکی دڵسۆزانەوە هەوڵ بۆ گۆڤارە خنجیلانەکەتان بدەن.



# بۆ زانیاری

ئامادەکردنی / باوکی سۆز

○ **ئایا دەزانیت زانست دوپاتی کردۆتەوە ، کە پێنج ڕاستی هەن ناکرێن بگۆڕدرێن ، یا دەستکارییان بکرێت ، ئەو ڕاستییانەش بە تاقیکردنەوەی زانستی ئەنجامدراون و هەمو کەسێك ئەتوانێت تاقی بکاتەوە:**

١.زۆر ئەستەمە یا هەر مەحاڵە کە مرۆڤ بتوانێت زمانی بهێنێتە سەر هەمو ددانەکانی .

٢.ئەزانی تۆ کەسێکی ساویلکەیت، چونکە هەستایت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە ..!

٣.هەرچەندە ئێستا تۆزێك تورەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێئەکەنیت.

٤.تۆ کەسێکی فزولیت، ئەوەتا تا ئێستاش خەریکی خوێندنەوەی، تا بزانی چیتر هەیە.

٥.لە کۆتاییدا دڵنیام کە ئەم بابەتە بە هاورێکانت دەڵێیتەوە ، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو تۆیان لێبێت.

○ **بۆ ڕۆژی ڤالانتاین:**

- بە چپەوە قسە بکە، ئەو کاتەی کە باسی خۆشەویستی



دەکەیت .. (ولیەم شکسپیر)

- ڕەنگە هاورێیەتی گەشە بکات و ببێتە خۆشەویستی، بەڵام قەت خۆشەویستی ناگەرێتە دواوە ، بۆ ئەوەی ببێتە هاورێیەتی ... (بیرۆن)
- خۆشەویستی وەکو جەنگ وایە .. بە ئاسانی هەڵدەگیرسێت، بەڵام بە ئەستەم دەگیرسێتەوە (بیرۆن ) .
- ڕەنگە خۆشەویستی لە وشەیەکەوە لە دایك ببێت، بەڵام قەت بە وشەیەك نامرێت.
- خۆشەویستی کوێرە. (ئەفلاتۆن)
- خۆشەویستی چییە جگە لە شێتی نەبێت. (شکسپیر)
- خۆشەویستی بەهاری ئافرەتە و پایزی پیاوە. (هیلین رۆناڵد)
- خۆشەویستی : فرمێسك و بزمیە. (جبران)
- ئەگەر ئافرەتێکت خۆشویست پێی مەڵێ (خۆشتم دەوێت)، چونکە ئەو قسەیە وا لەو ئافرەتە دەکات ، بیر لە کۆنترۆڵ کردنت بکاتەوە. (کلارك جیبل)
- ئەگەر بیستت ئافرەتێك پیاوێکی هەژاری خۆش دەوێت، ئەوە بزانە کە ئەو ئافرەتە شێتە یا بچۆ بۆ لای پزیشکی گوێ ، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە بیستنت سوکە ..(برۆنلی)
- خۆشەویستی خەیاڵە، واتلێدەکات کە وابزانێت ئافرەتێك هەیە جیا لە ئافرەتانی تر ..(منکن).
- خۆشەویستی لە چاوانەوە دەچێتە ناو دڵی پیاوەوە، بۆ دڵی ئافرەتیش لە گوێچکەیانەوە.

○ **ئایا دەزانیت؟**

•ولآتی ئوغەندە تەنها ولآتە ، کە لە مانگی ڕەمەزاندا و لە هەر چوار وەرزی ساڵدا کاتی بەربانگکردنەوەی تێدا ناگۆڕێت، ئەویش بەهۆی شوێنی ولآتەکەوە ، کە دەکەوێتە سەر خەتی ئیستیوا و درێژی شەو و ڕۆژ بە درێژایی ساڵ وەکو یەك وایە.

•چیرۆکی ئەفسوناى و هەندێك بابەتی نا ماقوڵ پێی دەوترێت (خورافە) و ئەو ناوش دەگەڕێتەوە بۆ (خورافەی بەنی عوزرە) ، کاتێك خۆی شاردەوە بۆ ماوەیەك و دواتر گەڕابووەوە و وتبوی دێو و جنۆکە ڕفاندومی دەستی کردبووە گێڕانەوەی چیرۆك و قسەی سەیر ، کە کەس باوەڕی پێنەکردبو.



# خوێندەوەیەك بۆ چەند کتێبێك

**خوێندنەوەی: گۆڤاری گیرفان**

**( ڕوبەڕوبونەوەی شارستانیەتەکان )**




ئەم کتێبە لە لێکۆڵینەوەی ( دکتۆر ئیبراهیم قاسم دەرویش پالآنیە) بەناوی (ڕوبەڕوبونەوەی شارستانیەتەکان) هانتنغتون - کە لێکۆڵینەوەیەکی جیبۆلیتیکییە و قەبارەی ئەم کتێبە بریتییە لە (١٧٠) لاپەڕە ، هەروەها پێکهاتووە لە چەند تەوەرێکی جیاجیا ، لەوانە:

بەشی یەکەم/ لە تێڕوانینی جوگرافیای شارستانیەتەکان.

بەشی دووەم/ تیۆری هانتنغتون و ئامانجە جیپۆلیتکیەکەی.

بەشی سێیەم/جیهانی ئیسلام و ڕوبەڕوبونەوەی شارستانیەتەکان.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بریتییە لە پرۆژەی دیالۆگی شارستانیەتی دواڕۆژی جیپۆلیتیکی ، شایانی باسە ئەم کتێبە کۆمەڵێکی بەرچاو نەخشەی ولآتانی لەخۆ گرتووە و لە گەڵ ناوی زۆر لەو ولآتانەی کە کاریگەری و خاوەن مێژوی شارستانیین و دواتریش باس لە چەمکی تێگەیشتنی دیالۆك دەکات و گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە ، کە زۆر بە وردی و باس لە داتا و ژمارەی ولآتان و زمان و ڕۆڵی کەسایەتییە زاناکان دەکات ، لە باسێکی تری ئەم



لێکۆڵینەوەیەدا باس لە گرنگی ئابوری ولآتان و جوگرافیا و لێکدانەوەی باری ڕۆشنبیری ئەو سەردەمانە دەکات ، ماوەتەوە بڵێین ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە زمانی عەرەبی نوسراوە و سەرچاوەکانی نێو ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر سەرنج ڕاکێشن ، کەوا لە خوێنەر دەکات هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو سەرچاوانەش بدات ، کە لەم کتێبە بەکارهاتووە ، واتە نوسەر و ئامادەکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بە وردەکارییەوە ئامانج خۆی پێکاوە ، هەروەها سەنتەری کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە و ژمارە (٦٥٨) ٢٠٠٨ مۆڵەتی ئەم کتێبەیە و لە دوتوێی بەرگێکی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگدا بە چاپ گەینراوە و دانەیەکیشی بە دیاری گەیشتووە بە (گۆڤاری گیرفان).

* * *

**( سوتان بە بۆنی بارانی نامۆبوون )**




کۆمەڵە تێکستێکە لە دوتوێی کتێبێکدا و لە نوسینی شاعیر و ڕۆژنامەنوس ( تەها سلێمان)ە ، کە بە شێواز و جۆرێك لە جۆرەکانی تر و بە شێوەی تێکست و لە زمانی خودی کەسانی نێو کارەساتی ئەنفال و لە دارشتنەوەیەکی نوێدا و بە هێمنی دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکی ئەخلاقی بەرانبەر بە ئەنفال و وردەکارییەکانی نێو ئەم کارەساتە ، هەروەها ئەم کۆمەڵە



تێکستە جگە لە ڕێتمی دارشتنی ئەدەبیات ، لە لایەکی تریشەوە هاتووە بە زمانی تایبەتی خەڵکی ناوچەکە خۆیەوە دەپەیڤێ ، واتا بە زمانی (نامق ـ مەحمود ـ زەینەب ـ تەقی ـ لالە ـ مەلا ئەوڕەحمان ـ هەنار ـ فەزیلە ـ مام چاوشین ـ گوڵستان ـ ئاواز ـ غوربەت ـ نیعمەت ـ نازنیین ـ خەلیل ـ ئافتاو ـ ڕێزان ـ فارس ـ فەسیح ـ فانۆس ـ نەزیرە ـ کوێستان ـ زەکییە ـ شوکریە ـ سوعاد ـ ئاسکە ) و چەندینی تر قسە دەکەن ، ئەمەش سادەیی و بێتاوانی لە هەر وشەیەکی ئەم گێڕانەوەی نێو ئەم تێکستە دەبینی ، جگە لەوەش کە خوێنەر کاتێك دەچێتە نێو خوێندنەوەی ئەم تێکستانە بۆی دەردەکەوێ ، کە نوسەری ئەم کتێبە خودی خۆی ئاگایی و کاریگەریی ئەنفالی زۆر لە سەرە و خۆیشی بەر کەوتەی ئەو کارەستەیە کە پێی دەڵێن ئەنفال ، بەگشتی ئەم کۆمەڵە دەقە دەمانباتەوە بۆ کۆیی حیکایەتەکانی بەر کوانوی کۆمەڵگەی کوردەواری و ژیانی ڕۆژانی بەر لە ئەنفال و کارەساتی ئەنفال ، لە کۆتایی بەرگی ئەم کتێبەدا هاتووە ، کە نوسەر خاوەنی (١١) بەرهەمی کتێبی ترە و ئەم کتێبەش لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوکە و زنجیرە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەرکەوتووە و لە چاپخانەی (ئاپەخا) بە چاپ گەینراوە و لە ڕوی زمانەزانییەوە شاعیری گەورەی کورد مامۆستا فەرهاد شاکەلی پێداچونەوەی لە ئەستۆ گرتووە و نەوزاد شێخانی سەرپەرشتی ئەم کتێبەی کردووە و دیزاینی ناوەڕۆك وبەرگ (محەمەد مەهدیە) و دانەیەکیشی گەیشتووە بە (گۆڤاری گیرفان)..

## ( پرسی ئەنفال و گفتوگۆیەکی کراوە؟ )



کتێبێك بە ناونیشانی ( پرۆژەیەك بۆ شکاندنی بێدەنگی لە سەر پرسی ئەنفال) کە گفتوگۆیەکی کراوەیە لەگەڵ نوسەر و روناکبیر (کازیوە سالح) رۆژنامەنوس ، (هاوڕێ تەها سلێمان) ساز و ئامادەی کردووە لەگەڵ نوسەری ناوبراو ، ئەوەی پێویستە لەسەر ئەم کتێبە بوترێ ئەوەیە کە خەمەکانی ئەنفال هێندە زۆر و گەورەن لە ئاستی دەیان جۆری تری هاوشێوەی لەم پرۆژەیەن ، کە هاوڕێ تەها سلێمان بەوپەڕی پشو درێژییەوە کاری لەسەر کردووە ، چونکە بۆ کەسێك کە بیەوێت لە ئاوا پرۆژەیەکدا و لە جۆری کارەسات و پرۆسەی جینۆسایدی کورد شتێکی لەم جۆرە بکات و کەسی دووەمی وەڵامدەریش لە دەرەوەی وڵات ، کە ئەویش خاتو کازیوە سالحە بتوانن کۆی پرسیار و وەڵامەکانیش بەم ئاستە بگەیەنن و لە دوتوێی کتێبێکی خنجیلانەدا بە چاپ بگەیەنرێت، مایەی دڵخۆشییە و جۆرێکی تری کارکردنە بۆ زیاتر وروژاندنی پرسە هەنوکەیی و گرێ کوێرییەکانی دوێنێ و ئێستا و ئایندەی ئەنفال ، دەکرێ لێرەدا حەقیقەتێك لە بارەی ئەم دو نوسەرەوە بڵێین و بەبێ ڕەتوش و دور لە هیچ مەبەستێك کە هەمو کەسانێك ناتوانن لە پرۆژەیەکی ڕەخنەئامێزدا و لەسەر ئەنفال حەقیقەت بەرهەم بهێنن ، بۆیە دەمەوێ بڵێم ئەوا ئەو کەسانە دەتوانن کاری



وابکەن کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن و بێ مەبەست ویستویانە خزمەتێکی ئەگەر بچوکیش بێت بە کێشەی ئەنفالی بکەن ، بە گشتی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەیان پرسیاری جۆراوجۆری لەسەر پرسی ئەنفال لەخۆگرتووە و لە پێشەکی لەلایەن هەندرێنەوە بۆ نوسراوە و لە کۆتایی ئەم کتێبەدا ژیاننامەی نوسەر و روناکبیر (کازیوە سالح)ی لەخۆگرتووە و ئەم بەرهەمە لە لایەن رۆژنامەی (رێگای کوردستان)وە بە تیراژی (٥٠٠) دانە و (١١٢) لاپەڕە بە چاپ گەیاندووە.

* * *

## ( ٤٥ شاعیری کۆنی گەرمیان لە دوتوێی کتێبێکدا )




لە ژێر ناونیشانی (گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان) لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی برای نوسەر و شاعیر (ساڵح هەلاج)ە ، کە وەك لە پێشەکی خودی نوسەردا هاتووە ناوبراو دەمێکە کون و قوژبنی شوێنان گەڕاوە لەگەڵ ئەرشیفەکانی خۆی ، تا ئەم کتێبەی لێوە بەرهەمهاتووە ، هەروەك (هەلاج) دەڵێ: مەبەست لە کتێبەی شیعری شاعیرانی گەرمیان زیاتر هەوڵێکە بۆ پاراستنیان و لەلایەکی تریش ئاشناکردنی شیعر و شاعیرانی کۆنی ئەم دەڤەرەیە بە ئێستا و داهاتووە ، شایەنی باسە ئەم هەوڵەی شاعیر (ساڵح هەلاج)یش بێگومان یەکێکە لەو هەوڵانەی تر کە



زمانی شیعر و ئەدەبیاتی سەردەمێکی کۆن دەگەیەنێ بە ئەمڕۆ و پێمان دەڵێ: ئەوە شاعیر و ئەدەبدۆستانی ئەم دەڤەرە بە سوتماکەیەکە بە نەمری وەك ئەستێرە بە ئاسمانی گەرمیان و کوردستانەوەن و بە شیعرەکانیان ئەمڕۆ لەگەڵمان دەژین ، لەلایەکی تر کاتێك ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە ، ئەوکات هەست دەکەی کە گەرمیان و گەرمیانییەکان چەند تامەزرۆی نەتەوایەتی و هەستی نشتیمانپەروەریان تێکەڵ بە شیعرەکانیان بووە و تا ئەندازەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیاندا ژیانی ئەوکاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەب دۆستیمان بۆ دەردەخات ، ئەم کتێبە شیعرە جگە لەوەی پێکهاتووە لە (٤٥) شاعیر و ژیاننامەکانیانی لەخۆگرتووە ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك سەرچاوەی بەرچاوی بەکارهێناوە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی کارەکەی و بۆ ئاسانکاری خوێنەریش لە کۆتاییەکەیدا فەرهەنگێکی خنجیلانەی ئامادەکردووە ، ئەمەش هاوکاری خوێنەر دەکات ، تا باشتر لە وشە و زمانی ئەوکاتە بگات.
شایەنی باسە ئەم کتێبە لە لایەن کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوکەوە بە چاپ گەیەنراوە و کۆی لاپەڕەکانی (١٦٨) لاپەڕەیە و زنجیرە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەرکەوتووە و دانەیەکیشی بە دیاری گەیشتووە بە گۆڤاری گیرفان.



# فائق و ویژدان..

**نوسینی: سەرنوسەر**



ئەوەی دەمەوێ لە سەری بدوێم و قسەی لەسەر بکەین و زیاتریش لەمە هەڵدەگرێ و پەیوەستە بە ئاستی مرۆڤبونەوە ئەویش (ویژدانە)، واتە مرۆڤ ئەگەر ویژدانی لێدامالێ لە مرۆڤبون دەکەوێ و کۆی ژیانی مرۆڤەکانی تریش توشی ئاستەنگ و کێشە و گرفتی جۆربەجۆر دەبنەوە ...
پەیوەستبونی مرۆڤیش بە ویژدانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ و مرۆڤیش لە ژێر هەر کاریگەرییەکی (ئاینی یا مەزهەبی یا ئایدیالۆژی فیکری و یا هەر کاریگەرییەکی تر بێت)، جۆرێك لە جۆرەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی (ویژدانە) وە و هەر ئەم ویژدانەش لە ناخی مرۆڤدا جێگیر دەبێ و لێرەوە ئاکار دەبێتە بنەمای مرۆڤبون و ژیان دۆستی، بۆیە من دەمەوێ کار لەسەر ئەو قسانەی مرۆڤێکی کەم ئەقڵی نێو شاری کەلار بکەم، کە بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانیین ئەم مرۆڤە روخسار شێواوە هێدی هێدی بە قسەکانی سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێ و ئەو قسانەش کە دەیکات هەریەکەیان ماناى جوانی مرۆڤبون دەبەخشێ، کە ڕەنگە ئەوانەی



فائق.. شێتێكی عاقڵ / فۆتۆ: ساڵح هەلاج

كە زۆر جار گەمەی پێدەكەن، دەیان ساڵی تر پەی بۆ شتە گرنگەكان نەبەن كە لە پڕتاو لە دەمی (فائق) دەردەچێ.

لەم جارەشدا قسە لەسەر چەند وتە و هەڵوێستێكی گرنگی (فائق) دەكەین، كە زۆر پەیوەستە بە ژیانی هەموانەوە، با بزانیین چیمان پێدەڵێ: سەر لە بەیانییەكی زو كە خاوەن دوكانەكانی نێو شاری كەلار سەرقاڵی دەرهێنان و ڕێكخستنی شتومەك و كاڵاكانی خۆیان دەبن وەك هەر بەیانییەكی تر، هەمویشمان دەزانیین زۆری ئەو دوكاندارانەش بەیانیانی زو بە دەم ئیشەوە ڕادیۆ یان تەسجیلەكانیان دەخەنە سەر قورئان، كاتێكیش فائق بەو گوزەرەدا تێپەڕ دەبێ برادەرێكیش پرسیاری لێدەكات و دەڵێ (ها) فائق چییە دەنگوباس؟ فائقیش دەڵێ دەنگ و باسی چی گوێ بگرە، هەرچی



دوكانەكانە بە دەنگی بەرز قورئان لێدەدەن، كەچی پاش نیو كاتژمێر تر تەواو ڕۆژ بویەوە و بازاڕ كرایەوە دەست دەكەن بە قۆڵ بڕینی خەڵك، گرنگی ئەم قسەیە ئەوەیە بەرز بونەوەی بازاڕ كە ئەمڕۆ بوەتە كێشە بۆ هەمو خەڵك، ئەگەر بەشێكی زۆری لە ئەستۆی حكومەت بێت، ئەوا بەشەكەی تری لە ئەستۆی خەڵك خۆیەتی، كە لە بازاڕدا بێ ویژدانییەكی زۆر گەورە توشی ئەم میللەتە بووە، كە لە بچوكترین كاروكاسبیدا بە چەند قات و بە شێوەی نرخی گران شتومەك و كاڵا دەفرۆشن بە هاوڵاتیانی خۆمان، ئەم حاڵەتەش زۆری بازرگان و دوكاندار و زۆر بواری تری ئەم وڵاتەی گردۆتەوە،لێرەوە بە ئاشكرا غیابی ویژدان و دابەزاندنی بەرەو ئاستێكی دیار هەست پێدەكەین لەلایەن خودی مرۆڤەوە، كە ڕۆژانە هەمومان هاوارمانە لە دەستی ئەم دیاردەیە، بۆیە فائق بە هەمومان دەڵێ: (مادام ویژدانی مرۆڤ خەوتووە، قورئان لێدان لە پای چی؟ یان پێمان دەڵێ قورئان لێمەدەن و قۆڵی خەڵكیش مەبڕن).

هەر ڕۆژێكی تر لە دوای عەسرێكی درەنگ لە نێو بازاڕی كەلار بە تیژڕەوی چاومان بە فائق كەوت و دو لایلۆنی گەورە بەسەر شانییەوە بو، وتمان فائق ئەوە چییە؟ بۆ وا شپرزی؟ وتی: (چیبكەم، ئەو خەڵكە شاریان پیس كردووە و زباڵەكانیان فڕێ دەدەنە سەر جادەكە، بۆیە من كۆم كردەوە و دەیبەم بۆ (حاوییەكان) )،ئەمەش جیگەی تێڕامانە لەو كەسانەی كە خۆیان بە ئاقڵ دەزانن و شار پیس دەكەن و هەست ناكەن دانشتوی ئەم جێگایەن و شتەكانی پاشماوەی دوكانەكان فڕێ دەدەنە سەر جادە و نێو بازاڕ، كەچی فائق



بە هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی بە كۆڵ ئەو شتەپیسانە فڕێ بدات، كە پاشماوەی ئەو خەڵكە عاقڵەیە و ڕەنگە زۆریشیان لاف و گەزافی سەیرە و سەمەر لێبدات، دیسان من وای دەبینم، ئێمەی بەناو عاقڵ هیشتا نابینایین و نامانەوێ شتە جوانەكانی ژیان ببینین یان جوانییەكان جوانتر بكەین و خراپەكانیشمان باشتر بكەین، كە دو هێڵی گرنگی هەر كۆمەڵگەیەكە تا پێشبكەوێ، بۆیە من وای دەبینم جوانییەكی جوانتر لە ناخی فائقدا هەیە و پێیشم وانییە جوانی مرۆڤ لەپۆشتەیی جلەكانیدا بێ، بەڵكو جوانی مرۆڤ لە ناخ و ویژدان و هەستكردنە بە بەرپرسیاریەتی بەانبەر بە خاك و وڵات و كۆمەڵگەكەی، ئیتر ئەو مرۆڤە لە هەر ئاستێكدا بێت، گرنگ ئەوەیە چۆن دەتوانیین بە قەد فائق بیربكەینەوە و ویژدانی خۆمان ئاسودە بكەین و شاری خۆمان پیس نەكەین و پاك ڕایبگرین . لە گەڵ داوای لێبوردنم بۆ ئەو كەسانەی خاوەن ویژدان و پاكی نێو شارن.



(كۆڤاری گیرفان)
ئامادەیە بۆ هەمو جۆرە ڕێكلامێك بەشێوەیەكی جوان و دیزانێكی نوێوە بۆ كاڵاكانتان یان هەر جۆرە بازرگانییەك